# بۆنی بەختەوەریی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی

چاپ و بڵاوکردنەوەی

سلێمانی

# بۆنی بەختەوەریی

محەمەد کوردۆ

**کۆی بەرهەمی شیعریی ١٩٨٦ بۆ ٢٠١٠**

**سلێمانی**
٢٠١٠

کتێبی هەنار ژمارە (٢١)

## بۆنی بەختەوەریی

* نووسینی: محەمەد کوردۆ
* بابەت: شیعر
* پیتچنی: نووسەر
* هەڵەچنی: نووسەر
* نەخشەسازیی بەرگ و ناوەوە: پەیام ئەحمەد
* سەرپەرشتیاری چاپ: کارزان عەبدوڵڵا
* قەبارەی کتێب: 23 ½ × 33
* ژمارەی لاپەڕە: (٣٧٣)
* زنجیرەی گشتیی کتێب: (٧٥٥)
* تیراژ : (٥٠٠) دانە
* چاپ: چاپخانەی ئاوێنە
* نرخ: (٣٠٠٠) دینار
* ژمارەی سپاردنی (١٩٣٧)ی ساڵی ٢٠١٠ی وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوانی دراوەتێ.

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
گردی ئەندازیاران- بەرامبەر کوردستانی نوێ
ژمارەی تەلەفۆن: ٣١٨٠٩٩٤

# شیعرگەلێک
# لە کن خۆیانم گلدەدەنەوە

## سیروان ڕەحیم

کوردۆ، چۆن خۆی یەکێکە لە هاوڕێ نزیکەکانم، ئاوایش شیعرەکانی «زۆربەیان» هاوڕێی گیانی بەگیانی منن. هەندێک لەم شیعرانە هەر لەدوای لە دایکبوونەوە پێیان ئاشنابووم. ڕەنگبێ شیعری وەهایان تێدابێت کە من لەکەسە یەکەمەکانبم بینیبێتم، دواندبێتم و لەکن خۆی گلمیدابێتەوە. ئەم شیعرانە شیعرگەلێکن کە خوێنەر لە لای خۆیان گلدەدەنەوە. لەگەڵ کوردۆ خۆیشـــیدا دیرۆکێکی جوانی هاوڕێیەتیمان هەس، کە لەســـاتە خۆش و ناخۆشـــەکانی، پێکەوەبوون و لێکدابڕانەکاندا باڵای کردووە و هەمیشـــە لە دڵەوە بۆ دڵ هەست و نەست یەکانگیربوونەتەوە. بەڵام ئەم هاوڕێیەتی و خۆشەویســـتییە لە خۆشەویستیمدا بۆ ئەم شیعرانە هاندەر نین. نەخێر، ئەم شـــیعرانە بەجوانی خۆیان، بەنازداری و نیانی

خۆیان هاتونەتە دڵ و دەروونمـــەوە. لە بیر و یادەوەریمدا ماونەتەوە و دەشـــزانم کە لە یەکدانابڕێین. لەگەشتە درێژ و لە دابڕانە قوڵەکاندا، ئەم شـــیعرانە ڕۆحی هاوڕێیەتی کوردۆیان لە لام بەرجەستە کردووە. ئەم شـــیعرانە لە لای من ســـامالّی خۆشەویســـتییەک دەخەملێنن، کە هەرچەندە ســـەرزەمینەکان بگۆڕدرێن، ئەو ســـامالّی خۆشەویستییە ئەوەنـــدەی تـــر قوڵایی لەبارتـــر و دڵگیرتـــری دەبێت. ئەم شـــیعرانە شـــیعرگەلێکن، کە ســـەرتاپایان لە چێژی هونەری باڵا و لە سەلیقەی شـــاعیرانەی پرهەستەوە سەرچاوەیان گرتووە. گەڕانیش بە گوڵزاری ئەم شـــیعرانەدا، گەڕانە بە پێدەشـــتێکدا، کە لێوانلێوە لە گوڵی کێویلە و بەدەم بای وەشتەوە لە سەمای سەرمەدیدان.

ئەم شیعرانەی کوردۆ، شـــیعرگەلێکن کە لە دەمی خوێندنەوەیاندا، دەسەڵاتی خەیاڵی ئەو شـــاعیرانە بە یادەوەری مرۆڤدا گوزەر دەکات کە بەرهەمیان تژە هەستی ناسک، تانوپۆی شیعریان ئەزمونی ڕەنگین و شیعریان ئاوێتەی خودی جوانی کردووە.

خوێندنـــەوەی ئـــەم دیوانە گەشـــتێکە، گەشـــتێکی پڕ ئەفســـوون بـــە دەربەندێکی ڕەنگین لـــە پەیڤی جـــوان، وێنەی دڵگیـــر و خەیاڵی ئارامبەخشدا.

گەشتێک بەو دۆڵ و دەربەندە نەدۆزراوانەدا کە هەموو هەستەکان پڕدەکەن لە شـــنەی خۆشەویستی، خەیاڵ ئاسودە دەکەن و ئۆخژن بە حەزی هونەری دەبەخشن.

# تكا

**بە بەر بارانی لەت و پەتەوە**

**وا دەبم بە ئاو**

**یان بمدەرە بەر هاڵاوی دەمت،**

**یان بمخەرە ژێر چەترەکەتەوە.**

**یان ئەگەر هیچیان بەچاک نازانی**

**بمکەرە ماسی و**

**بمخەرە دەریای ئەگریجەتەوە..!**

١٩٩٦

# گەشت

**وەرە ئازیز گیان**
**بەدەم گۆرانی و پێکەنینەوە،**
**دەمەو بەیانێک وەک دوو جۆگەلە**
**دەڕژێینە کۆشی چەمێ شینەوە،**
**دەبینە هەڵم،**
**خۆمان لە هەورا دەشارینەوە..**
**گەر بێزاریش بووین، گەر نەلوا بۆمان..**
**ئاسانە گیانە،**
**لەگەڵ بارانا**
**دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان..!**

١٩٩٥

# گلەیی

دڵە شەیداکەم وڵاتێک بوو خۆش
دیکتاتۆرێکی نەشمیل و تەڕپۆش
هات لە ناکاوا
بە بەرچاوی گشت خەڵکی دنیاوە
داگیری کرد و
ئاڵای خۆی تێدا بەرزکردەوە،
کەس ورتەی نەکرد،
کەس هێزی لەسەر کۆنەکردەوە..!

١٩٩٥

# پێشنیاز

سڵاو ئەی شۆخی شیرینم سڵاو،
دەردی بێتۆیی واشێتی کردم
خۆشم وەک هۆشم پەرشم و بڵاو
گەر نایەیتەوە شەوێک دێمە لات
بۆ تۆزێ، تاوێ
پرچت بۆسەرم دەکەمە کڵاو
دوای ئەوەی بۆنی دڵداری دەگرم
بۆخۆت بمکەرە شوشەیەک گوڵاو..!

١٩٩٥

# خۆشەویستی

دایکم پێم دەڵێ دەمی منداڵییت
تافێرم کردی لە گڕ بترسێی
«قیر» بوو بە «بەفر»..
ئای من چەند شێتم،
دوای کۆمەڵێ ساڵ
خۆم خستۆتە ناو گڕێ گەورەتر..!

١٩٩٣

# خۆکوشتن

من بۆ خۆکوشتن دوو ڕێگام هەیە:
یان لە بەردەمتا
وەکو تاوانبار
خۆم هەڵدەواسم
بەقەد سێدارەی
بەرزی پەرچەمتا
یان لە پشتەوە،
خۆم دەخەمە ناو دەریای قژتەوە..!

١٩٩٧

# خەیاڵ

لەم چوار دیوارە دێمە دەشتەوە
هەر هەموو ماسی ڕوانینەکانم
دەڕژێنمە چەمی چاوی گەشتەوە،
سەرم دەخەمە نێو باوەشتەوە
بە کزەی بۆنێک ڕوحم کەیل دەبێ،
نازانم بۆنی هەناسەی تۆیە
یان هی فریشتە نازدارەکانە و
خەیاڵ دەیهێنێ لە بەهەشتەوە..؟!

١٩٩٦

# جیاوازی

من وەکو تۆ نیم
تۆ وەکو من نیت
بە پێکەنینت من دادەگیرسێم
بە داگیرسانم تۆ پێدەکەنیت..!

١٩٩١

# بۆن

كە بەيەک دەگەين
«وان»ی چاوانت،
پڕە لە هاژە و جوانی و جریوە..
بۆنێ لە پرچ و لەشت هەڵدەسێ،
هەر دەڵێی خۆتت
بەئاوی خاوی
نێرگز شۆریوە..!

١٩٩٣

# ماڵ[٧]

زۆر مرۆڤ هەبوون بە حەسرەتەوە،
لە ترسی مردن
یان خۆیان سووتان،
یان خۆیان خستە ئاوی شەتەوە..
منیش بۆ ئەوەی
ڕزگاربم لە تۆ،
نیازم وایە وەکو مێخەکبەن،
ماڵەکەم بێنمە ناو سینەتەوە..!

١٩٩٦

# بەهار

**گیانە پێدەچێ**
**کە هەموو شتێک**
**بەهاری هەبێ**
**دار سێوێک هەیە لە حەوشەکەمان،**
**ئێستا بێناز و کز و پەشێوە،**
**بەڵام سبەینێ**
**گشت گیانی سێوە،**
**ئەی تۆ کە کۆچت پاییزە بۆ من**
**بەهارەکەمت خستۆتە کوێوە..؟!**

١٩٩٦

# جگەرە

سەردەمانێ بوو
کە کسپەی ئازار
سینەی بێکینەی توێ توێ دەکردی،
دەمووت ئای خۆزگا
چنگێ گڕ دەبووم
خۆ هیچ نەبوایە
جگەرەیەکم بۆ پێ دەکردی..!!

١٩٩٢

# مێخەکی تەڕ

پرچت خۆرێکی
کپ و ڕەشپۆشە،
لەبەر خاتری دڵ دەردەداران
بەس دایبپۆشە..
وەرە وا هەوری پایز بەجۆشە
خۆت بخەرە بەر
پرووشەی باران
تا بۆنی مێخەک دنیا دابگرێ
ئای بۆنی مێخەک تەڕبێ چەند خۆشە..!

١٩٩٥

# شێتبوون

- چییە عومرێکە
تۆ لە شێت دەچی،
هەمیشە ئەشک لە چاوت زاوە..؟!
- شەمێکم هەبوو نازانم کوانێ،
ئەوە سۆزی ئەو
وەک منداڵ دەستی،
لە خانەکانی ناو سەرم داوە..!!

١٩٩٣

# گڵۆپ

من گڵۆپێکم لێم وردبەرەوە،
دەردی دووری تۆ
خامۆشی کردووم.
دەستم دامانت شەوێک وەرەوە،
بە بەژن و باڵای پەمەیی پۆش و
بە دڵی خۆش و
بەختەوەرەوە
هەڵمکەرەوە..!

١٩٩٦

# شەوانی زستان

شەوانی زستان،
دوو شت زۆر خۆشن:
یەکەمیان گەڕان،
بە دووی ئاگری هەناسەی تۆوە..
دووەم دانیشتن،
بە دیار سووتانی
کەڵە پشکۆوە..!

١٩٩٢

# بێهودەیی

نیمچە عومرێکە
ئەم دڵە شێتەم،
بە دووی ڕێی دڵتا دەسوڕێتەوە..
تۆ ئەدرەسەکەت
غەڵەت داوەتێ،
بۆیە ناتوانێ بیدۆزێتەوە..!

١٩٩٠

# سۆز

- بۆ نانووی باوه، شتێکت دیوه..؟
- ڕۆڵه من ئەمشەو بڕیارم داوه
چەپکێ ئاهی خۆم دەکەم بە دیاری
دەیدەم بە یەکەم تیشکی کازیوه..
- ئەی باوه چاوت،
بۆچ وا شەڵاڵی فرمێسکی زیوه..؟
- ڕۆڵه ئەوه سۆز
لە چەمی چڕی سەرما تەقیوه..!!

١٩٩٥

# شپرزەبوون

زۆرجار ئێواران

کە دەیبینیم و سەرنجی دەدام

شپرزە دەبوون چاوانی مەستی..

ئیتر نازانم

ڕق بوون، یا ناز بوون

یا خۆشەویستی..؟!

١٩٩١

# یادگاری

**وەرە با نەمرم بە ئەفسوسەوە**
**پڕمکە لە نوور**
**بمکە شوشەیەک**
**مەرەکەبی سوور**
**بەو دەست و پەنجە سپی و سۆڵانەت**
**یادگاریێکانتم پێ بنوسەوە.**
**ئاخر بۆ بمرم**
**بەئەفسوسەوە..؟!**

١٩٩٥

# جوانی

جوانێ دەگریا
بە کوڵ دەگریا
لەگەڵ هەناسە و حەسرەت و بریا
دەیوت زۆر دڵم کون کرد بە جوانی
خۆیشم بە جوانی
دڵم کون کریا..!

١٩٨٦

# زەردەخەنە

کچێکی ڕەشپۆش
زەردەخەنەی گەش
لێوی گرتووە
ئاخۆ ئەسپە شێی
خەیاڵی شیرین
بۆ کوێی بردووە..؟!

١٩٨٩

# گڕو گاڵ

گەرچی لە سارای

عیشقا ژیام و

هۆن هۆن ڕژامە سەر دەریای خەیاڵ

بەڵام جێی داخە

نەمدی ژوورەکەم

پڕبێت لە سۆزی نەغمەی گڕوگاڵ..!

١٩٨٧

# بۆ بابا تایەر

١

لەوێ منداڵێ

مۆزێکی پێیە و

بۆ مۆزێکی تر وڕکی گرتووە

لێرەیش منداڵێ

بۆ تیکەیەک نان

فرمێسک چاوی تاپۆ کردووە..!

١٩٨٨

# بۆ بابا تایەر

٢

جوتێ منداڵی گوڵاڵە بەدەن
فریشتە دەروون
دوو پەپولەی پاک،
دوو کانیلەی ڕوون
یەکەم جێخەوی جۆلانەیەکە
خۆش و بەئارام دەلەرێتەوە
دووەم ئاوارەی شاخە و کۆساران
کاتێ دەخەوێت
درک لە گیانیا دەحەوێتەوە..!

١٩٩١

# باڵ

هۆ ئەی شاعیری شەوانە بێدار
وریابە وریا
با سۆزانیەکان
لەتەم و خەمی زەردە گوناها
شەلاڵت نەکەن
دەزانن سبەی
دەبیتە هەڵۆی ئاسمانی شیعر
مەچۆرە لانەی جادوویانەوە
با باڵت نەکەن..!

١٩٨٩

# گوڵی ئازادی

**لەو دیوی ڕۆژی قار و قینەوە**
**ڕۆژێک دەبینم پڕ خۆشەویستی**
**تیایدا قامیشلی شمشاڵ دەژەنێ،**
**مهاباد کورەی شۆڕش گڕ دەدا،**
**سلێمانی خەنە دەگرێتە دەستی..**
**بە بەژنی چیای ئاراراتەوە،**
**گوڵی ئازادی دەم دەکاتەوە..!**

١٩٩٠

# هەرەس

- خالۆ بەم پیری و (بێتاقەتی)یە
بۆ پێت پەتییە؟
- رۆلە دواترین دیمەنی هەرەس
وا لەنێو سینگی ئەم ڕۆژگارەدا
کەس جووتێ پێڵاو
نابەخشێ بە کەس..!

١٩٩٢

# با

(با) دەروێشێکە شێت و سەرگەردان
ڕۆژ تا ئێوارە
ئاغزە جگەرەی شاران هەڵ دەگرێ
شەو تا بەیانی پووشی نێو هەردان..
هەمیشە مەستە،
دەڵێی کەوتۆتە بەر کڵپەی سۆزی
گۆرانییەکانی مام عەلی مەردان..!

١٩٩٥

# ئازادی

**گۆرانییەکی خۆش و پڕجۆشە**

**ڕۆژێک دێ بەدەم**

**شەپۆلەکانی:**

**ورمێ و سیروان و**

**زەڵم و وانەوە**

**دەڕژێتە دڵی هەمووومانەوە..!**

١٩٩٠

# هانا

دەچمە ئەشکەوت و
خانووی قاییم و کۆنکرێتەوە
هیچ سوودی نیە
مەرگ وەک تۆپێک
پریشکەکانی دەمگرێتەوە
بۆیە لە تاوا
بەرەو دەرگای تۆ هانام هێناوە
تاکو ئەمرکەی پرچە خاوەکەت
لە سایەی خۆیدا بمشارێتەوە..!

١٩٩٦

# چەند ماچێکی ئاڵ

ڕۆژگار دەڕوات و
بەهەر چوارلادا
سۆز دەبارێنێ
هەورێکی عاشق لە نێو مەمکیدا
تیشکێکی دڵپاک دادەگیرسێنێ
بایەکی ناسک
گەڵای خەواڵوو
لە خەوی شیرین ڕادەپەڕێنێ
ئەدی بۆ چ ئێمە تائێستا نووستووین..؟!
با هەستین بەدەم بای ئەوینەوە
گەشتێکی تازە دەست پێبکەین و
لەسەر گۆنای یەک
چەند ماچێکی ئاڵ بنووسینەوە..!

١٩٩٦

# شیعر

عومرێکی درێژ
درێژ وەک باڵای بادی خۆش مروور
من هەر نەگبەتی، بەشی گیانم بوو
گەر خۆشەویستیی شیعر نەبوایە
ئێستا گۆڕی تەنگ
ماڵ و مەئوام و
دووکێلی گەورەیش
سایەبانم بوو..
شیعر نەبوایە
گەر نەشمردبام

هەمیشە چاوم دەبووە جێی ئەشک و
سینەم بۆ کڕووز
گڕێکم دەگرت
هەزاران خەون لە کەلەی سەرما
هەڵدەوەرین و
دەبوونە خەڵووز..!

١٩٨٩

# سوپاسنامە

ئەی شاژنی شۆخ مایەی بەختیارییم..

سوپاس بۆ چاوت

کە بەهەشتێکی

هەر لەسەر زەوی کردۆتە دیارییم..

سوپاس بۆ دڵت

کە بوو بەکێڵگە و

ڕێگەی دام بە خوڕ بە سەریا باریم..

سوپاس زۆر سوپاس

ئەی خەونی خۆشی دنیای دڵدارییم..!

# ناو

بەڵێ ئەوە بەڵێنم دا:
هەم بە خۆم و
هەم بەخودا و
هەم بە دڵی ترساوی تۆ
لای کەس ناوت نادرکێنم
بەلام بە خوا
بە چاوی تۆ
ئەگەر بە حەزی خۆم بوایە
هێند بە کوڵ بانگم دەکردی
دار و بەرد و
خاک و ئاوی ئەم وڵاتەم
شەلاڵ دەکرد بە ناوی تۆ..!

# دیکتاتۆر

**من هەرگیز نازانم تۆ چیت**

**زوو زوو خۆتم لێ دەگۆڕی..**

**جارێ مانگی بە تریفە و**

**جارێ ئەستێرەی پڕ ورشە و**

**جارێ خۆری..**

**جار هەیە شۆخێکی تووڕە و**

**ترسناکی..**

**جاریش هەیە**

**نازدارترین دیکتاتۆری..!**

# ماچ

**وتت بۆ بێ ماچم دەکەی..؟**
**وتم کوا بێ ماچم کردووی..؟**
**کە پێکەوەین**
**لە جیاتی یەک یەک ماچتکەم**
**دوو دوو سێ سێ ماچم کردووی..**
**کە دایش دەبڕێین**
**بە لێوی دڵ ماچت دەکەم،**
**تەنها ئەم شەو**
**بەشی عومرێ ماچم کردووی..!**

# وڵات

**کاتێ هاتم**

**گیانم پڕ بوو لە غەریبی**

**وەلێ لە دوای ئەوەی کە تۆ**

**بووی بە کانی و**

**ئاوەدانی و**

**بە ساباتم..**

**نەک هەر هەستم بە غەریبی لە ناودا مرد**

**بڕوا بکە بۆ یەکەمجار**

**قووڵ قووڵ ئەو هەستەم تیا شین بوو**

**کە خاوەنی میهرەبانترین وڵاتم..!**

# بەراوورد

لەو ئێوارە
پرچ و پەرچەم پەشێوەدا
کە ڕەشەبا شەڕی دەکرد
لەگەڵ سەرما و کڕێوەدا..
من پەنجەرەی دڵم بۆ تۆ
خستە سەرپشت
کەچی گیانە تۆ نەک دڵت،
دەرگای حەوشەکەت پێوەدا..!

١٩٩٦

# تووڕە بوون

**ڕۆژێ جوانێ**

**کاسێتێکی شەجەریانی بۆ هاوردم**

**دڵە شێتەکەی لێ بردم**

**سەردەمانێ،**

**ون بوو نەما..**

**کەهاتەوە**

**پرسیم ئەرێ دڵم کوانێ..؟**

**تورە بوو ڕۆی..**

**تۆمەز هێشتا**

**ئەو من بە قەرزار دەزانێ..!**

٢٠٠٠

# کارگەی دڵ

– تەوقەمان کرد دەستت گوشیم،
پەنجەم زیڕەی لێوە هەستا..!
– تۆ چی دەڵێی ماڵئاوەدان،
من خەریک بوو
کارگەی دڵم ڕادەوەستا..!

١٩٩٣

# سەیرە

**تۆ ئافرەتێکی پێم سەیرە**
**لەبەر سەرما و**
**لەبەر گەرما و**
**لەبەر زۆر دەردی گەورەدا**
**خۆت ڕادەگری..**
**کەچی کە من،**
**سەیری چاوەکانت دەکەم**
**تۆ دەستبەجێ سەر دادەگری..!**

١٩٩٦

# حەپەسان

هات و سڵاوێکی کرد و
دیوانە شیعرێکی برد و
پاش ماوەیەک هێنایەوە
وتی: سوپاس
وتم: ئەی دڵمت چی لێ کرد..؟
سەرنجێکی حەپەساوی تێ گرتم و
لێیدا و ڕۆیی و
نە وەڵام و
نە ئاوڕ و
نەسەریشی نەدایەوە..!

١٩٩٩

# ڕێگاکان

ئای چەند خۆش بوو گشت ڕێگاکان
لە جێی (بانە)
بچوونایە بۆ ناو دڵی ئەو چاو جوانە
کە ڕوومەتی لە کێک دەچێ..
- ئەرێ نازانم ڕێگاکان
هەر ناگەنە نێو دڵی ئەو
یان من گێلم لێم تێک دەچێ..؟!

١٩٩٩

# ڕێگر

لەم نیشتمانەی ئێمەدا
کە بە ملیۆنان مرۆڤی
مات و خەمگین و
پەست هەیە
کوا کەی دەرفەتی ژیانی
سەربەست هەیە..؟
تۆ بڕوانە
هەر بە تەنها
لە نێوانی
لێوی من و لێوی تۆدا
کە نیو مەتر لەیەک دوورن
چەند ڕێگر و
بەربەست هەیە..؟!

# دیاری

- ئەی تۆ بۆ دڵی پەشێوت
چیت پێخۆشە
پێشکەشتی کەم؟
- تەنها لێوت..!

١٩٩٧

# چاوت

چاوت وەکو ترێ دەخۆم
ئیتر بەچی
سەیری ئەم دنیایە دەکەی..؟
ئەی سەیری خۆم..؟!

# کەرکوک

ئەگەر چاوم
گۆڕەپانی
ئاگرێکی شڵەژاوە
سەرسام مەبن
ئەوە کەرکوک
لە دڵمدا ڕاکشاوە..!

١٩٩١

# بەراوورد

وەک دەڵێن
شتی تەڕ زۆر درەنگ دەسووتێ
خۆ دڵی دێوانەم زۆر تەڕ بوو..
ئەی بۆچی
پێش ئەوەی بگاتە چاوانت
ئاگری تێبەربوو..؟!

١٩٩٠

# یاداشت

عاشقێکی گەورەی
سەدەی بیستم..
ڕوحی خۆمم،
کرد بە هۆرەی عیشق..
بەڵام کەسێک،
زایەڵەی نەبیستم،
دڵم وەکو
دڵی فەرهاد وابوو
کەچی سەیرە،
شیرینێک نەیویستم..!

١٩٩٦

# ئەفسوس

ئای لە دنیای
چاوەڕوانی تۆدا
چەندین کات و
ڕۆژ و چرکەم ژمارد..
چەندین کەڕەت
وەک منداڵی هەتیو
بە خەمەوە
سەرم بە خەو سپارد..
هەزار ئەفسوس
کە دوا سەرئەنجامیش

**نە من بەری**

**هەنجیرەکەی تۆم دی**

**نە تۆ ترێی**

**مێوەکەی منت خوارد..!**

١٩٩٦

# قورئان

– دوێنێ شەو کە گێتی

لە کۆشی نەرمۆڵەی خەوێکدا

خامۆشی، داپۆشی..

کزەبا دەهات و

دەنگێکی دەهێنا

وەک دەنگی بۆڵە بۆڵ،

شەڕ و شۆڕ، وەک هەرا

نەتزانی کە چی بوو..؟

– قورئان بوو لە مزگەوت دەرکرا..!

١٩٨٩

# گوڵی سپی

– وەک بەژنی کازیوەی سەربڕاو
شەڵاڵی خوێن کرا
– لەسەر چی..؟
– شەوێکیان ڕێی کێشا بۆ هەور
بارانێ دابکا
گوڵی ڕەش بگۆڕێ بۆ سپی..!!

١٩٨٩

# داواکاری

کۆڵنجم کردووە

تۆییت و

ئەو چاوە پڕ هاژە و

پڕ پێلە،

یان فوویەک بکەرە سینگمەوە،

یان کەمێک

بەو پەموی دەستانەت بمشێلە..!

١٩٩٣

# تۆ

هۆ ماڵم
هۆ حاڵم
هۆ دڵم..!
تۆ سەرمی
تۆ گیانمی
تۆ دڵم..!
باخەڵک هەر بڵێن:
چەمچەماڵ دۆزەخە،
بە تۆوە
هەزاران هەزار جار
لە پاریس خۆشترە بۆ دڵم..!

١٩٩٨

# زمان

**لەوەتەی من دەژیم**

**لە ماڵی دەممدا**

**ئەو دەژی..**

**کەچی هەر**

**ئەوکاتە هەست دەکەم**

**هی منە،**

**بەو لێوە نەرمانەت دەیمژی..!**

١٩٩٢

# تەوقەکردن

**ڕاست دەکەی**

**ئەو کاتە**

**تۆ دەستت ڕچی بوو،**

**کەچی من،**

**ئاگرێک بە لەشما تێپەڕی،**

**مووی سەرم سپی بوو..!**

١٩٩٣

# گوڵئەندام

که ڕەت بووی
بۆنێکی هێندە خۆش
ئەو ناوەی گرتە کۆش
خەریک بوو دوات کەوم،
بانگت کەم
وامزانی
بوویتەتە گوڵفرۆش..!

١٩٩١

# هەڵامەت

**جارێکیان**

**جەستەمی**

**پڕ بۆنی بەتام و**

**پڕ لە چێژ کرد بوو**

**دەزانی لەبەرچی..؟**

**لە تۆوەم گرتبوو..!**

١٩٩١

# ئافرەت

**گەر سۆزی تۆ نەبوا،**
**ئەم ژینە**
**بێ مانگ و**
**ئەستێرە و**
**خۆر دەبوو..**
**گەر سۆزی تۆ نەبوا،**
**ماڵ کەم و**
**حاڵ کەم و**
**گۆڕستان زۆر دەبوو..!**

١٩٩٢

# ئاگر

**زووهێندەم خۆش دەویست**

**هەر دەتووت**

**جەستەی من ماسییە و**

**عیشقی ئەو زێیەتی..**

**وەلێ نا**

**لەو ساوە**

**پەنجەی تۆ سووتاوە،**

**زۆر ڕقم لێیەتی..!**

١٩٩٢

# ڕوناکی

**لە شەوی تاریکی تەمەندا،**

**من چیم کرد..؟**

**بە دڵم ڕوانیمە دەوروبەر**

**پێش چرا و**

**پێش مۆم و**

**پێش گڵۆپ،**

**لە عیشقا بەدیم کرد..!**

١٩٩٨

# بێستوون

ئەگەرچی شاخێک بوو
زۆر گەورە و زۆر پتەو..
بەڵام هەر
قەرزاری فەرهادە،
خۆی کوشت و
نەمریی دا بە ئەو..!

١٩٩٨

# سەرما

ئەم جارە
بە جۆرێک
هێرشی هێناوە..
دەنووکی
مەمکۆڵەی تۆ نەبێ،
سەرتاپای ئەم شارە
لە هاژەی ناوادەی ترساوە..!

١٩٩٢

# نەخۆشیی

دەک ماڵی کاول بێ،
دەک بەختی،
بدرێتە دەست دێوان..
چونکە هیچ شەرمێکی،
لەو هەموو جوانییەی تۆ نەکرد،
تۆی شێوان..!

١٩٩٨

# شەڕ

وەک دەڵێن

لە کیژی جوان نایە

کەچی تۆ

ئەو دەمەی بەتوندی

بۆخۆم و دڵم دێی..

ئەوەندەت لێ جوانە

پێموایە

گۆرانیم بۆ دەڵێی..!

١٩٩٠

# فەرهاد

– گەر زیندوو بێتەوە
چی دەکات..؟
– دوای ئەوەی تاوێ چاک
بۆ شیرین دەگەڕێ و
نایبینێ
ئارەزووی
مەرگێکی
دی دەکات..!

١٩٩٠

# گوڵاو

وەک باران
لە هەوری قژتەوە
دە
با
ری..
لە چەمی
(روح)مدا
دەبووە
تافاوی بەختیاریی..!

١٩٩٠

# چەتر

میوانم بەڕێ کرد
باران بوو بە لێزمە
لە پڕا چاوی تۆم وەک گڕێک
لە تەما هەست پێ کرد
خەیاڵم بەجۆرێک هەڵفڕی
هەر خۆیشم نەمزانی
چیم لێ کرد..؟!

١٩٩٩

# تۆ

**لەوەتەی دەتناسم**

**سەرقاڵی:**

**بەئێش و**

**ستەم و**

**زوڵمەوە..**

**نازانم،**

**کەی ڕێگەم پێدایت و**

**لە کوێوە هاتیتە دڵمەوە..؟!**

١٩٩١

# لێو

دارێکە

ناسک و

باریک و

بێ گرێ..

لە وەرزی

عیشقدا

ماچ دەگرێ..!

١٩٩١

## عیشق

خەمێکە
شیرین و
ڕیشەکێش
هەر کەسێک
خۆی بدات لە قەرەی
دەیکاتە خۆڵەمێش..!

١٩٩٠

# نوقڵ[٧]

**که خستمه چنگته‌وه،**

**حه‌زم کرد**

**چاوانم بوونایه‌..**

**بۆ ئه‌وه‌ی**

**تا دنیا دنیایه**

**له دڵتا به‌کپی،**

**شه‌پۆلیان بدایه‌..!**

١٩٩٣

# بەفر

سۆزێکی سووتێنەر
گرتوومی
بۆئەوەی بەرمدا،
تۆبیت و
ئەو چاوە جوانانەت،
تۆپەڵێک
بکێشە سەرمدا..!

١٩٩٢

## خەون

ئای شاد و خەندان بووم
ئەوکاتەی:
بەترس و
دوودڵی و
سامەوە
سڵاوم لێکردی و
تۆیش نەرم
زۆر نەرم
وەڵامت دامەوە..!

١٩٩٠

# دڵ

تەمەنی

هەر چەند بێت

وەک یەکە

تا مابێ:

دەسووتێ و

دەبرژێ و

پیر نابێ..!

١٩٩١

# ماچ

**هەم گوڵە،**

**هەم ئاوە،**

**هەم نانە..**

**تامێکە**

**وەک شیعر**

**پێناسەکردنی**

**گرانە..!**

١٩٩١

# دڵداری

زێیەکە، فراوان
بەچەمی هەر دڵ و
گیانێکا ڕژاوە
سۆزێکی داوەتێ بێسنوور
وەک ئەوەی
چووبێتە
ژێر باڵی هوماوە..!

١٩٩١

# پیاو

وەک گەڵای

(چا) وایە،

تا نەکوڵێ،

نە تام و

نە بۆنی

دڵکێشی

لێ نایە..!

١٩٩٤

## مانگ/ پایز

**که فەرهاد کۆچی کرد.**

**وەک خوشک،**

**ئەو گۆنای سووری خۆی**

**بۆ کردە زەعفەران..**

**وەک دایک،**

**ئەم گەڵای**

**کاکۆڵی بۆ وەران..!**

١٩٩١

# مەحوی

**لە شیعرا،**

**نۆبەرەی (نالی)یە..**

**لە عیشقا،**

**مەجنونی لەیلایە..**

**بێئاگام**

**من هێندە دەزانم:**

**ڕازێکی**

**مەزنی**

**دنیایە..!**

١٩٩٢

# کامگاران

**کۆمەڵێ دەروێش بوون**

**کەشکۆڵیان کردە شان..**

**بە ڕێگەی هونەردا،**

**ڕەت بوون و**

**بەرەو ژوور هەڵکشان..**

**سەرەنجام،**

**وەک هەورە بروسکە،**

**لە سەری مۆسقای**

**کوردیان دا و**

**لە خەویان هەڵسان و**

**خەیاڵیان ڕاوەشان..!**

١٩٩٨

## بیژەن

دڵسۆزیی کردە ڕێ
ڕاستگۆیی بە پێودانگ..
گوێی کپی کوردانی
شەلاڵ کرد
لەسەدا و
ئاواز و
نەغمە و بانگ..
بۆ ئەوەیش کە دنیای،
گۆرانی و مۆسیقای،
ئەم گەلە
قەت تاریک دانەیات
خۆی بووە خۆرێک و
دەفەکەی بووە مانگ..!

١٩٩٨

# پایز

ژنێکە
سک سووتاو
هەر کە دێ
بەسینەی چاکەوە..
دارەکان
زەرد دەبن،
گەڵاکان
دەرژێنە
باوەشی خاکەوە..!

١٩٩٢

# ژیان/ مردن

ئەمرۆکە
خەمێکی
ئەوەندە سەرکەشی..
وڵاتێک
بە گیانت بچووکە
سبەینێ
دوو مەتر
لەو خاکە خەمناکە
دەتکاتە باوەشی..!

١٩٩١

# گۆڕستان

**بە دار و**

**بە بەرد و**

**(گڵ)یەوە..**

**لەماڵی خوا دەچێت**

**هەر کەسێک**

**ڕووی تێکات**

**دەیخاتە**

**قوڵایی دڵیەوە..!**

١٩٩١

# ژیان

**- چی شتێک**

**لە دڵیا دەبینی..؟**

**- چەمێکی ئەوین و**

**کۆمەڵێک پرسیار و**

**تۆپەڵێک نهێنی..!**

١٩٩٠

## برسێتی

**هەورێکە**

**هەر تەنها**

**لە شاری بێکەسان**

**دادەکات..**

**پیاوێکە گەڕیدە،**

**هەر هەژار دەناسێ و**

**بەسۆز و کوڵەوە**

**باوەشی پیا دەکات..!**

١٩٩٠

# تاتەشۆر

تەماشای سینگم کە
من کوشتەی ئەوینم
بێ جێم و
بێ وڵات
پێم خۆشە دوا خەوم
لەلای تۆ ببینم..!

١٩٩٢

# کفن

**چۆن پیرۆز نابێ لات؟**

**کە دەمری**

**دایکیشت جێت دێڵێ،**

**چواردەورت چۆڵ و هۆڵ..**

**کەچی ئەو**

**دەتکاتە باوەش.. و**

**لەگەڵتا دادەڕزێ.. و**

**دەبێتە خاک و خۆڵ..!**

١٩٩١

# کێڵ

ئای ئێوە مەزنن..
بە لێشاو
دڵسۆزی و
گەورەیی
ڕۆ دەکەن..
دەزانن
کە مردوو بێکەسە
سێبەری بۆ دەکەن..!

١٩٩٢

# گۆڕ

**دایکێکە جگەرسۆز**

**قەت ناشێ**

**ڕۆڵەی خۆی**

**لە بیر کات..**

**ماڵێکە بێ تاپۆ**

**چەند خۆشە**

**کەس نییە**

**لێمانی داگیر کات..!**

١٩٩١

## نالی

دەڵێن نالی
وتویەتی:
من هیچم لەکەس ناوێ
تەنها لەسەر
گۆڕە بێنازەکەی حەبیبە
دارێکی خەمبار بنێژن و
ناوی بنێن نالی..!

# کۆترەکانی هەڵەبجە

ڕاستە دەنگی فڕۆکە و
کۆپتەر نایە..
بەڵام کێ دەزانێ
کە ئەم کۆترە
گمە شیرینانەیش
وەک کۆترەکانی هەڵەبجەیان
بەسەر نایە..؟

# گۆی مەمکی ژنێک

کاتێک بەچاوی دڵ
لەم دنیا نارێکە دەڕوانم
لەیەک پنتی بچکۆلانەدا، رێکە
ئەویش
نە ناوەڕاستی زەوییە و
نە ناوەڕاستی نیشتمانەکەمە و
نە شارەکەم،
گۆی مەمکی ژنێکە..!

# من لە خەودا
# دەستەکانم گرتبووی

تۆ ژنێکی سەیریت..!
دڵت کردووم بە پشکۆیەکی گەشاوە
لەترسی ئەوەی سینگم نەسوتێنێ
زوو زوو دەیکوژێنمەوە
بەڵام دوای چەند چرکەساتێک
دیسان وەکو خۆی لێدێ..!
تۆ ژنێکی سەیریت!
من دوێنێ شەو لە خەودا
دەستەکانم گرتبووی
کەچی ئێستا بەڕاستی
دەستم بۆنی دەستی تۆی لێدێ..!

# هەموو دنیا
# لەبیری خۆم دەبەمەوە

ئەمشەو دڵم خۆشە

شەوێکی جیاواز بەڕێ دەکەم

هەموو دنیا

لەبیری خۆم دەبەمەوە و

بەقەد هەموو دنیا

بیری کەسێک دەکەم..!

# دەنگ

ڕۆژانێکی زۆرە
ژنێکی نازەنین
ئێواران بانگم دەکات
دەنگی خوڕ خوڕ
دەڕژێتە گوێچکەی کاسمەوە..!
ئای خودایە
ئەم دەنگە چەند بە ڕوحم ئاشنایە..؟!
کەچی سەیرە
نازانم بۆ
ناتوانم بیناسمەوە..!

# تەرم

تەرمێکم بە کۆڵەوەیە
تەرمی ئەوینێکە
نازانم چۆن
بەم سەرمایە بینێژم..؟
(ئاخر من لەگەڵ ئەو تەرمەدا
دەیان بیرەوەریم هەیە)
وا بزانم درۆ دەکەم
سەرماکەیش تەواو بێت
دڵم نایە بینێژم..!

# هەستی گەرمی پیاوانە

دنیا پڕە لە ژنی جوان
بەڵام بەتەنها تۆ
دەتوانی وەک حەوا
وانەکانی ئادەمم پێ لەبەر بکەیتەوە!
بەتەنها تۆ
دەزانی چۆن
نەهامەتییەکانم بخەوێنیت و
لەبری نەهامەتییەکانم
هەستی گەرمی پیاوانەم
خەبەر بکەیتەوە!

# تۆ خۆشەویستترین دوژمنمی..!

بەڵێ ئێستایش
لەناو خەونە خۆشەکانمدا
تۆ شافریشتە..و
شاژنمی..!
بەڵام رۆژانێکە
دڵم ئازار دەدەیت
ئەوانەیش کە دڵم ئازار دەدەن،
دوژمنمن
تۆ خۆشەویستترین
دوژمنمی..!

# تۆ یەک مرۆڤ نیت بە تەنها

تۆ یەک هەتوان نیت بەتەنها
ئەگینا چۆن
هەموو جۆرە برینێکم
ئاوا سارێژ دەکەیت..؟
تۆ یەک مرۆڤ نیت بەتەنها
ئەگینا چۆن
رۆژانێکی زۆرە
من لە هەر دەرگایەک دەدەم
هەر تۆ دەیکەیتەوە و
هەر تۆ دێیتە بەردەمم و
هەر تۆ دەستی تەوقە
بۆ دەستم درێژ دەکەیت..؟!

# لەزەت

گۆی مەمکی ژنێکم بینی
تینووی بوو
لەخودا پاڕامەوە
بمکات بە کانی!
هەر کەیەکەمین قومی لێخواردمەوە
هەرچی لەزەتی دنیا هەیە
لەناو مندا قریشکانی..!

# گۆ

زۆر جار ئاگام لێیە
دڵم، لەو کاتانەدا
کە لەخۆم تەنیاترە
بەدزییەوە هەوڵدەدات
بڕوا بەمێشکم بێنێ:
گۆی مەمکی ژنێکی میهرەبان
زۆر زۆر لە گۆی زەوی
جوانییەکانی زیاترە..!

# بیرکردن

تۆ ئەو تیرئەندازە دڵنشینەی
کە من بەم جەستە برینداره‌یشمەوە
حەز لەتیرت دەکەم..!
تۆ ئەو تاقە مرۆڤە خوێن شیرینەی
کە هێشتا لەیەک دانەبڕاوین
لەقوڵایی دڵمەوە..و
بەتوندی بیرت دەکەم..!

# دایک

تۆ دایکم نیت
کەچی من بەچاوی دڵم
بەهەشتی بەرینت
لەژێر پێدا دەبینم..!
تۆ دایکم نیت
منیش منداڵییم تێپەڕاندووە
کەچی تەنها
لەو ڕۆژانەدا دڵم خۆشە
تۆیان تێدا دەبینم..!

# تۆپەڵێک بۆشایی

ماسی تا ئێستاش وا دەزانێت
لەو دیوی ئاوەوە
ژیان کۆتایی پێدێ..!
نە من ماسیم..و
نە تۆ ئاو،
کەچی نازانم بۆ
رۆژانێکە هەستدەکەم
یەک بست لەو دیوی تۆوە
ژیان وەکو
تۆپەڵێک بۆشایی لێدێ..!

# پەلکە گیا

نازانم لە خۆشی زێی
پرچە بۆنخۆشەکەی تۆیە
یان خۆم لە ئەزەلەوە
ڕوحێکی پڕ ئاوازم..؟
کە تۆ دەبینم لە ئاونگ دەچیت
خۆزگە بە پەلکە گیا دەخوازم..!

# حەز دەکەم
# لەسەر سینگم پێبکەنی

روحی من شمشاڵێکی بێنازە
تەنها تۆ
دەزانی جوان بیژەنی..!
لەبەر ئەوە پێمناخۆشە بڵێی:
دێم لەسەر شانت دەگریم،
حەز دەکەم بێی
لەسەر سینگم پێبکەنی..!

# تەنیایی

یەکەمین ڕۆژی چلەی زستانە

دنیا سارد و سەرمایە..

قومریەک بە کوڵ دەخوێنێ،

نا، بە کوڵ دەگری..

دەڵێی ئەویش

وەکو من تەنیایە..!

# جانتا

**پۆلیسەکە**

**لەناکاو**

**جانتای**

**ژنە**

**تەنیاکەی**

**کردەوە**

**پڕبوو لە بۆنی پیاو..!**

# شکان

کاتێک ژنە حەیشەرێکە
خۆی بە پیاوە شەرمنەکەوە لکان
گوێم لە دوو هاڕەی خەمناک بوو
تاسەی گەرمی ژنەکە و
دەستنوێژی تەڕی پیاوەکە
بە یەکەوە شکان..!

# نزیکبوونەوە

ئاخۆ کۆترێکی نێر
چۆن چۆنی
لە کۆترێکی مێ
نزیک دەبێتەوە..؟
کە من
بەم زمانە درێژەوە
نازانم چۆن
لە تۆ نزیک ببمەوە..!

# کۆکردنەوە

خەمە
پەر
تە
وازە
کان
کۆ دەکەمەوە
وەک چۆن پاسەکان
خەڵکانی قەراغ ڕێگا
کۆدەکەنەوە..!

# بێوەفایی

که منداڵ بووم

بۆ شکانی پەنجەیەکم

دایکم ژیانی

یەک هەفتەی لە خۆی تێک دا..

کە گەورە بووم

بێئەوەی پرسە گورگانەیەکیش

بە دایکم بکەم

هەموو پەنجەکانم

وەک قردێلە

لە پرچی کچێک دا..!

# ماڵئاوایی

له ئێواره‌یه‌کی دڵشکاوا

که باران

گریانی هه‌وره بێکه‌سه‌کانی

ده‌دا به‌گوێی ئاوا

هێشتا ده‌ستم

سڵاوی له ده‌سته خه‌مباره‌کانت

نه‌کرد بوو

چاوه سه‌رخۆشه‌کانت

پێیان وتم: ماڵئاوا..!

# گڵ

ئەی دڵ..!
من نازانم
چ پەیوەندییەک
تۆ بە گڵەوە دەبەستێتەوە
وا هەمیشە
زۆرینەی خەونەکانت
دەبەیتەوە ئامێزی گڵ..؟!

# سووتان

-له بۆنی جگەرەکەت
بێزار بووم
ئەم دووکەڵە تاکەی..؟
- ئەوە جگەرەکەم فڕێ دا
ئەی بۆ، بۆنی
سووتانی دڵم ناکەی..؟!

١٩٩٦

# چاوەڕوانی

سەعات یەکی شەوە
خۆم خستۆتە
چەمی چاوەڕوانی
ژنێکی ڕووخۆشەوە..
بۆ ترپەی پێی
بە دڵ گوێ ڕادەگرم..
بێت،
بەیانی ڕۆژی لەدایکبوونمە.
نەیات،
ئەم شەو دەمرم..!

١٩٩٧

# خەم/پایز

خەم،
سەری مرۆڤە خەمبارەکان
دە
ڕوو
تێ
نێ
تە
وە
و
پایز،
سەری دارەکان..!

١٩٩٧

# دڵنیایی

**خۆت مەکوژە**
**با خوێنەکەت**
**بەو خاکە خاوێنەدا نەڕژێ..**
**دڵنیابە**
**خوایەک هەیە لە بیرت ناکات**
**دڵنیابە**
**خوایەک هەیە دەتکوژێ..!**

١٩٩٨

# نیوتن

سێوێک،

تەنیایی

دڵی سوور کردبوو

لەتاوا

خۆی بەردایەوە..

نیوتن بێئاگا لە عیشق

بە (هێزی کێشکردنی زەوی)

لێکدایەوە..!

١٩٩٨

# بەخت

ئەو
باز لە سەر شانی هەڵنیشت
تۆ کۆتر و
من پەپووی شووم..
ئەو بە پیری و
تۆ بە گەنجی و
من بە منداڵی
پیربووم..!

١٩٩٧

# کات

پێرێ

پرتەقاڵێکت بۆخۆت دەخوارد..

دوێنێ

لەگەڵ ئافرەتێکی دڵئاراما..

ئەمڕۆ

ئەو خەیاڵە کەوتۆتە سەرتەوە:

سبەینێ

دەبێ بیکەیتە سێ کەرتەوە..!

١٩٩١

# فزە

ئای دایە..!

من ئێستا دەزانم

مرۆڤ چەند سەرگەردان و تەنیایە

ئەگەر بیەوێ

دڵی خۆی

وەکو سێوێکی قاژقاژکراو

یەکالآ بکاتەوە

تا بزانێ چی تێدایە

مردن ڕێگەی نادات..

کەچی کاتێک

مردن

شەکرۆکەی سەری لێ دەکاتەوە

ژیان فزە ناکات..!

# ناونان

**ماڵێک،**

**هەمووومان جێی دەهێڵین و**

**ناومان ناوە ژیان..**

**ماڵێک،**

**هەمووومان ڕووی تێ دەکەین و**

**ناومان ناوە مردن..!**

# ژیان/ عیشق

ژیان،

ڕۆیشتنە

بەرەو مردن..

عیشق،

گەڕانەوەیە

بەرەو ژیان..!

## تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای

یان تۆ حەوای، یان حەوا تۆ بووە
ئەگینا چۆن، ئادەم
دەستی لە بەهەشتی خوا هەڵدەگرت..و
خۆی لە دۆزەخی زەویدا، ون دەکرد..؟
یان تۆ شیرین-ی، یان شیرین تۆ بووە
ئەگینا چۆن، فەرهاد
بە قولنگێکی شکاوەوە
بێستوون-ی کون دەکرد..؟
یان تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای،
یان هەموو ژنە جوانەکانی دنیا تۆن

**ئەگینا چۆن**

**لەم رۆژگارە پڕ لە تەنیاییەدا**

**ئاوها بە ئاسانی**

**گەرد بە گەردی پیاوەتی منت**

**پڕ لە بۆن و بەرامەی ژن دەکرد..؟!**

# من دەستم دزیووی

ئەی ژن تۆ کە لە میهرەبانییدا
دەڵێی فریشتەیەکی
لە بەهەشتەوە
بۆ سەر زەوی خزیووی..!
تۆ کە لە چریسکانەوەدا
ئەڵماس بیری مرۆڤ دەخەیتەوە و
لە بریسکانەوەدا
دەڵێی زیووی..!
بۆچی بە من دەڵێی توند توند دەستم بگرە..؟
بۆچی دەڵێی
توخوا دەست لە دەستم هەڵمەگرە..؟
بۆچی تۆ تا ئێستا نازانی
کاری من لە دەستگرتندا نەماوە..؟
من دەستم دزیووی..!

# داره سوتاوەکە

ڕۆژێکیان گلەیم لە خۆمان کرد
کە بۆچی هەزاران جار
دەچینە دارەسوتاوەکە و
جارێک ناپرسین:
حیکایەتی ئەم دارەسووتێوە چیە..؟
گلەیم کرد و پرسیم
وتیان ئەو دارە
کچێکی نازەنین و شەرمن بووە
شەیدای کوڕێکی دراوسێی خۆیان بووە و
هەرچی هەوڵی داوە
نەیزانیوە چۆن چۆنی
ئەو کوڕە لە عیشقەکەی خۆی ئاگادار بکاتەوە

تا ڕۆژێک کڵپەی کردووە و
ئاگر لە هەموو جەستەی بەرزبۆتەوە و
چەند چرکەساتێک بەرلەوەی بمرێ
لە خودا و پەری و فریشتەکان
پاڕاوەتەوە و داوای کردووە
بە ئاگرەکەوە ببێتە دارێک و
شوێنەوارێک لە دووی خۆی جێ بهێڵێ و
بۆ هەتا هەتایە
لە جیاتی کچە سووتاوەکە
پێی بڵێن دارەسووتاوەکە..!

# بۆنی بەختەوەریی

زۆرجار کە ئێواران دێ
هەر لە خۆمەوە
هەست بە خەمبارییەکی زۆر دەکەم
هەست دەکەم ئەو هاژە هاژە شینەی
لە ئاوی ڕوباران دێ،
هەست دەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی
لە لەرینەوەی داران دێ،
حەسرەتەکانی مرۆڤم بیر دەخەنەوە
هەوڵ دەدەم
حەسرەتەکان بژمێرم
نائومێدیی گاڵتەم پێ دەکات:
کوانێ حەسرەتەکانی مرۆڤ
لە ژماران دێ..؟!

**زۆرجاریش هەست دەکەم**

**لەگەڵ هەڵکردنی بای ئێوارەدا**

**دەنگی وردوخاشبوونی**

**دڵی دڵداران دێ..!**

**بەڵام ئەم ئێوارەیە**

**کە پایز ئاوی کردۆتە ژێر هاوینەوە**

**من زۆر دڵم خۆشە**

**چونکە لە ناو خۆمدا:**

**بۆنی هەناسەی تۆ و**

**لەناو ماڵەکەمدا:**

**بۆنی بەختەوەریی و**

**لە دەرەوەیش:**

**بۆنی تەڕی باران دێ..!**

# تا ڕۆژی حەشر
# چاوەڕوانی لێبوردنی تۆم

دڵی من چرایەک بوو
لە ناو تەنیاییەکی کوشندەدا
خەریک بوو دەکوژایەوە..!
بەر لە کوژانەوەی بەچەند چرکەیەک
دڵی ژنێکی میهرەبان
هات بە هانایەوە..!
من و ئەو ژنە میهرەبانە
ڕۆژگارێکی خۆشمان پێکەوە گوزەراند
تا ئەو پەڕی دڵکرانەوە،
دڵمان بە یەکتر دەکرایەوە..!
ڕۆژێکیان من هەڵەیەکم کرد

چڵێک لە دارە ناسکەکەی دڵی ئەو
کە دیار بوو پێش منیش شکێنرابوو،
بەو هەڵەیەی من کردم، شکایەوە..!
ژنە میهرەبانەکە ڕەنجا و
دڵی من بە جۆرێک
کەوتە ناو دۆزەخی پەشیمانیی
کە لە جیاتی فرمێسک
خوێن و زوخاو
لە چاوی چکایەوە..!
دڵی من زۆر خەمناکانە
بە ژنە میهرەبانەکەی وت:
هەتا ڕۆژی حەشر
من هەر چاوەڕوانی لێبوردنی تۆ دەکەم
ئاخ بەڵام ژنە میهرەبانەکە ڕۆیشت و
بەهیچ جۆرێک
هیچ وەڵامێکی دڵی منی نەدایەوە..!

# ژنێک، (با) پرچی تا تا دەکاتەوە

لە ناو ئاپۆرەیەکی گەورەدا
کە پڕە لە ژاوەژاو
ژنێکی دڵنشین
هێدی هێدی دەڕوا و
کزەبایەکی خەمگین
پرچی تا تا دەکاتەوە..
کاتێ بە تەنیشتی مندا تێ دەپەڕێت
وەک ئەوەی ئاگای لە دڵم بێت
کە چۆن لە خۆشی ئەو
خەریکە دەبێتە ئاو
چەند جارێک لادەکاتەوە..!

لە ناو خەیاڵی مندا:

دڵی ئەو دەبێتە کیژۆڵەیەکی نەشمیلانە

دڵی خۆیشم

کوڕیژگەیەکی قژخاو

هێشتا دڵی من

بە تەواوی لە دەرگای نەداوە

دڵی بێئۆقرەی ئەو

دەرگا دەکاتەوە..!

دڵی من داوای ماچ دەکات و

دڵی ئەو گوێی خۆی لێ دەخەوێنێت

دڵی من وەکو شێت

خێرا خێرا

داوا دەکاتەوە..!

دڵی ئەو زۆر زۆر مندڵانە

تا ئەو سەری بەرائەت هەڵدێت

لەوێ دەترسێت ون بێت

زۆر بە پەلە و پڕتاو

بەرەو لای دڵی من ڕادەکاتەوە.

باوەش دەکەن بە یەکتردا

ئەمجارەیان

دڵی ئەو دەبێتە ژنێکی دڵنشین

دڵی منیش پیاوێکی داگیرساو

ئەوەتانێ ئێستایش

دڵی ئەو لە باوەشی دڵی مندایە و

کزەباکەیش بەردەوام

پرچی تا تا دەکاتەوە..!

# ژنێک، کە دەمزانی ئێوارانێک دێت

**ئێستا،**

**شەو سەری هەموو دەنگەکانی**

**لە خەنەی خامۆشیی گرتووە**

**کەچی لە قوڵایی مندا**

**دەنگی خۆش-ی (نەی) دێ..!**

**ئێستا،**

**هەرچی باخی گەورەی شار هەیە،**

**خەویان لێ کەوتووە**

**کەچی لە ناوەوەی مندا**

**چپە چپی دڵنشینی**

**قۆخ و**

**بەهێ و**

بەی دێ..!

ئێستا،

دیکتاتۆریەتی تاریکیی

هەموو شوێنەکانی ترساندووە

کەچی دیوە نادیارەکەی من

بووە بە حەشاماتێک،

تیایدا:

ڕوناکی دەچریسکێتەوە،

ڕوناکی دەبریسکێتەوە،

ڕوناکی جمەی دێ..!

ڕاستیەکەی،

من دەمێک بوو پێم وابوو

ئێوارانێ، ژنێک

دێت و لە ژێر ترپەی پێیدا

زەمین دەچێتە نێو خەونەوە
زەمین لە خۆشی هاتنی ئەو
بۆنی بەختەوەریی
لە خۆی و لە هەناسەی دێ..!
زۆر دەمێک بوو پێم وابوو
ئەو ژنە دێت و
هەموو گەمەکانی ناوەوەی من قڵپ دەکاتەوە
بەڵام قەت قەت
نەمدەزانی ناوی چییە و
نەمدەزانی خەڵکی کوێیە و
هەرگیزیش دڵنیا نەبووم،
کەی دێ..؟!

# ژنێک کە نەمدەزانی کێ بوو

ڕۆژێکیان چاوم لێ بوو
شاژنێکی نازەنین
کە نە ناویم دەزانی و
نە ئاینیم دەناسی و
نە دەمزانی کێ بوو..؟
چووە دوکانی ئاوێنەفرۆشێکەوە
من لە خۆشی ئەو ژنە
زۆر لە خودا پاڕامەوە
تا کردمی بە ئاوێنەیەکی گەورە
لەو جۆرە ئاوێنانەی
کە هەستمکرد ژنەکە حەزی لێ بوو
منی کڕی و

لەگەڵ خۆیدا بردمیەوە بۆماڵەوە
لە دوای تاوێک بینیم
بەدەم گۆرانی وتنەوە
سەرگەرمی هەڵپەڕکێ بوو
پاشان هات لە بەردەمی مندا
خۆی ڕووت و قووت کردەوە
بەشی تەمەنێک ناز و
جوانی و ژنێتی پێ بوو
وەختێ چرای مەمکەکانی
لەپڕ چریسکانەوە
من لە خۆشیدا
درزێکی بچکۆلانەم تێ بوو
ئای خودایە چەند سەیرە..!
ئەم هەموو ماجەرایە
لەسەر دەستی ژنێک ڕووی دا
کە من هێشتا
نە ناویم دەزانی و
نە ئاینیم دەناسی و
نەدەمزانی کێ بوو..؟!

# قژی ژنێکی نازدار

له ئێوارەی ڕۆژێکی بەهاردا
خوێنم کەوتە قوڵپدان و
بووم بە پەپولەیەکی سەرگەردان و
تا ماندوو بووم
سوڕامەوە بەناو شاردا..
دڵم ئۆقرەی نەگرت
فڕیم
فڕیم
تا لەو دەشت و دەرانە
خۆم کرد بەناو قژی ژنێکی نازداردا
منداڵێک هات
ویستی هەڵمفڕێنێ

ژنەکە لە نەغمەیەکی خەمباردا
بە منداڵەکەی وت:
- نەکەی..!
کێ دەڵێ ڕوحی پیاوێکی سەرگەردان نییە
کە لە وڵاتێکی پڕ ئازاردا
پەناگەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە
تاوێک خۆی تێدا حەشاردا..؟!
ئای ئەو ژنە چەند میهرەبان بوو
وای ئەو چرکەساتە چەند جوان بوو
کە خۆم بینی
پەپولە بووم
لە ناو قژی ژنێکی نازداردا..!

# خوێنی گەشی
# پیاوێکی سەودازەدە

ئەم گەردوونە لە دێوێک دەچێ
کەوتبێتە ناو تۆڕێکی گەورەی
خەم و پەژارەوە..
مرۆڤەکان،
پاڵەوانی نێو خەونە ئاڵۆزەکانی ئەون
تا جارێک دەگەنە بەردەمی ڕوناکایی
بە دەیان جار،
تووڕ هەڵدەدرێنە کەنارەوە..!
ئەم دێوە ترسناکە
کاتێک خەونی ناخۆش دەبینێ،
تووڕە دەبێ..

**کە تووڕە بوو**

**بەدەم هاوارەوە**

**پەلاماری ڕوحی مرۆڤەکان دەدات و**

**لەگەڵ خۆی دەیانبات و**

**دەیانخاتە**

**ناو ئەشکەنجە و ئازارەوە..!**

**لێرەوەیە کە مرۆڤەکان**

**هەوڵی خۆکوشتن دەدەن:**

**هەیانە خۆی دەسوتێنێ،**

**هەیانە خۆی دەخنکێنێ،**

**هەیشیانە خۆی هەڵدەواسێ بەدارەوە..!**

**بەڵام من بڕیارم داوە**

**لەناو سینگ و مەمکی ژنێکدا**

**خوێنی خۆم بڕێژم**

**چونکە زۆر زۆر دەمێکە**

**حەزم لە تابلۆیەکە،**

**تیایدا:**

**خوێنی گەشی پیاوێکی سەودازەدە**

**دڵۆپ دڵۆپ**

**بە گۆی قاوەیی مەمکی ژنێکدا**

**بچکێتە خوارەوە..!**

# هەرێمێکی یاساخ

بیرتە شەوێکیان بە خەمەوە
نامەیەکت بۆ نوسیبووم:
(کوانێ ئەو هاوسەفەرەی
کە بڕیار بوو
خۆی بەدڵم ببەخشێت و
میدالیای خۆشەویستییەکی مەزن
بکاتە یەخەمەوە..؟!).
منیش بۆم نوسیبووی:
(هیچ مەکە هیچ
تەنها ناو دڵی خۆتی بۆ بگەڕێ).
کە گەڕایت و
منت لە ناو دڵی خۆتدا بینی

دەستت خستە سەر مەمکە بۆنخۆشەکانت و
وتت گوجیلەکەم
هەر کاتێ لە باخی دڵم بێتاقەت بووی
وەرە ناو ئەم دوو باخەمەوە..!
وتت گوجیلەکەم
منیش وەکو زۆرینەی ژنەکانی ئەم وڵاتە
خاوەنی هەرێمێکی یاساخم
بەڵام تۆ بەبێ دوودڵیی
بۆت هەیە بچیتە کونج بە کونجی
ئەو هەرێمە یاساخەمەوە..!
چەند خۆشە ئێستا وەکو پیاوێکی مەست
لە نێوانی مەمک و هەرێمە یاساخەکەتدا
خەونی دوور دەبینم و
هێدی هێدی
ئەو بیرەوەرییە دڵنشینانەت
بیر دەخەمەوە..!

# ژەنەراڵی خۆشەویستیی

ڕۆژگار گورزبەدەستێکی دڵڕەق بوو
لە چەند ساڵێکی کەمی
عومرێکی نازەنیندا،
چەندین گورزی
جەرگبڕی لێوەشانم..!
چەندین خەونی
لە ناو چاوەکانمدا کوشت و
لە چەندین چرکەساتی شیریندا،
دڵە پەرێشانەکەی ئێشانم..!
بەڵام ژیان
هەرگیز خاڵی نییە لە جوانی
لە ئێوارەیەکی دڵنشیندا،

ژنێکی دەم بە پێکەنین
دەستی خستە نێو دەستمەوە و
وەکو دارێک، ڕوحی ڕاوەشانم..!
کۆمەڵە گەڵایەکی
لە شێوەی چەند ئەستێرەیەکی زیویندا،
ڕژانە سەرشانم..!
وتی: (ئەگەر شیعر
حەمە عومەر عوسمان-ی
کردووە بەژەنەراڵی پایز
من تۆ دەکەم
بەژەنەراڵی خۆشەویستیی).
بەڵێ هەر لەو ئێوارەیەوە
ژەنەراڵی خۆشەویستیی
بووە
بە نازناو و
ناو و
ناونیشانم..!

# چاوەڕوانیی

چاوەڕوانیی زۆر سەختە
وەکو ئەوە وایە
بەسەر جۆلانەیەکی ئاگرییینەوە
دڵت قوڵپ بدات و
ناچار بیت جۆلانیی بکەیت..!
چاوەڕوانیی زۆر سەختە
وەکو ئەوە وایە
شمشێری جەلادێک
لە گەردنت نزیک بووبێتەوە و
تۆیش خەیاڵی میهرەبانیی بکەیت..!
چاوەڕوانیی زۆر سەختە

**وەکو ئەوە وایە**
**لە یەکێک لە زیندانەکانی (سنە)دا**
**حەوت دەرگات لێ کلۆم درابێت و**
**تاسەی سلێمانیی بکەیت..!**
**تەنهاو تەنها**
**یەک شت هەیە لە چاوەڕوانی سەختتر**
**ئەویش ئەوەیە:**
**کەسێک لە ژیانتدا نەبێت**
**چاوەڕوانی بکەیت..!**

# نەمریی

**مرۆڤ ئاوی ناو گۆزەیەکە**
**بە سەر شانی خەیاڵەوە**
**بەرەو نەمریی دەڕوات**
**وەلێ ناگاتە جێ، دەڕژێ..!**
**هەیە هەر لە سەرەتا و**
**هەیە لە ناوەڕاست و**
**هەیشە لە کۆتایی ڕێ، دەڕژێ..!**
**کەسمان لەم ڕژانە**
**گومانێکمان نەماوە**
**بەڵام کاتەکان نازانین،**
**نازانین ئەمڕۆ کێ و**
**سبەینێ کێ و**

دوو سبەینێیش کێ، دەڕژێ..؟
مرۆڤ چەند بەدبەختە
لەوەتی هاتۆتە سەر زەوی
وەکو ئاوی ناو گۆزەیەک
کە بەسەر شانی خەیاڵەوە
بەرەو نەمریی دەڕوات
ئاه و حەسرەتی تێدەڕژێ..!
وەرە
ژنە میهرەبانەکەی ناو خوێنم
وەرە..
با من و تۆ
واز لە خەونی نەمریی بێنین
با بڕوا بەو ڕاستییە سادەیە بێنین
کە نەمریی شتێک نییە
جگە لەو چرکەساتانەی تیایاندا
دڵمان بەختەوەریی لێ دەڕژێ..!

# جەژن

بەیانیانێ
تۆ لە نامەیەکدا بۆت نوسیبوم:
جەژنت لێ پیرۆز بێت
منیش وتم کوانێ
ئەمە کەی جەژنی ئێمەیە..؟
- ئەی جەژنی ئێمە کامەیە..؟
- ئەوەیە ئێوارانێ
تۆ بێیت و ئیتر نەڕۆیتەوە
بە یەکەوە ماڵێکی بچکۆلانە
بۆ خۆمان بکەین بە نیشتمانێ
لەو نیشتمانەدا

من بە وێنەی منداڵێک
کە پێشتر نازی بەخۆیەوە نەبینیوە،
کە هیچ شتێک،
لە ئادابی نازکردن نازانێ..
بەردەوام داوای ماچت لێ بکەم و
تۆیش بەردەوام بڵێی هانێ..!

# مەرگ و ئەوین

مرۆڤ شوشەیەکی بلورینە
هەر ئەوەندە مەرگ
تێپەڕبێت بەلایدا، دەشکێ..!
مرۆڤ چڵە دارێکی خەمگینە
ئەگەر مەرگ
بەگاڵتەیش بایدا، دەشکێ..!
تاکە پەناگەیەک
کە مرۆڤ هانای بۆ ببات ئەوینە..
ئەوین،
تاکە شوێنی سەر ڕووی زەمینە
کە ترسی مەرگ

لەپەنایدا، دەشکێ..!
ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەیش بێ
مرۆڤ زۆرجار هەست دەکات:
مەرگی ڕاستەقینەی ئەو کاتەیە
کە لە ئەوین نائومێد دەبێت و
دڵی تیایدا دەشکێ..!

# مرۆڤ

مرۆڤ بوونەوەرێکیداماوە
لە سەرانسەری دنیادا،
بەخەم و نەهامەتیی
چوار دەوری گیراوە و
هیچ هێزێکی ڕاستەقینەیش
بە ڕاستی دالْدەی نادا..!
مرۆڤ گوڵە هێرۆیەکی ترساوە
لە ناو چنگی بادا..
هەڵدەوەرێ و
لە ناودەچێ و
دەڕژێ بەملاو لادا..!
مرۆڤ پەیکەرێکی داپۆشراوە

ڕۆژانێکی زۆر و
ساڵانێکی زۆر و
تەمەنێکی تەواو
چاوەڕوانی هاتنی گۆدۆیەک دەکات
پەردەی لەسەر لادا..!
مرۆڤ دەنکێک (هێل)ی حەپەساوە
دەکوڵێ لەناو (چا)دا
بۆنی بڵاو دەبێتەوە،
تامی بڵاو دەبێتەوە،
بەڵام هەرگیز
قوڵپە قوڵپی ناو دڵی نابینرێ و
هیچ دڵسۆزێکی ڕاستەقینەیش
بە ڕاستی گوێی پێ نادا..!

# پیاوێک لە گژوگیا و درەختەکان پاڕایەوە

ئەمڕۆ ڕوداوێکی زۆر سەیرم بینی:
نازانم ڕاست بوو یان درۆ بوو..؟!
پیاوێک لە ناو مێرگوزارێکدا
سەرگەرمی گۆرانی چڕین و
پیاسە و
هاتوچۆ بوو..!
لە پڕێکدا ژنێک دەرکەوت
کە دیاربوو
پیاوەکە چاوەڕوانی ئەوی دەکرد
ژنەکە لە تووڕەییدا
سەری وەک تەنوور و
چاوی چوون پشکۆ بوو..!

لە پیاوەکە چووە پێشێ و
چەقۆیەکی دایەدەستی و
وتی:
دەی سەری خۆت بپەڕێنە..!
پیاوەکە،
کە نەیدەزانی
ژنەکە لە چی تووڕە بووە
سەری خۆی پەڕاند و
هێشتا سەری هەر هۆشی بەخۆ بوو..!
لە گژ و گیا و
درەختەکان پاڕایەوە،
وتی:
ئەگەر ژنێکی پشتکۆماوەی داماو،
هات پرسیاری لێکردن
توخوا
توخوا
توخوا
نەک لە تاوا دڵی ڕابوەستێ
مەڵێن ئەوەی کە سەری خۆی پەڕاند
کوڕە سەرگەردانەکەی تۆ بوو..!

# دزترین ژنی دنیا

لەو ڕۆژانەدا ژنێک
ئاخ نازانم چی بوو..؟
لە پشتی چەندین چیای کەڵەگەتەوە
بۆنی تەنیایی من چوو بوو بە گژیا
چریسکانەوەی خەم و
داگیرسانی
برینە دەنوکئاڵەکانی منی دی بوو..!
هات،
بزەیەکی وەک بزەی منداڵەکان
لە لێویدا و
بەرگێکی وەک
بەرگی دیکتاتۆرەکانی پۆشی بوو

به نوکی دووان
له پەنجە شمشاڵییەکانی
فەرمانی پێ کردم لە گەڵیدا بڕۆم
بردمیە نێو بەهەشتێکەوە
قەت ئادەم نەیدی بوو..!
تێر تێر ماچی کردم،
تێر تێر ماچی دامێ..
دوای ئەوەی لێک جیابووینەوە زانیم
ئەو ژنە دزترین ژن بوو لە دنیادا
هەرچی خەم و
تەنیایی و
برین بە گیانمەوە چریسکابوونەوە
هەر هەمووی دزی بوو..!

# ژنێکی باڵدار

ئەمشەو خەونێکی زۆر خۆشم بینی
ئێستایش پەرێشانم بۆی..
لە خەونەکەمدا ژنێک
لە شێوەی باڵدارێکدا
لە شوێنێکی زۆر دوورەوە هات و
منی برد لە گەڵ خۆی..
لە ناو مێرگوزارێکدا
پیاوێکی پێ نیشان دام
سەرگەرمی سەما و سووتێن بوو
وتی ئەو پیاوەی کوشتەی دەستی ڕۆتینە و
خەڵک بەتۆی دەزانن، تۆ نیت

ئا ئەمە تۆی..

ژنەکە زۆر زۆری پەلە بوو

دوای ئەوەی خۆمی بۆ دۆزیمەوە

چەند ماچێکی دامێ و

پڕی کردم لە شیعر و

لە شەقەی باڵی دا و ڕۆی..!

# دڵی ژنێکی تەنیا

ئەم بەیانییە کاتێ لە خەو هەستام

نازانم کڵپەی کام ئاگری دوور لێی دابووم..؟

تەماشایەکی قوڵی نێو دڵی خۆمم کرد

کێڵگەیەکی سەوزی

پڕ خۆزگە و

پڕ بریا بووم

قوڵتر تەماشام کرد

زۆرجاران وەکو چاوە ترساوەکانی ئەم وڵاتە

خەمگین

خەمگین

بەدیار خۆمەوە گریا بووم

لەوەیش قوڵتر ڕوانیم
بینیم جوانترین چرکەساتەکانی نێو دڵم
ئەو چرکەساتانە بوون
کە تیایاندا
بەهەموو هێزی خۆمەوە
سەرقاڵی ئاوەدانکرنەوەی
دڵی ژنێکی تەنیا بووم..!

# ژنێکی نەناسیاو

دوای ئەوەی بەشێکی زۆرم
لە تەمەنی خۆم
بە تەنیایی و
بە خەمناکیی و
بە بێمانایی تەواو کرد
ڕۆژێکیان هەر لە خۆمەوە
تا ڕادەی شەیدابوون
حەزم بە ناسینی
ژنێکی نەناسیاو کرد
ئەو ژنە نەمزانی چی بوو..؟
تێنەگەیشتم چۆن توانی
لە ماوەیەکی زۆر کورتدا

**ژیانمی پڕ لە ژیان و**

**گیانمی پڕ لە عیشق و**

**شیعرەکانمی**

**پڕ لە گۆرانی و گوڵاو کرد..!**

**ئای من ئێستا دەزانم**

**ئەو ڕۆژە چەند ڕۆژێکی مەزن بوو**

**کە تیایدا**

**حەزم بە ناسینی**

**ژنێکی نەناسیاو کرد..!**

# ژنێک لە ڕوناکیی

لە نێو ئەم شەوە خەمگینەدا
کە دەڵێی
بێوەژنێکی حەپەساوە..!
بێوەژنێک،
تاریکی لە هەموو لایەکەوە
پەلاماری داوە..!
زۆر سەیرە
من لە دارتێلێک دەچم
نەک بە تەنها دڵە گڵۆپەکەم
هەموو گیانم داگیرساوە..!
دەڵێن:
لە پشتی هەموو پیاوێکی ڕوناکەوە

ژنێک هەیە.
ئای خۆزگە دەمزانی
ئەو ژنە جادوگەرەی
لە پشتی منەوە وەستاوە،
ئەم هەموو ڕوناکییە دڵنشینەی
چۆن چۆنی کۆکردۆتەوە و
بە کام گالیسکەی ئەفسانەیی و
لە کام شاری خەونەوەی هێناوە..؟!

# نازانم چاوەڕوانی کێ دەکەم

ژیان وێستگەیەکی دڵتەنگە
هەموو دەمەو ئێوارانێ
من چاوەڕێ دەکەم
دەڵێم دێت و
داوای دەستە میهرەبانەکانی لێ دەکەم
دەیانخەمە سەر دڵم
تامنداڵ دەبمەوە
ئینجا وڕکی لێ دەگرم و
گێچەڵی پێ دەکەم
لە ناو قژ و
لە بەینی مەمکە بۆنخۆشەکانیدا

تێر چاوشارکێ دەکەم

ئای بەڵام هەمووجارێ

شەو دادێت و

کەس دیار نیە و

منیش نازانم

چاوەڕوانی کێ دەکەم..؟!

# وێنەکانی ناوچاوم

له ئێوارەیەکی خەمگینا
ژنێک،
له شێوەی فریشتەیەکی نازەنینا
پرچی بەسەر شانیا شاباش کرد
بە دڵێکی لێوانلێو له سۆز و میهرەوە
دەستی خستە ناو دەستم و
پەنجەکانمی
پڕ له ئێوارە باش کرد
بەبۆنی گۆی مەمکەکانی
دڵمی وەک لیمۆی حەپەساو
قاش قاش کرد
بەرلەوەی بڵێم ماڵئاوا
سەرنجێکی ئەفسووناوی تێ گرتم
هەرچی وێنەی ژنی جوان
له ناو چاوما بوو
هەمووی وردوخاش کرد..!

# نیشتمان

ئێمە دوو مرۆی پڕ سووتێنین
خەڵک سەرقاڵی کۆکردنەوەی ماڵ و
ئێمە هەڵوەدای ڕاوکردنی
چەند چرکەساتێکی جوانین
خەڵک شپرزەی ئیشی بەیانیان و
ئێمە وێڵی
پیاسەی
ئێوارانین..!
دەڵێن:
ماڵ نیشتمانێکی بچکۆلانەیە
ئێمەماڵێکمان نییە
پێکەوە کۆمان بکاتەوە..
ئای من ئێستا دەزانم
ئێمەی خەڵکانی ڕۆژهەلات
چەند بێ نیشتمانین..!

# ژێربوونەوە

نیشتمانەکەم گریا
بە حیکایەتێکی ئەفسانەیی و
بە چەند بەڵێنێکی درۆ ژێر بۆوە
کتێبخانەکەم گریا
بە دیوانێکی ئەدۆنیس و
بە ڕۆمانێکی ڤیکتۆر هۆگۆ ژێر بۆوە
منداڵەکەم گریا
بە فیلمێکی ڤاندام و
بە وێنەیەکی رۆناڵدۆ ژێر بۆوە
دڵم گریا
هەر گریا و
هەر گریا
هەرچیم بۆ هێنا بێسوود بوو
سەرەنجام
لای دڵە میهرەبانەکەی تۆ ژێر بۆوە..!

# دار

**لە ناو هەموو**

**دارەکانی ئەم وڵاتەدا**

**دارێکی نەشمیل چاو دەدەم**

**دەیکەم بەتۆ و**

**لە بری مەمکە نازەنینەکانت**

**بە گەڵا نازدارەکانی ئەو**

**دڵ و**

**گیان و**

**بوونم زاخاو دەدەم**

**هەرکاتێکیش هەستم کرد**

**دووریت زۆری بۆ هێناوم**

**وەک کەسێک**

**سروتێکی ئایینی جێبەجێ بکات**

**تێر تێر دارەکە ئاو دەدەم..!**

# دەستی خۆم
# دەدەمە دەستی ڕێگایەک

لەم ڕۆژگارە ئاڵۆزەدا
کە لێوانلێوە لە پەستی..
من دوای خەونێک کەوتووم
لە پڕ ونم دەکات
پاش ماندووبوونێکی زۆر
ڕێگایەک دەدۆزمەوە و
وەکو منداڵێکی حەپەساو
دەستی خۆم دەدەمە دەستی..
دەمبات و
دەمبات و
دەمبات

لە بەردەمی ژنێکدا دام دەنات
بە چاوی شەیدا و مەستی
وەکو پاشایەکی تووڕە
فرمانم پێ دەکات
پێموایە پێم دەڵێت:
دەبێ هەر ئێستا هەستی..
بەرگی خەمناکیی فڕێدەیت.
لەگەڵ مندا،
شایی و هەڵپەڕکێ دابەستی..
ئای چەند خۆشە
هەڵپەڕکێ لەگەڵ ژندا..!
وای چەند خۆشە
هەتا دنیا دنیایە
لە شایی و هەڵپەڕکێدا بیت
بۆ یەک چرکە چییە،
تەنها یەک چرکەیەک،
نەتوانی ڕاوەستی..!
خەونێک ونم دەکات
ڕێگایەک دەمدۆزێتەوە و
وەکو منداڵێکی ئاسودە
دەستی خۆم دەدەمە دەستی..!

# ڕازی عیشق

ئەم دیوارانەی ئەم ماڵە
کە لە بەرد و چیمەنتۆ دروستکراون
زۆر زۆر لە من منداڵترن
کەچی لە زۆر لاوە ڕوخاون..
چڵەکانی ئەو دارەی ئەو قەد یاڵە
زۆر زۆر
لە دەستەکانی من کەمئەزیەت ترن
کەچی وەکو
پشتی پیرە پیاوێکی سەدساڵە
چەماون..!
دڵی کانیلەکانی
ئەم دەڤەرە سەر پڕ لە خەیاڵە

زۆر زۆر

لە دڵی من کەمتر شکاون

کەچی چاوە خەمگینەکانی ئەوان

هەمیشە و بەردەوام

پڕ ئاون..!

من نەمزانی ڕازی ئەم کارە

لە کام دەریای بێبن دایە..؟

تا شەوێکیان عیشق پێی وتم:

ئەوە لە سای سێبەری

میهرەبانییەکانی من دایە

کە تۆ خۆت و

زۆرێک لە ئەندامەکانی جەستەت

لە ناو ئەو هەموو

تۆفان و نەهامەتیانەی

لە تەمەنتان ئاڵاون

هەتا ئێستا خۆتان ڕاگرتووە و

وەک شاخ

بە پێوە وەستاون..!

# هەرچی دەشکێنی بیشکێنە

لێم زیز مەبە ئازیز گیان
لێم زیز مەبە..!
من پیاوێکی تەنیام
هیچم نییە
ئەو تروسکەی ئەوینەی نێو دڵم نەبێ..!
من دارێکی خەمگینی دنیام
تەنها دارم
لق و پۆپ و چڵ-م نەبێ..!
من ئەو باڵندە غەریبەم
کە ساڵانێکی زۆر،
بێ نیشتمان ژیام
ئێستا،

تۆم بۆ خۆم کردۆتە نیشتمان
من نامەوێ چیدی
خاک و
ئاو و
گڵ-م نەبێ..!
لێم زیز مەبە ئازیز گیان
لێم زیز مەبە..!
بەشێکی زۆر لە ژنانی ئەم وڵاتە
شکاندنی دڵێکیان
لە شکاندنی پەرداخێک لا ئاسانترە
تۆ وا مەبە..!
هەرچی دەشکێنی بیشکێنە
تەنها دڵم نەبێ..!

# شاژنی نێو ئەفسانەکان

له ساتێک له ساته نازەنینەکانی
یەکێک له ڕۆژەکانی ساڵا
ژنێکی جوان،
له شێوەی شاژنەکانی نێو ئەفسانه و
نێو خەون و نێو خەیاڵا
له دوورەوه
زۆر زۆر له دوورەوه
هات و
بێئەوەی له دەرگای کراوەی دڵم بدات
یەکسەر خۆی کرد به ماڵا..
وتی:
ئەی غەمگینترین

پیاوی سەر ئەم گۆی زەمینە
تۆ کە لە وڵاتێکی بێ ئاڵا دەچیت
من بۆ خۆت بکە بە ئاڵا..
ئای چەند خۆش بوون ئەو دوو شەوەی
من لەو شاژنە ئاڵا بووم..!
وای چەند جوان بوون ئەو دوو ڕۆژەی
من خاوەنی ئاڵا بووم..!
وەلێ لە پڕ
ئاخ چەندێ لە پڕ
لە شێوەی شاژنەکانی نێو ئەفسانە و
نێو خەون و نێو خەیاڵا
ئەو ڕۆیشت و
بێئەوەی دەرگای کراوەی دڵم دابخاتەوە
منی بە تەنیا جێهێشت و
دەستەکانی لە کەمەری وڵاتێکی دی ئاڵا..!
ئای من دواتر تێگەیشتم
چەند ناخۆشە وڵاتێک بیت بێ ئاڵا..!

# ئێرەیی

وا پایز
بە سێبەرێکی زەردەوە
بەرەو ناو دڵی باخەکان
کەوتۆتە ڕێ
لە باخێکدا دانیشتووم
دەبینم ڕەشەبایەک
بەناو دارەکاندا دەگەڕێ
دەست بۆ مەمکە گەڵاکانیان دەبا و
مەمکە گەڵاکانیان هەڵدەوەرێ
ئەو خۆی پەستە و

منیش دەبینێ

لەگەڵ تۆ بە مۆبایل

قسە دەکەم

ئێرەیی دەیگرێ

- کوردۆ ئەو خشەخشە چیە

هیچ تێناگەم..؟

- ئەوە ڕەشەباکەیە

دەیەوێ لە داخانا

مۆبایلەکەم بەرێ..!

# من بە شیرییش هەر پیاو بووم

من سەرەتا

بەرلەوەی پیاوێک بم وەک ئێستا

دڵۆپێک شیری هەڵبزوڕکاو بووم

ئێوارانێکی خەمناک

لە گۆی مەمکی ژیان بەربوومەوە و

تێکەڵاوی

چنگێک خۆڵی ترساو بووم

خەونم بینی و

خەونم بینی و

خەونم بینی

لە ناو خەونەکانمدا:

چرایەکی بچکۆلانەی داگیرساو بووم

ژنێک دڵی بە من دەکرایەوە
ڕوناکییە کزەکەی من
دڵی ئەوی دەدایەوە
من لە ناو دڵی ئەو ژنەدا
گەرم و
گەورە و
ڕوناک وەک هەتاو بووم
چەندێ سەیرە
پیاو هێشتا خۆی هەر شیرە
کە خەون بە ژنەوە دەبینێ..
من ئێستا تێدەگەم
ئەو کاتەی شیریش بووم
هەر پیاو بووم..!

# تەوقە

دەزانی کاتێ تەوقە دەکەین
لێوم لە نێو پەنجەکانم دایە و
لەڕێی پەنجە نازەنینەکانتەوە
ماچبارانت دەکەم..؟
دەزانی هەموو جارێ
دەسنوێژەکەت دەشکێنم و
فێری نوێژی
بێ دەسنوێژی
دڵدارانت دەکەم..؟
دەزانی کە زۆر تەنیا دەبم
تاسەی تەوقە و

دەستگوشینی

دەمەو ئێوارانت دەکەم..؟

ئەی دەزانی

هەر کات دەرفەتێکم بۆ بلوێ

بەر لە هەموو شتێ

تێر تێر ماچی

دەست و پەنجەی

نیگارانت دەکەم..؟

# ئەوانەی شەو
# بەبێعیشق سەردەنێنەوە

ئەی خوای مەزن..!
ئاخۆ ئەوەی بەبێ عیشق دەژی
چۆنە ژینی..؟
کێ لە شەوانی پڕ خەمدا
دەست دەخاتە نێو قژییەوە و
سینگی بە سینگییەوە دەنوسێنێ و
دەبێتە هاوسەرینی..؟
ئەی خوای مەزن..!
ئەوەی شەوان
بەبێ عیشق خەو دەیباتەوە
تۆ بەیانیان

بەکام خەیاڵی گەرم و گوڕەوە
لە خەوی هەڵدەسێنی..؟
ئەی خوای مەزن..!
ئاخۆ ئەگەر عیشق
گەرد بە گەردی
پیاوەتی منی دانەگیرساندایە
ئێستا لەم نیوە شەوەدا
لە جیاتی نوسینی ئەم شیعرە
خەوم بە ماشێنی جوان و
کۆشک و سەرای مەزن و
پارەی زۆر و زەبەندەوە نەدەبینی..؟
خۆزگە ئەی خوای مەزن خۆزگە
ڕۆژێ لە ڕۆژان دەمزانی
ئەوەی شەوان
بەبێ عیشق سەردەنێتەوە
تۆ بەیانیان
بەکام خەیاڵی گەرم و گوڕەوە
لە خەوی هەڵدەسێنی..؟!

# جاران / ئێستا

جاران دەمووت
گوڵە بەڕۆژەیەکم خەمبار
تەنیایی وەک
چۆلەکەیەکی هار
دەنک دەنک
هەڵمدەوەرێنێ
دڵم نیشانەیەکە نادیار
ڕۆژانە چەندین جار
چاوێک دەیشکێنێ

**جاران دەمووت**

**دەستم دەستێکی پێویستە**

**بۆ پیاسەیەکی سەرچنار**

**نازانێ چۆن ڕووی لێنێ..!**

**بەڵام ئێستا**

**ئەوەتانێ فریشتەیەکی نازدار**

**بە یەک دنیا سۆز و میهرەوە دێت و**

**(لەگەڵ خۆی شادی دێنێ).***

---

*لە شیعرێکی هێمن وەرگیراوە.

# باوکم لە سەرەتای ڕێدا مرد

دڵم تەنگە
وەک ئەو ئێوارە خەمگینەی
کە باوکمی تێدا مرد
باوکم پیاوێکی سیاچارە بوو
هەر لە سەرەتای ڕێدا مرد
دایکم لێرەدا
خەریکی ئامادەکردنی
چێشتی ئێوارە بوو،
باوکم لەوێدا مرد..!
دایکم بورایەوە
ژنێک وتی: دەمرێ..!
ژنێکی دی

وتی: کوا

کێ لە حەیبەتی کێدا مرد..؟

ئەو ژنە ڕاستی کرد

کەسمان لە حەیبەتی باوکمدا

نەمردین

بەڵام بۆ هەتا هەتایی

ئەو حەسرەتە ڕژایە نێو خوێنمانەوە

کە باوکم فریا نەکەوت

دڵی بە گەورەبوونی منداڵەکانی

خۆش بێت

زۆر لەپڕ و

هەر لە سەرەتای ڕێدا مرد..!

# له چاوەڕوانیی هەڵوەریندا

بۆ مەرگی برازای خۆشەویستم (هەرێز)

**لەم ئێوارە دڵنشینەدا**
**کە سروشت، دەڵێی ژنێکی نازەنینە**
**ژنێک،**
**دەست و پەنجەی سەوز و**
**پرچی زەرد و**
**چاوەکانی شینە..!**
**ژنێک،**
**سەری پڕ لە هەڵپەڕکێ و**
**دڵی پڕ لە گۆرانی و**
**دەمی پڕ لە پێکەنینە..!**
**ئێمە نەک هەر دڵمان خۆش نییە**

**تا ئەو پەڕی غەمگینیی**

**دڵمان مات و غەمگینە..!**

**چونکە یەکێک**

**لە گوڵە جوانەکانی**

**نێو باخە بچوکەکەمان**

**خەریکە**

**دەستی لە ژیان دەترازێ**

**ئەوەتا چاوی لەسەر ئێمە و**

**لەسەر هەموو شتەکان**

**لابردووە و**

**چرکە لە دوای چرکە**

**چاوەڕوانی هەڵوەرینە..!**

## مردن تاکە هاوڕێیە

مردن پۆلیسێکی هاتوچۆیە
لەپڕا دڵەکان ڕادەگرێ
داوای مۆڵەتی هەناسەدان دەکات و
لەگەڵ خۆی دەیبات و
بێباکانە ڕادەبرێ
مردن تاکە هاوڕێیە
هاوڕێیەکی دڵڕەق،
کە ئەدرەسی هەمووومانی پێیە و
لە دەرگای هەر کەسێکیشمان بدات
دەمرێ..
مردن پیرەژنێکی چاوچنۆکە
کاتێ پریاسکەی جەستەمان

دەکەوێتە بەردەستی
وەک ئەوەی زێڕی دۆزیبێتەوە
خێرا
لە سندوقی خۆڵینەی گۆڕدا،
هەڵی دەگرێ
مردن پیاوێکی پیلانگێڕە
هەمیشە پیلان لە ژیان دەگێڕێت و
بەردەوام بە دەستی ئەو
ژیان لەناو دەبرێ..
ئەرێ تۆ بڵێی ڕۆژێک نەیەت
هێزێکی زۆر گەورە
مردن و ژیان
پێکەوە ئاشتبکاتەوە و
ئەم یارییە ترسناک و
پیر و هەزاران هەزار ساڵەیە،
ڕابگرێ..؟!

# خەوی مەرگ

پەڵە هەورێک حیلاندی
چەمێک سینگی خۆی ڕووت کردەوە و
مەمکەکانی سەمایان کرد
خەونم بەتۆوە دی
چاوەکانت بوون بەدوو دەریاچە و
دڵمیان وەکو سێوێک
بەرەو خوار لول دا
نەمزانی چاوەکانت بۆ وایان کرد..؟
پۆلێ ڕێبواری سەرگەردان
ڕێیان کەوتە گوندێکی دڵشکاو
تاسەی سڵاوێکی گەرم و
لەتێک نانی تیری و

یەک پیاڵە چایان کرد

-ئەرێ ئەم وڵاتە گوڵی لێ سەوز نابێ..؟

-ئەم وڵاتە یەک پارچە گوڵستان بوو

گوڵەکانی

لە ترسی شەڕی براکان ڕایان کرد..!

شەوێک لە ناو مەرقەدێکی خەمناک مامەوە

بەردەکانی تا ئەو چرکەساتەی

شەو خۆی کوشت

باسی مەرگەسات و

خەم و شەونخونی،

بونەوەری تەنیایان کرد

- ئەو ناڵە ناڵە چی بوو

لەو قامیشەڵانەوە هەستا..؟

- ئەوە شینی قامیشە بێوەژنەکان بوو

بۆ کۆچی (با)یان کرد

بەدووی دڵدارەکەمدا دەگەڕام، ون بووم

**تاریکی دەستی گرتم و**

**لای پیرەدارێکی دانام**

**(با) پرچی پیرە دارەکەی ڕاکێشا و**

**هەورەکان دایان کرد**

**لە ماسیەکانی تانجەڕۆ تەڕتر بووم**

**جەستەم تاسەی ئاگر و**

**چاوەکانم تاسەی چرایان کرد**

**کەسێ نەبوو پێم بڵێ**

**سەعات گەیشتۆتە چەند..؟**

**من خەوی مەرگم لێ کەوت و**

**مەلاکان سەڵایان کرد..!**

# وێنە

بەداخەوە
خودایە
بە داخەوە..!
لە هەموو سەردەمەکاندا
وێنەیەک دووبارە دەبێتەوە:
چەقۆیەک
لە نێو دەستێکی تووکندایە و
لە بەردەمیا:
دوو مەمکی خڕی حەپەساو
دلۆپ
دلۆپ
خوێن و ترسیان لێ دەچۆڕێتەوە..!

چەند سەیرە
خودایە
چەند سەیرە..!
هەموو پیاوەکان پێکەوە
لە وێنەیەکدا بەشدارن:
کاتێ نائومێدیی
هێرشیان بۆ دێنێ
بێ دوودڵیی
سەریان دەخەنە پاڵ
مەمکی ژنێکەوە..!
چەند خۆشە
خودایە
چەند خۆشە!
ئەو ڕۆژەی من و
ئەو ژنە گەردن کەوە
لە ناو هەموو وێنەکاندا:
مێژوومان توڕ هەڵداوە و
دەستمان
لە ملی یەک وەرێناوە و
گەرمتر
لە گشت بوونەوەرەکانی دنیا
چووینەتە باوەشی یەکەوە..!

# گۆڕستان

**ئای دایە گیان دایە**

**تۆ هەموو جارێک دەتوت:**

**گۆڕستان،**

**بێ کێشەترین شوێنی دنیایە**

**کەچی من لەوەتەی هەم دەبینم:**

**ئەم نیشتمانە گۆڕستانەی ئێمە،**

**خوێنی لەبەر دەڕوات،**

**دەڵێی کانگای**

**هەموو خوێنی دنیایە..!**

**تۆ هەموو جارێک دەتوت**

**گۆڕستان ماڵی غەریبانە**

**کەچی ئەم نیشتمانە گۆڕستانەی ئێمە**

**ڕۆڵەکانی خۆیشی**

**بۆ لە ئامێز ناگیرێ**

**ئەم نیشتمانە گۆڕستانەی ئێمە**

**تاکە ماڵی بێ (نوێن)ی دنیایە..!**

# نەمتوانیوە
# خۆم یەکلایی بکەمەوە

دەنگێکی دوور
لەو دیو چەندین چیای گەورەی
پڕ تەمەوە
بانگم دەکات
دەنگێکی زۆر نازەنینە
دەنگی ژنێکی شیرینە
هێدی هێدی
دەڕژێتە ناو گوێچکەمەوە
سەرم دەبەستێ بە ژان و
پێم بە شەقاوی گران و
دڵم بەداری خەمەوە

**دەڵێ کوردۆ گیان بمبورە**

**ماڵی ئێوە**

**زۆر لە ماڵی ئێمە دوورە**

**من کە بەرگەی**

**ئەم دوورییەم بۆ نەگیرا**

**لە خۆم پرسی:**

**بۆچی درۆی لەگەڵ بکەم..؟**

**بۆچی بیگرم بەدەمەوە..؟**

**خۆم سەربڕی و**

**تۆم سەربڕی و**

**دەرگایەکی دیکەم نەبوو**

**بیکەمەوە..!**

**هەر دەنگەکە لێم دەپرسێ:**

**ئەی تۆ ئێستا خەریکی چیت..؟**

**منیش درۆی لەگەڵ ناکەم**

دەڵێم دوای تۆ

بۆنی خۆشی ژنێکی شۆخ

رژایە ناو

دڵ و گیان و سینەمەوە

ئەو دڵی خۆی داوە بە من

وەلێ من هێشتا هەر کاس و

حەپەساوم

لە کۆستێکی دی ترساوم

نەمتوانیوە:

خۆم یەکلایی بکەمەوە..

نەمزانیوە:

دڵی خۆم بدەم بەو ژنە

یان دڵی خۆی

بدەمەوە..؟!

# ڕقم لە ڕۆژی (هەینی)یە

لەو کاتەوەی تۆم ناسیووە
ڕقم لە ڕۆژی (هەینی)یە..
بەلامەوە
وەک ژوورێکە،
دەرگا و پەنجەرەی تیا نییە..!
وەک ژوورێکە
دڵم تیایدا (زیندانی)یە..!
بە هەر لایەکیا دەڕوانم:
هەر خامۆشی و
هەر تەنیایی و
هەر کپی و چۆڵەوانییە..!

وەک ژوورێکە

گەر هەموو دنیاشی تیا بێت،

گەر پڕ لە ژنی جیا جیا بێت،

گەر گشت دیوارەکانیشی

نوقمی پەنجەرە و دەرگا بێت،

بۆ من هەر لەگەڵ زینداندا

بێ فەرق و بێ جیاوازییە..!

دەزانی بۆ..؟

چونکە هیچ شوێنەوارێکی

تۆی تیا نییە..!

# زۆریش لە یەکشەممە تووڕەم

زۆر زۆر سەیرە..!
من بەم سپێدەی شەممەیە
کە یەکەم ڕۆژی هەفتەیە
گەشتوومەتە دوایین پلەی شپرزەیی
دڵم پڕە:
لە ڕق و کینە و تووڕەیی..!
ڕقم لە هەینی هەستاوە
کە زۆر سەخت
بەسەر دڵما تێپەڕیووە و
نامەیەکی لەلای تۆوە نەهێناوە..!
زۆریش لە یەکشەممە تووڕەم

یەک دنیا شەیدایی و تاسە و
خۆزگەم، لێکردووە بە شایەت..
دڵنیایە چەند چاوەڕوانی هاتنیم
کەچی نایەت..!
نایەت، چونکە
هەر لەدوای ئەوەی تێگەیی
من لەگەڵ هاتنی ئەودا
تۆ دەبینم،
دڵی پڕبوو لە ئێرەیی..!
لەو کاتەوە
بڕیاری دا:
سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا و
ئیتر هەتا من دیق نەکەم،
نەیاتەوە..!

# لەگەڵ تۆدا

لەگەڵ تۆدا
حەزم لە قسە و گفتوگۆ و
لە دانیشتن و هاتوو چۆ و
لەشەڕکردن و یارییە...
لەگەڵ تۆدا
حەزم لە منداڵبوونەوە و
لەسەرپەنجە ئاڵبوونەوە و
لە وڕک و هارە هارییە
لەگەڵ تۆدا
حەزم لە شەڕی گاڵتینە و
ئاشتبوونەوەی ڕاستەقینە و
لە گۆڕینەوەی دیارییە..
لەگەڵ تۆدا
حەزم لە هەموو شتێکە
لەهەموو شتێکیش خۆشتر
دڵدارییە..!

# جیابوونەوە

من ئەو دڵە پڕ بەهایەم
کە هەمیشە
بەهاکانم ون دەکەم و
لای تۆ پڕ بەها دەبمەوە
ئەو شۆڕشە بێ ڕێگایەم
کە بەردەوام
لە ناو قژتا تێک دەشکێم و
لەپاڵ گۆی مەمکەکانتدا
ڕا دەبمەوە
من ئەو (با)یەم

که هەمیشه

لە تەنیایی خۆم هەڵدێم و

تێکەڵاوی

تۆی دەربەندی (با) دەبمەوە

لە جیابوونەوەم دەترسی..؟

لە جیابوونەوەم دەپرسی..؟

کەی ڕۆژێ هات

لە سەرانسەری زەویدا

بوونەوەرێک

توانی لە خۆی جیابێتەوە

منیش لە تۆ جیا دەبمەوە..!

# تەفرە

ئەی ژن کاتێ
مانگ شەرەفی بەراوردی
لەگەڵ تۆدا بەردەکەوێ..
ئاو دەزێتە هەموو گیانی و
(با) پەرچەمی شانە دەکا و
ژیانی لەسەر دەردەکەوێ..!
مانگ کاتێ خۆی
لە تەنیشتی تۆ دەبینێ،
هێدی هێدی
گەورە دەبێ و
بالاّ دەکا و
بەرەو بەرزی سەردەکەوێ..!

ئەی ژن تۆ زۆر بەر لە ئێستا
کەسێک بە مانگ
تەفرەی داوی و
وا ئێستا بۆت دەردەکەوێ..!
ئێستایش کەسێک
بەنیازە تەفرەت بدات
ئاگاداربە..!
ئەگەر زۆر ئاگادار نەبیت
بەخەیاڵی بەهەشتێکی درۆینەوە
ئەم بەهەشتە ڕاستینەیەت
گورزێکی زۆر جەرگبڕی بەردەکەوێ..!
ئاگاداربە و
کەمێک دان بەخۆتدا بگرە
جا دەبینی
تەفرە و درۆی
ئەو کەسەی وا
بەهەشتێکی درۆینەت بۆ دەهێنێ
چۆن لەسەرخۆ و
هێدی هێدی دەردەکەوێ..!

# ڕۆژگار و ئێمە و یادگارییەکان

جارێکیان سەرتاشێکی دەستکوێر سەری خۆم و
گۆڤارێکی چاوکوێر
سەری شیعرێکی سەقەت کرد بووم
دایکم بە کوڵ بۆ من و
من بە دڵ بۆ شیعرەکەم دەگریام
تۆش هاتیت و
بەفیزێکەوە سەرنجێکت تێ گرتین
تۆ ئەو کاتە وەک (نۆبڵ)
تەنها سڵاوت لە پیرەکان دەکرد
من تارژەنێکی دڵتەنگ بووم و
تۆ خەمت دەکولاندمەوە

تۆ ئەوکاتە لە ئاو ناپاکتر بووی
تا خنکام قووتت دام
دوایی دەرت کردم
وەک ئاو دیکتاتۆر بووی
ئاو هەرگیز ڕێگا بە جووتێ ماسی دڵدار نادا
پیاسەیەک لە کەناردا، بکەن
تۆ ئەو کاتە وەک باران دڵڕەق بووی
کە سەری درەختە بێماڵەکان دەشکێنێ
وەک (با) بێمانا بووی
کە گەڵا دەترسێنێ..
من ئەو کاتە، نەمدەزانی بۆ خۆم بگریم
یان بۆ ئەو پەڵە هەورانەی
بەکچی سکیان پڕ بوو
ئەو پەڵە هەورانەی کە منداڵیشیان بوو
نە (مامان)یان بینی و
نە کەس بۆ نەخۆشخانەیەکی بردن
ئەو پەڵە هەورانەی
هێشتا برینەکانیان تەڕ بوو،

(با) حەوشەی ئاسمانی پێ گسک دان
ئەو پەڵە هەورانەی
فریشتەکان
بێڕەحمانە بەقامچی لێیان دان
من ئەو کاتە نەمدەزانی
بۆخۆم بگریم
یان بۆ ئەو پارچە موگناتیسانەی
کە دوور نەبوو پەنجەی عاشقێکی نەفرەتی و
گۆی مەمکی
مەعشوقێکی بەردبارانکراو بووبن
نەمدەزانی بۆ خۆم بگریم
یان بۆ شیعرەکانم
کە نەفامانە
بۆ گۆڤاری (چڵمن) و
بۆ ڕۆژنامەی (چڵکن)م، بردبوون
هەیهات
گۆڤارەکان بۆنی عەقڵی پیر و
ڕۆژنامەکان

بۆنی دڵی ئۆینبازیان لێ دەهات..!
من ئەو کاتە
نەمدەزانی بۆ خۆم بگریم یان بۆ هاوڕێکانم
کە بە کۆڵ گلەییان لێ دەکردم
زستان دەیوت:
تۆ خۆت گەرم کردۆتەوە و
بیری پەنجە ڕچیوەکانی منت نەبووە
پاییز دەیوت:
بۆ گوڵە پیرەکان گریاویت و
گەڵا جوانەمەرگەکانی منت نەبینیوە
چنار دەیوت:
تۆ وانەی ڕەوانبێژیت تەواو کردووە و
جارێک منت بەدڵبەرەکەی خۆت نەچواندووە
چۆلەکە دەیوت:
من لە بێکەسیدا
ساڵێ سەرم ژانی کردووە و
تۆ لە سەرقاڵیدا بە کۆترەکانەوە،
سەرێکت لێ نەداوم..!

من ئەو کاتە نەمدەزانی
بۆ خۆم بگریم یان بۆ ئەو هاوسێ گوڵفرۆشەم
کە بۆنی خۆی لە بۆنی گوڵەکانی خۆشتر بوو
ئەو هاوسێ گوڵفرۆشەم
کە گوڵەکانی
بە خەمناکی
سەیری مەمکیان دەکرد و دەیانووت:
(خۆزگە ئێمەیش مەمکمان هەبووایە).
ئەو هاوسێ گوڵفرۆشەم
کە گوڵەکانی دەفرۆشت و
بۆ مەمکەکانی خۆی دەگریا..!

***

بیرتە ڕۆژێکی زستان
بەرلەوەی یەکەمین وشەی عیشقت بۆ بدرکێنم
شەرم سیمای هەردووکمانی گۆڕی..؟
بەرلەوەی یەکەمین وشەی عیشقت بۆ بدرکێنم
باران ڕیشی پاڵتۆکەی من و
قژی چاکەتەکەی تۆی شۆری..؟

بەرلەوەی یەکەمین وشەی عیشقت بۆ بدرکێنم
تۆ وتت دەزانی لە براکەی من دەچی..؟
من وتم: دەزانی لە برای کەس ناچم
بیرتە بەیانییەکی خەمبار
لە گازینۆیەکی گێل-دا
گاڵتەیەکی منداڵانەمان کرد و
پشتی پیاڵەیەکی بێگوناهمان
بە دەستەوە شکا..؟
لوتی تفەنگێکمان کردە شمشاڵ
پەنجەمان بۆنی خوێن و
لێومان تامی خوێنی پیا ڕژا
شارمان بەجێهێشت و
لە ژێر دارێکدا کە دڵی لە عیشق فێنکتر بوو
پەنجەی من بۆ پرچی تۆ و
پرچی تۆ بۆ پەنجەی من گریا
من بۆنی تۆم کرد و خەریک بوو شێت بم
تۆ بۆنی منت کرد و گۆنات سوور داگەڕا
من لە تۆ ورد بوومەوە و وەخت بوو سەری خۆم

**هەڵبکەنم**

**تۆ وەک شۆخە شۆڕەبییەکی شەرمن**

**سەرت خوارکردەوە و**

**چاوت لە بیانوویەک گەڕا**

**وتت: ئەها ئەو مێروولەیە چەند گوناهە**

**ئەرێ حیکمەت لە دروستکردنی مێروولە چی بوو..؟**

**وتم: مێروولە بۆ ئەوە هاتە دنیاوە**

**حیکایەتی عاشقەکان تێک دا**

**ویستم باسی فرۆیدت بۆ بکەم**

**وتت: ئەم مێروولەیە چەند تەنیایە**

**ویستم باسی نەوال سەعداویت بۆ بکەم**

**وتت: خۆزگە دەمزانی چی لە دڵە بچکۆلەکەی دایە**

**لەبەرخۆمەوە وتم: خودایە**

**کە خۆت بە ئاوی عیشقێکی بێئۆقرە ئاوت داین**

**ئەم ژەهری شەرمە چی بوو لە گۆزەی (روح)ماندا..؟**

**وتت: ئەی ڕۆ ئەوە چییە دەڵێی شێت بووی..؟!**

**وتم: مامۆستایەکمان هەبوو دەیوت:**

**بە لاتینی بەمانگ دەڵێن (لیونا)***

---

* لیونا: بەلاتینی واتای شێت دەگەیەنێت

مامۆستاکەمان دەیوت:
دەڵێن کە مانگ گەیشتە چواردە
ئیتر عاقڵەکان شێت و
شێتەکان شێتتر دەبن..!
بیرتە ئێوارەیەکی دڵتەنگ،
باسی نیشتمانم بۆ کردی:
جارێکیان لە شەقامێکی (قوم قاپی)
شاری ئەستانبوڵدا
گێژەگێژ دەسوڕامەوە
شەو داهات،
خەڵک یەک یەک و دوو دوو
چوونەوە بۆ ماڵی خۆیان و
من تەنیا مامەوە
ئەو شەوە تێگەیشتم
ئێمە بەرامبەر بەوانەی
گیانیان بەنیشتمان بەخشی بوو
چەندێ بێوەفا بووین..!
تۆ وتت:

نیشتمان خۆشەویستە، بەر لەوەی بکرێتە زیندان..!
بیرتە عەسرێکی سەرگەردان
باسی ڕۆژی حەشرێکم بۆ کردی،
کە لە خەوندا بینیبووم
وتم لەو ڕۆژی حەشرەدا:
مردووە کۆنەکانی گۆڕستان
دڵی مردووە تازەکانیان دایەوە
ئەو ڕاز و نهێنییە بێگەردانەی
هەڵم لە ماڵی دەریاکان دزی بووی
باران هێنایەوە
دارە غەریبەکەی سەر مەزاری مەولەوی
هەستی بەتەنیایی کرد
یەک پۆل کوکوختی میهرەبان
ڕۆیشتنە لایەوە
ژنە دڵگەرمەکانی وڵاتەکەم
هێشتا پرچە بۆنخۆشەکانیان
لە دەنووکی کەو ئاڵتر بوو
سەریان لە خەنە نایەوە..

فەرهاد بەرەو بێستوون ڕۆی
پێش پیرەژن
شیرین پرچی لە گوڵاو هەڵکێشا و
گۆزەیەک ئاوی عیشقی برد و
چوو بە هانایەوە..
شەم میوانێکی هات
بە خەیاڵی وەلی دێوانەوە
چی شیرینی لە دڵیا بوو
بۆی کردە ناو یەک پیاڵە چایەوە
حەبیبە هێشتا هەڵم لە پرچەکانی هەڵدەستا
وەک بۆنی نالی کردبێ
چیلکەو داری هێنا و ئاوی لێنایەوە..!

❊ ❊ ❊

بیرتە چێشتەنگاوێکی خەمناک،
باسی گەورەیی عیشقم بۆ کردی:
ئاو ئەوەندە حەزی لە کچۆڵەی مانگ بوو
هێنایە نێو دڵی خۆیەوە:
(عیشق دووری نازانێ).

شۆڕەبی ئەوەندە تاسەی کانیلەی کرد

لە تاوا شۆڕ بۆیەوە:

(عیشق گەورە و بچوکی نازانێ).

شێخی سەنعان بەرماڵەکەی لوول کرد و

خەونی بەکاکۆڵی کچە گاورێکەوە بینی:

(عیشق بیر و باوەڕ نازانێ).

بیرتە وتم:

من بەرلەوەی گۆنای کچێک

چاوەکانم بدزێ

خەوم بەو لالانەوە بینی

کە لە پێستووندا شین بوون و

حیکایەتی خوێنی ڕژاوی فەرهادیان گێڕایەوە

من هێشتا منداڵیی لە پرچەکەم دەڕژا

هێشتا جێگە ماچی فریشتەکان

بە ڕومەتمەوە مابوو

حەسوودیم بە باوکە ئادەم برد

کە باوەشی بەهەشتیش

نەیتوانی دڵی خامۆش کا

من بەرلەوەی ناوی هاوسێکانم فێر بم
لاس و
سیامەند و
مەم و
وەلی دێوانەم
بە هاوڕێ و
هاوسێی دڵسۆزی خۆم دەزانی..!

*** 

بیرتە جارێکیان
دوای دابڕانێکی ئازاراوی
حیکایەتی تاسە و هەناسە و
دووریم بۆ گێڕایتەوە:
وتم ئەگەر خوێنی قەڵەمە شەرمنەکەم
گۆنای دەفتەرەکانمی تەڕکرد،
لێم نەگری..
ئەگەر دووکەڵی سۆز
لە منارەی مێشکمی سەرکرد،
لێم نەگری..

چونکە باوکە ئادەم
لەو بەهەشتە دڵرفێنەی خوادا
تا دایکە حەوا،
وەک دوومەڵە هەنگوینێ
لە قۆڵی هەڵتۆقی
پەڕ و باڵی دەرکرد
ئەی من لەم دۆزەخە دڵپڕوکێنەی دنیادا
تۆ نە لە باڵم هەڵتۆقی و
نە بۆ پیاسەیەکی ئێواران
تاوێ دەستم بگری
هەقی خۆم نییە تکای ئەوەت لێ بکەم
ئەگەر هۆن.. هۆن
ئەگەر خوڕ.. خوڕ
وەک منداڵێکی گەورە گریام، لێم نەگری..؟!
بیرتە تۆ وتت:
قسەکانت دڵم سەرخۆش دەکەن
من وەک باپیرە درێژدادڕەکانم
درێژەم بە باسی عیشق دا:

وتم: بەر لە هاتنی پێغەمبەرەکان،
بەر لە پەرستنی بت و
پەیدابوونی ناکۆکی و
دەستپێکردنی شەڕەکان
بەر لە ناسینی پارە و
زێڕ و گەوهەرەکان
بەر لەوانە و
ملیۆنان ملیۆن شتی دی
کە هێشتا دنیا
وەکو گوڵێکی کێویلە ساکار بوو
مرۆڤ عیشقی ناسی و
پێوەی گرفتار بوو..؟!
بیرتە تۆ وتت:
قسەکانت لە ماچەکانت خۆشترن
من لە داخا تێر و پڕ ماچم کردی..؟!
بیرتە هەرچیەکمان کۆکردەوە
ڕەشەبای ڕۆژگار بردی..؟!

١٩٩٩-١٩٩٨

# له شەرمستانەوە
# بۆ مەرگستان

(١)

کات ڕۆیشت و
شوێن پێکانی لە شوێن پێی بێهودەیی دەچوون
کات ڕۆیشت و دنیا بوو بە گوندێکی گەورە
کەچی ئێمەی داماو
نەمانتوانی بچینە کێوەڕەش و
خۆمان هەڵدێرین
بچینە کێوەڕەش و
ئەگەر دەنگمان نەگەیشت

نامە بنێرین
دنیا بوو بە گوندێکی گەورە و
ئێمەی داماو
لە دارستانی خەونێکی خۆشدا
(کانی)یەک چیرۆکێکی ئاڵی بۆ نەگێڕاینەوە
دنیا بوو بە گوندێکی گەورە و
لە درزی گۆزە قڵیشاوەکانەوە
تەڕاییمان نەبینی.
شووشەی مەرەکەبەکانمان
لە حەسرەتی قەڵەمە بێسەروشوێنەکاندا
خۆیان قڵپ کردەوە و
خەیاڵە تەڕەکانیان وشک بۆوە..
باران سەمای قەرسیلەکان و
قەرسیلەکان هۆرەی بارانیان بیر چۆوە
برینە بێنازەکان
لە چاوەڕوانی دیتۆڵدا خەویان لێ کەوت.
دنیا بوو بە گوندێکی گەورە و
قژ زەردێ لە ڕاگوزارێکدا
تیلەی چاوێکی تێ نەگرتین
(کچۆڵەیەکی نەناسیاو

لەژێر کۆنە دارێکدا

نامەیەکی نەداینێ و بڕوا

نامەیەک،

بیکەینەوە و هیچی تێدا نەبێ)×

دنیا بوو بە گوندێکی گەورە و

ئایندە لە هزری ئێمەدا گورگێکی بێئامان بوو

(ئەوەندەی ترسی کچە دەشتەکییەکی سرک

لە پیاوێکی چاوباشقاڵ)

لە چڕنووکەکانی ترساین..

ڕابردوو پشیلەیەکی نەخۆش بوو،

بۆی گریاین..!

لە نێوان ئایندە و ڕابردوودا

(ئێستا)مان،

وەک یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، ئاوارە و

وەک ئێسقانەکانی (نالی) گۆڕغەریب بوو

دنیا بوو بە گوندێکی گەورە و

نەمانتوانی مەمکی خەیاڵێکمان ڕووت بکەینەوە

چونکە شەرممان لە مامۆستا و

لە دایک و

لە باوک و

**له هاوسێ و**

**له خۆمان و**

**له سەگ و**

**له پشیله و**

**له چۆلەکەکانیش کرد**

**دنیا بوو بە گوندێکی گەورە و**

**ئێمە لای خۆمانەوە ناومان نا:**

**شەرمستان..!**

*** * ***

(٢)

**هۆ ئەو مەرگە پرچ سپییەی**

**بەهەڵە ناویان ناوی ژیان**

**پێم ناڵێی چی بۆ ئەو کێلە داماوانە بگێڕمەوە**

**کە قەدەر دەیانکاتە پاسەوانی گۆڕی من..؟!**

**ئاخۆ کفنەکەم ڕەنگزەردیم بە چی لێکدەداتەوە..؟**

**من کە لە ڕوناکیدا نەمتوانی خۆم ببینم**

**چۆن دەکرێ وەڵامی تاریکی بدەمەوە..؟**

**من دڵۆپێک ئاو بووم و**

**ئێستا وەک دەمبینی:**

**کێوێک لە خەم،**

چیایەک لە نەگبەتیم..
تەنها بەردە خەمگینەکان
ناڵەناڵی منیان بۆ دەخوێنرێتەوە
× بەیانیەکیان
خەونێکی نازەنینم دایە دەس جۆگەلە ئاوێک
بردی و کە دوور کەوتەوە پێم پێکەنی..
×ئێوارەیەکیان دڵم تەنگ بوو
چووم بۆ سەرچنار و دڵم تەنگتر بوو
×شەوێکیان لە دوورەوە
لە ناو هەموو گڵۆپەکانی چەمچەماڵدا
گڵۆپەکەی خۆمانم ناسییەوە
گڵۆپەکەی ئێمە
لە هەموو گڵۆپەکانی دی خەمناکتر دەسووتێ..!
ئێمە داماو بووین داماو
بە منداڵی (ئایەتلکورسی)یەکانمان بەهەڵە لەبەر کرد
لافاو پاڵی بەدەرگاکانمانەوە نا و
پەنجەرەکانمانی لەبار برد
لافاو فریای ئێمە کەوت و
ئێمە فریای کەشتییە گەورەکە نەکەوتین.
وانەیەکیش لە حەزرەتی سلێمانەوە فێر نەبووین

تا هیچ نەبێ وەسیەتنامەیەک،
لای باڵندەیەکی ناسیاو جێ بهێڵین..
ئێمەداماو بووین داماو
ئەو ئێوارە خەمبارەی کە تەمەنیان دابەش کرد
کیسەڵەکان بە خشە خش و
سیسارکەکان بە زیکە زیک، گاڵتەیان پێ کردین
تەنانەت تەمەنی هاوڕێیەکم
لە کلکی تاوسێکی مەکرباز و
لە کاکۆڵی دڵبەرە بێوەفاکەی خۆی کورتتر بوو
ئێمە داماو بووین داماو
ئەوەندەی ئەو ماسییە کوژراوەیشمان پێ نەبڕا
کە هەواڵی کوشتنەکەی
درایە یەکەمین لاپەڕەی ڕۆژنامەی ئاو..
ئێمە داماو بووین داماو
فریانەکەوتین ڕۆژێ
بیر لە عەینەکی شکاوی
درەختە چاوکزەکان بکەینەوە
فریانەکەوتین ڕۆژێ
مشتێ بۆنی باڵندەیەکی سەوداسەر
بۆ دارێکی نەخۆش بەرین

فریا نەکەوتین ڕۆژێ
کەمێ دڵی
ئەو چۆلەکە قاچ شکاوە بدەینەوە
کە ئێواران بۆ بێکەسی خۆی دەگریا..
فریا نەکەوتین ڕۆژێ
ئەو کۆترە باریکەیە ئاشت کەینەوە
کە لە ئاوەدانیی تۆرا بوو
ئێمە داماو بووین داماو
لە هەر دەرگایەکمان دا
مردن لێی کردینەوە
لە هەر دەرگایەکمان درا مردن بوو
مردن وەکو (بانە) وابوو بۆ ئێمە
هەموو ڕێگاکانمان
دەچوونەوە سەر مردن
تەنانەت ڕێگاکان خۆیشیان مردن بوون
- بۆ کوێ بچین
کە وەڵامی هەموو مەتەڵەکان مردن بێ..؟
خاکی کوێ بەسەر خۆماندا بکەین
کە دوا خەونی دارە داماوەکان و
بەردە بێکەسەکان و

**زەوی و ئاسمان مردن بێ..؟!**

**سەیرە..!**

**ڕۆژانێک ڕقم لەو شیعرە قوڕبەسەرانە بوو**

**کە چێژی خۆخەڵەتاندنیان لێ تێک دەدام**

**کەچی ئێستا وەک دەبینن**

**دەبێ ناونیشان و**

**دوا دێڕی هەموو شیعرەکانم مردن بێ..**

**بۆ کوێ بڕۆین..؟!**

**خاکی کوێ بەسەر خۆماندا بکەین..؟!**

١٩٩٩

---

❋ لە شیعرێکی: (فلادیمێر هۆلان) وەرگیراوە..

# ژنێک دەمرێ و
# پیاوێک بە چراوە نایە

ژنێک کە (با)ی نەوتاوی کردووە
چرایەک دادەگرێ
دەست بۆ بلورەکەی دەبا و
تەرمی پەپوولەیەک دەکەوێتە بەرپێی
- خۆزگەم بەو دڵە بچکۆلەیەت
کە بە خەیاڵی ڕوناکییەوە دەمرێ..
ژنێک کە (با)ی نەوتاوی کردووە
بە خەمناکی،
چرایەک هەڵدەگرێ..!

❋ ❋ ❋

ژنێک دڵی دەرگای نییە
پێم خۆشە و
نامەوێ بەبێ لە دەرگادان
بچمە ژوورەوە
دەمەوێ لە دەرگا بدەم و
دەرگا نییە..!

❊ ❊ ❊

ژنێک بە شەقامێکدا ڕەت دەبێ
پیاوێک کە بۆنی بۆیەی لێدێ
تابلۆی سێو دروست دەکا
- سێوێکی وشک
ئەو هەموو خەڵکەی تێ ئاڵاوە و
دوو سێوی تەڕ
کەس بەزمانی خۆیان،
سڵاوێکیان لێ ناکا..!
ژنێک،
لەو سەری شەقامێکدا، دەگری
پیاوێک،
لەم سەر، تابلۆی سێو دروست دەکا..!

❊ ❊ ❊

ژنێک لە پەنجەرەیەکی دڵتەنگەوە
لە باخێک دەڕوانێ:
پیاوێک پرتەقاڵ لێ دەکاتەوە
ئەو دەستی دەگاتە پرتەقاڵەکان و
ئەم موچوڕکە بە لەشیدا دێ
ژنێک موچوڕکە بە لەشیدا دێ و
پیاوێک،
پرتەقاڵ لێ دەکاتەوە..!

❊ ❊ ❊

ژنێک،
لە نێو تاریکستانێکدا وڕێنە دەکا:
- چەند جوانە پیاو چرای بەدەستەوە
ڕوح دەڕوا و پیاوێک بە چراوە نایە..
ماملێ لالە بەدەستان دەچڕێ
ژنێک،
ژوورەکەیشی وەک دڵی تەنیایە
ژنێک،
بە خەیاڵی ڕوناکییەوە دەمرێ و
پیاوێک بە چراوە نایە..!

١٩٩٩

# دەمەوێ هەموو جارێک
# سوێندت بدەم

هۆ ئەو نازەنینە میهرەبانەی درەنگ هاتی
بەڵام شۆخ و شەنگ هاتی
بمبوورە
گەر نەمزانی دەرگای ئەم نووسینەت
چۆنچۆنی لێ بکەمەوە
بمبورە گەر نەمتوانی
گەورەیی هاتنەکەت
لە نێو دڵی بچکۆلانەی
ئەم وشانەدا جێ بکەمەوە..!

بمبوورە گەر نەتزانی
دەمەوێ چیت بۆ بنوسم
چونکە هەمووشتەکان لە بەر پێی تۆدا
وەک بروسکە لێی دابن وایە
بمبورە گەر شوێنێکم لە بیر کردبووی
بە چرپە پێی بڵێم هەستە لە خەو سەرمایە
هەستە با تۆزێ لەو ئاگرەت بدەمەوە
کە خۆت پێت بەخشیوم..!

***

دەزانی بەر لە هاتنی تۆ زۆرجار دەموت:
مرۆڤ دەبێ هەمیشە شوێنێ،
دۆزێ،
کەسێکی هەبێت ڕووی تێ بکات
بەڵام خۆم نەمدەزانی ڕوو بکەمە کوێ..؟!

***

دەزانی هێشتا پێکەوە بووین
خەمی ئەوەم لێ هاتبوو
چۆن و
کەی و
لە کوێ

پێک دەگەینەوە..؟
دەزانی چیرۆکی ئەو منداڵەم بیردەکەوتەوە کە دەڵێن:
زۆری حەز لە خورما و ڕۆن بووە
ڕۆژێکیان گریاوە و
گریاوە و
گریاوە
وتویەتی هەر دەبێ خورما و ڕۆنم بۆ ئامادە بکەن
کە بۆیان ئامادە کردووە
بەرلەوەی لێی بخوات
گریاوە و
گریاوە و
گریاوە
وتویەتی تا سوێندم بۆ نەخۆن
کە سبەینێش هەمان خواردنم بۆ ئامادە دەکەن،
نایخۆم..!
ئەمە چ دۆستایەتییەکە:
خەمی ئەوەم هەبێ چۆن پێت دەگەم
کە پێت گەیشتم خەمی ئەوەم هەبێ
چۆن پێت بگەمەوە..؟!
ئەمە چ منداڵبوونەوەیەکە..؟!

ئای کە مەزنە مرۆڤ دۆخێکی بۆ بڕەخسێ
تیایدا منداڵ بێتەوە..!
بڕوا بکە ئەوەندە منداڵ بوومەتەوە
کە بەنیازم ئیدی لەگەڵ هەموو هاتنێکتدا و
بەر لە هەر شت
سوێندت بدەم کە جارێکی دیکەش دێیتەوە و
بەبێ هیچ دوودڵبوونێک
وەک بەهار لەبەردەمما دەکرێیتەوە..!

***

دەزانی تۆ زۆر ئاسانتر لەوەی وێنام کردبوو
داگیرت کردم..؟!
سڵاو لەو چرکەساتە
پڕ لە جوانی و
جووڵە و
جمانەی کە هاتی..
سڵاو لەو چرکەساتە
پڕ لە سۆز و
سادەیی و
سووتێنەی
کە دێیتەوە..!

٢٠٠٣

# نازدارترین منداڵ

# گەورەترین ئیمپراتۆر

چەند جوانن ئەو کەسانەی
کە دەتوانین خۆشمان بوێن..!
چەند جوانترن ئەو کەسانەی
کە ناتوانین خۆشمان نەوێن..!
چەند جوانی تۆ
کە وەکو بانە
هەموو ڕێگاکانم بۆ لای خۆت دەبەیتەوە..!
چەند مەزنی کە دام دەگیرسێنیت و
داگیرم دەکەیت و

ئاوەدانم دەکەیتەوە..!
ئەمریکا درۆ دەکات
داگیرکەرێکی ڕزگارکەر نییە
داگیرکەری ڕزگارکەر تۆی..
ئەمریکا وەختێکی زۆری دەوێ
تا عیراق ئاوەدان دەکاتەوە و نایشڕوات
بەڵام تۆ لە یەک چرکەساتدا
داگیرم دەکەیت و
ئاوەدانم دەکەیتەوە و
دەیشڕۆی..!

***

- دەزانی شوێنەوارێکی سووری لێوە دڵتەڕەکانت
لە سەر کراسەکەم جێمابوو
توانیم بە ئاسانی لایبەرم
بەڵام گەر ویستم
لە ترسی خەڵکە خراپەکانی ئەم وڵاتە
شوێنەوارت لە نێو چاومدا بسڕمەوە
هانا بۆ کوێ بەرم..؟!
گەر ویستم لەو خەڵکەی بشارمەوە
کە من تۆم خۆش دەوێ
خاکی کام وڵات بکەم بە سەری خۆمدا و
کراسی کام سوورەتی قورئان بکەمە بەرم..؟!

***

دەزانی هەست دەکەم

ئاوێنەکەت کردووم بەماڵێکی پڕ لە گوڵ و

بەو پەڕی میهرەبانییەوە

هەم ئاویان بۆ دێنی

هەم شەوان دەچیتە لای ژاکاوەکانیان و

دڵیان دەدەیتەوە و

هەم بەیانیان

لە خەویان هەڵدەسێنی

هەر کە منیش لێتان نزیک دەبمەوە

باوەشم پیا دەکەیت و

بە چاوەکانت جوانی و

بە لێوەکانت ماچ و

بە دەستەکانت گوڵاوم پیا دەڕژێنی..؟!

***

ڕاندال دەڵێت:

(تەنیایی ئەوە نییە

کەسێک نەبێت سەردانت بکات..

ئەوەیە

کەسێک نەبێت سەردانی بکەیت).

بەڵام من لە سایەی تۆوە

ئەوەندە ئاوەدانم

تەنانەت ئەو کاتانەی
کە بەقەد دەنکە گێلاسێکی مەستیش
ڕوناکیم بۆ نامێنێتەوە
خۆم بە تەنیا نازانم
چونکە هەم ڕێگای ماڵەکەی تۆ و
هەم ڕێگای ئاوێنەکەی خۆم دەزانم
من لە سایەی تۆوە
ئەوەندە ئاوەدانم
دەڵێی نازدارترین
منداڵی سەر ڕووی ئەم زەمینە و
گەورەترین ئیمپراتۆری جیهانم..!
٢٠٠٣

# مـــەرگ

خەونەکانمان

وەک پۆلە مێرووولەی نێو لافاو

بەکۆ مردن

مەرگ لە هەموو دەرگاکانی دا

کچی قەد زراف و

ژنی سینە ساف و

فریشتەی خۆشبۆ مردن

مەرگ

نامەی بۆ ماڵە نەخوێندەوارەکانیش نارد

پیاوی دەروون پاک و

ژنی سینە چاک و

منداڵی دڵپەمۆ مردن
مەرگ دەستی لە شێتەکانیش نەپاراست
ئەوە ئێمە پاداشتی گوناهەکانمان بوو
ئەی ئەوان بۆ مردن..؟!
مەرگ ڕێزی بۆ خەونەکانی شیرین دانەنا
فەرهادی لە بێستوندا بێناز کرد
مەرگ هەموو دەرگاکانی پێوەدا
تەنها دەرگای گۆڕ و
دەرگای تەنیایی ئەبەدی و
دەرگای بێهاودەمی واز کرد..!
مەرگ (چا)ی بێوەژنە هەتیوبارەکانیشی خوارد
مەرگ لە ئێوارە کۆڕەکانیدا
هەر بە تەنها پرسە و
خوێن و ئێسکی باس کرد..
مەرگ لە یەک کاتدا
ماڵی میدیای زەندی و
ماڵی هونەری کوردی و
ماڵی هەموو ئەم ناوچەیەی
بێ نەغمە و بێ ئاواز کرد..!

* * *

ئای جاران کە منداڵ بووم،
دەمووت ئەگەر مەرگ بۆ گیانم بێ

دەچمە ژێر کەوا و سەڵتەکەی باپیرەمەوە
تاکو تێپەڕ دەبێ..!
بەڵام مەرگ
باپیرەیشمی بردەوە
مەرگ
پڕ بەم دنیایە (باڵا)ی تەخت کرد و
پڕ بەم دنیایە (کێل)ی ڕاست کردەوە
مەرگ دەک ماڵت کاول بێ
وەک ماڵمان کاول دەکەی..
مەرگ دەک منداڵت لارەمل بێ
وەک منداڵمان لارەمل دەکەی..
مەرگ دەک ماڵت کاول
مەرگ دەک منداڵت لارەمل
مەرگ دەک ماڵت
مەرگ دەک منداڵت
مەرگ دەک
مەرگ دەک
مەرگ
مەرگ..!

١٩٩٨

# ژیان ژنێکی خەواڵووە

هێشتا پایز خەو بەری نەداوە
ئەم (با)یانە،
هەڕەشەی چی
لەو گەڵا خەمبارانە دەکەن..؟
ئەم (با)یانە، خۆ کچیان هەڵ نەگیراوە
بۆچی ئاوا بەو دارانە دەکەن..؟
کە گەڵاکان وەرین،
کە دارەکان مردن،
نۆرەی چاوە ترساوەکانی ئێمە دێ
ئاخۆ چوارینەیەکی میهرەبان

**خۆی بە کێلی گۆڕەکەمان دەبەخشێ..؟!**
**ئاهـ. ژیان چ ژنێکی خەواڵووە**
**چمکی کراسە شۆڕەکەی**
**هەمیشە لە خەم د ەخشێ..!**
**ئاهـ.**
**ئەی گەڵا و دار و درەختەکان**
**چاوتان لێیە مردن چ پیاوێکی گێلە**
**لەو هەموو شیرینی و**
**نازداری و**
**جوانیەی نێو دنیادا**
**لە جێی تۆزێ دڵداری و**
**تاوێ تارژەنین و**
**لە جێی ئەوەی کەمێک خەم بە بادا**
**ئاڵاوەتە ڕوحی پڕ لە ناڵەی ئێمە**
**ئاهـ نازانم ئەم پیاوە گێلە**
**بۆچی یەخەمان بەرنادا..؟!**

١٩٩٨

# مەنزڵگای یاران کوانێ

باوکم ئێمەی
لە خەوی نەبوون هەڵساند و
خۆی لە کۆشی نەبووندا خەوت
ئێمەی کردە داوی ژیانەوە و
لە گۆڕێکدا پاڵ کەوت..
ئێستاش دڵم دەسووتێ بۆی..
باوکم داماوێک بوو
هەر ئێمەی دانا و ڕۆی..
– ئەرێ من پێش ئەوەی لە دایک بم

چی بووم..؟!

سێوێکی سوور،

یان بۆڵێک ترێی سپی بووم..؟!

مەمکی دار پرتەقاڵ

یاخود پەلکی شۆڕەبی بووم..؟!

- ئەریٚ من پێش ئەوەی لەدایک بم

چی بووم..؟!

کارمامزی ڕاونراو

یان گورگی ڕاوچی بووم..؟!

کۆترە باریکەی سەرگەردان

یاخود کوکوختی بووم..؟!

- من نازانم پێش ئەوەی لەدایک بم

چی بووم

هەر ئەوەندە دەزانم

ڕۆژێک مردن،

وەک شەڕی شەیتانیٚ

وەک بەڵای ناگەهانیٚ

دەڕژێتە نێو گیانم

دەمباتەوە بۆ جیهانێ
گەرچی لێوەی هاتووم
هیچ شوێنێکی تێدا شارەزا نیم
نە ئەشکەوت و
نە ئاوایی و
نە تاقە ڕێگە و بانێ
دەمباتەوە بۆ جیهانێ
نابووت ترین مرۆڤیش نابینم
وەڵامی یەک پرسیارێکم بداتەوە:
(مەنزڵگای یاران کوانێ..؟!)

١٩٩٦

# دەستی ئافرەت و
# پەنجەی پیاو

-پایز مەرگی بێکەسێک بوو، کپ ڕۆی
سۆزێک گڕی تێبەرداوم
سەرسام،
نازانم ئەوە یان تۆی..؟
-مار ئاویان ژەهر ڕێژ کرد
دووپشکە زان
کوللە بەناو دەغڵ کەوتن
سمۆرە سەر دارگوێزان

گەردوون سیمای گۆڕا

شکاوی کولانەوە

برین خوێنیان تێزان

منیش بەرەو لای تۆ هاتم

– ئاوت دەوێ..؟

– نەخێر

– نانت دەوێ..؟

– نەخێر

– ئەی چی..؟

حەزم لێیە ئاوێزان بین، ئاوێزان

–ئەی ڕۆ ئەوە چییە

لە کەیەوە شێت بووی..؟!

–لەو کاتەوە

دەستی ئافرەت زامە و

پەنجەی پیاویش گوێزان..!

١٩٩٣

# پێویستە دوورتر بڕوانی

بەسە تاکەی ئەم نێرگسانە
بە شەونمی سوێر دەخنکێنی..؟
بۆ نازانی
گریان گرێی هیچ کێشەیەک ناکاتەوە..؟!
پێویستە نەهێڵی بەم تاریکی بارانە
بێهودەیی
تیشکی چراکەمان بخواتەوە
پێویستە بزانی
کە دەبێ دوورتر بڕوانی

ئەگەرنا چۆن دەتوانی

«خانی»ببینی

باوەش بۆ تیشکی ڕۆژ دەگرێتەوە

«حاجی»ببینی

بەدەم باڵۆرەی بارانەوە پێدەکەنێ

«سالم» ببینی

پاش ئەوەی لەگەڵ «بەبە»دا دەکەوێ

چۆن هەڵدەسێتەوە

«نالی»ببینی

دوای ئەو هەموو غوربەتە

بەدەم چ کەیف و سەفا و

گۆرانی وتنێکەوە دێتەوە..!

پێویستە بزانی

کە دەبێ دوورتر بڕوانی..!

١٩٩٠

# من و تۆ

ئای چ ڕۆژگارێک تێکەوتین
چەم هەڵ دەقرچێ بۆ ئاو
کۆسار پڕە لە چاوی وشکەوەبووی پەپوولە
تاوێر لەدەنووکی شکاو
ئێستا ئێمە
لە خەڵکی مەملەکەتێک دەچین
بێ تیشک و بێ هەتاو
خامۆشیی دەمانخوات
تاریکیی ئەشکەوتێکە
دەمانگرێتە ناو

ژیانێکی وشک بەسەر دەبەین و
مردنێکی غەریبانە دەمرین
هێندەی ماسییەکیشمان پێ نابڕێ
کە تەرمەکەی دەکەوێتە سەر ئاو..!
بۆیە پێویستە من و تۆ
بچینە ناو باوە
سەرمان داگیرسێنین
ماچەکانمان بپرژێنینە دنیاوە
پێویستە من و تۆ
دەستمان بکەین بە ئەستێرە
سەرمان بکەین بە مانگ
پێویستە سینگی بەردەکانیش
پڕکەین لە هاوار و لە بانگ
پێویستە من و تۆ
ببینە دوو کانی
تا بە قوڵپەقوڵپی دڵمان
ئاسمان پڕکەین لە گۆرانی..
بچینە ناو باوە
سەرمان داگیرسێنین
ماچەکانمان
بپرژێنینە دنیاوە..!

١٩٩٣

# شەوێکی ئەفسوناوی

به دوای ڕوناکیدا دەگەڕێم
ڕێم کەوتۆتە دێی پەرییان
هەموویان ڕەشپۆشن
دەنگی سەگوەڕ نایە
چرای ماڵەکان خامۆشن
دەڕۆم لە مزگەوتەکەیاندا، دەخەوم
ئەمشەو دەبم بە هاوەڵی:
کوپەیەک و
حەسیرێک و
تاتەشورێک و

**تابووتێ..**

**ڕێم کەوتۆتە دێی پەرییان**

**بە چاوی خەیاڵ دەیانبینم**

**مەمکیان وەکو چرا**

**لە پشتی پەردەوە دەسووتێ**

**من بۆ ڕوناکی دەگەڕێم**

**دەمەوێ داوێنیان بگرم**

**دەڵێن خەویش وەکو مردن وایە**

**بەهێمنی و**

**هێواش**

**هێواش**

**دەمرم..!**

١٩٩٢

# شیرین تەشی دەڕێسێ

نە ڕۆژێکە و نە دوانە و نە سێ
ئێواران تاشەبەردەکانی ئەم ئەشکەوتە
هاواریان لێ هەڵدەسێ..
بەیانیان گوڵە بەڕۆژەکانی ئەم هەرێمە
بۆ تیشکی هەتاو دەگرین،
کەچی سەریان پڕە لە شەپۆلی نسێ
نە ڕۆژێکە و نە دوانە و نە سێ
نیوەڕۆیان
زیرە زیرِی منداڵ،
هاژە هاژێکە لە بەریا:

ئاسمان: تژی

زەمین: شەڵاڵ..

نە جارێکە و نە دوانە و نە سێ

شەوان خۆڵی کڕوزانەوە دایکان

بەدەم هەناسەی شنەباوە

بەهێمنی و لەسەرخۆ،

دەبارێتە قژی بژی دنیاوە..!

نە وەختێکە و نە دوانە و نە سێ

ئەم شتانە ڕوو دەدەن

بەڵام شیرین

چاوی پڕە لە هیوا

بەردەوام تەشی دەڕێسێ..!

١٩٩٢

# دوو قەترە فرمێسک

به ئەنفالکراوەکان پێشکەشە

**ڕومەتی سۆپاکە ئاڵ داگەڕاوە**
**چراکەیش بەهێمنی دەسووتێ**
**تۆیش پرچت بەشانتا داداوە**
**ئای خانمی وڵاتی مەم و زین**
**ئێستا سەرت ئۆردوگایە بۆ خەم**
**دڵت بارەگایە بۆ برین..**
**ئێستا بەدەم نیگەرانی دەروونتەوە**
**پەنجەی زەڕنەقووتەت**

له لاجانگت دەساوی..
ئێستا تۆیش وەکو سۆپاکە داگیرساوی..
کچە بچووکەکەت ڕادەپەڕێ
بەدەم خەوەوە چەند شتێک دەڵێتەوە:
شێتانە لێت دەپرسێ:
- دایە ئەوە زیندانیەکانیش بەربوون
ئەی باوکم کەی دێتەوە..؟!
(پاش بێدەنگییەکی کەم):
- دایە ئەوە بۆ دەگری..؟!
دوو قەترە فرمێسک
لە چاوانتەوە دەرژێن
یەکێکیان دەتکێتە سەرگۆنای ئەو و
ئەوەکەیشیان
لە چاڵی چەناگەتدا هەڵ دەگری..
- دایە باوکم کەی دێتەوە..؟!
- دایە ئەوە بۆ دەگری..؟!

١٩٩١

# عیشقێک پێچرایەوە

*بۆ ئەوکچەی بەکپی کوژراو بەبێنیازی نێژرا*

**ئەگەر فرمێسک گوڵی بگرتایە**
**ئێستا دنیا هەمووی گوڵی گریان بوو**
**دوێنێ شەو درەنگانێ**
**موچوڕکەیەک ڕوحی ڕاوەشانم**
**نەمزانی شینی دایک**
**یان ناڵەی شەجەریان بوو..؟!**
**ئەستێرەیەک کشا**
**گوڵێک لە دڵێکی پرسی:**

- بۆ وا مات بووی..؟

- ئەوەی بینیت ڕۆحێکی پڕ زریان بوو

لە ئاسمان داگیرسا

چەمێک قریشکانی

گۆڕستانێک ترسا..!

کە سپێدەیش پرچی شەوی بڕی

بە سوورمەی خەم

چاوی ڕێگە ڕێژرا

عیشقێک پێچرایەوە

تەرمێک بێناز نێژرا..!

١٩٩٥

## سبەینێ

تۆ مرۆڤێکی سادەی
بیر لە شتی سەیر دەکەیتەوە
خەریکە بەنێو قەدی ئەم چیایەوە،
چۆک دادەی
وەلێ هێشتا چاوی «وان»
بەگێژاوەتای خەو وشک نەبۆتەوە
«زەڵم»
دەستی لە کەمەری خاک بەرنەداوە
«تانجەڕۆ»
باوەشی بە مەرگا نەکردووە
«سیروان»
خۆی لە کفن وەرنەپێچاوە
تۆ هەر لە خۆتەوە
سبەینێت لە بیرچۆتەوە..!

١٩٩٠

# ئەم دێڕانە دوا یاداشتی منن

-دەڵێی بەهاری لە خۆتەوە دەناڵێنی
چاوەکانت بوونەتە گۆزەی گریان..
دەژاکێی وەک پرچی بێوەژن و
سۆز دەکەی وەک
دەنگی پڕ لە ناڵەی زریان..!
دەڵێی شاخی شاخەوان کوژراوی
خەم لە تاشە بەردەکانت دەتکێ..
دەڵێی وێڵی لە کاروان جێماوی
نازانی هاوار بەریتە بەر کێ..؟

دەگری..

دەمری..

کەس بەدەنگتەوە نایە

مێژووت پڕە لە شیوەن و

خاڵی لە هەڵپەڕکێ..

دەڵێی شاخی شاخەوان کوژراوی

خەم لە تاشە بەردەکانت دەتکێ..!

-ئەم دێڕانە دوا یاداشتی منن:

هەن بە حەسرەتی ئەمریکا و

هەن بە حەسرەتی ئەوروپا و

هەن بە حەسرەتی بەهەشتەوە دەمرن..

من بە حەسرەتی گۆڕستانەوە مردم..

زێوانێک بووم

گۆڕستانەکەیان کاول کردم..

لە شەوێکدا:

کە دەمویست خەونێک ببینم،

کەللە سەری مردۆکانیان تێ گرتم..!

# نامۆبوون

خەوتووم، لەخەومدا دەبینم:
زێیەکی ڕاکشاو
گەورە وەک ئەو جوانیانەی کۆتاییان نایە
زێیەک شەپۆلەکانی،
دەڵێی بازنگیان لە دەستایە
پێش ئەوەی بەدیداریان شاد بیت
سۆزت دەوروژێنن
دوایی بە دەستە تەڕەکانیان
گیانت فێنک دەکەنەوە
دەڕۆن خەمەکانت دەبەن

دێن بەختەوەریت دەدەنەوە..
زێیەکی ڕاکشاو
تەلیسمێکی بە ئاسمانا هەڵچوو
کاکۆڵێکی بەزەویدا خشاو
ڕادەپەڕم لەگەڵ خەیاڵ دەڕۆم
گوێم لێیە باڵندەیەک دەڵێ:
ئای بۆ ئەو وڵاتانەی
منداڵانی دارلاستیک ناگرن بەدەستەوە
گەورەکانی بۆ جەژن
تاپڕ نادەن لە بەرۆکی شانیان
باڵندە ناکوژن..
(دارێک ئاخێک هەڵدەکێشێ):
- ئەی بۆ نارۆی لە یەکێک لەو وڵاتانەدا
سەر و دەنووک و باڵت هەڵبکێشی لە نوور..؟!
- ئاخر بێ وڵاتی گرانە
بێ وڵاتی ئازارێکە گەورە
ژانێکە بێسنوور
(هاواری شاخێک بەو ناوەدا پەخش دەبێ):
- ئێستایش (نالی)
بۆ ئاوی کانییەکی شارەزوور

گڕ لە شوێنی گۆڕەکەیەوە هەڵ دەسێ..!
دەبینم:
شێتێک بێهودە دێت و دەچێ
حەزی لە سێوێکە و نییە
بێ پەساپۆرت دەچمە وڵاتی دڵیەوە
ئای کە لە من دەچێ..!
شێتێکی تر
خوێنی کەوتۆتە هەڵپەڕکێ
دەمارەکانی سەری خۆی
لێ بووە بە (نەی)..
لە ناوەڕاستی شەقامێکدا
توند توند داوێنی خانمێکی گرتووە:
دەمەوێ فوویەک لە پشکۆی دڵم بکەی..
شێتێکی تر
سواری ئەسپەشێی خەیاڵ بووە
سەری پڕە لە عیشقی کاڵێ
دەڕوا و دەڕوا
دەگاتەوە ئاوایی
گەورە کچێکی لێوگەزۆ
خەریکە پەچە دەماڵێ..

دەچێتە بەردەمی:
- لە شارەوە
سەری خۆم هەڵگرتووە و هاتووم
لە هەموو شتێک بێزارم
لە مێخەکبەنەکەی ملتا بمشارەوە..!
دەبینم:
بێوەژنێکی ژاکاو
هەموو گیانی داگیرساوە
(سەرنج دەگرێتە منداڵەکانی):
- ئەی خوایە
ئەو فریشتە پاکانە
بۆ لە بەختەوەری بێبەش بن..؟
(دەست بۆ سینگی خۆی دەبا)
ئەم ژنە سینە چاکانە
تاکەی نوقمی جلی ڕەش بن..؟
دەبینم:
کچێک سیمای ون بووە
سەر وەختێکە بە دوایدا دەگەڕێ
بەڵام نایدۆزێتەوە..
بەیانیان

لە داخی ئەوانەی سیمای ئافرەت دەدزن، دەڕوا
ئێواران
لەگەڵ ئەواندا دێتەوە..
دەبینم:
کەنیشکێکی قژ ڕەش،
سپی بەدەن
ئەوەندە بەستەزمانە
شەرم لە ئاوێنەکەی خۆی دەکا
حەزەکانی،
وەک دووپشک پێوەی دەدەن..!
❊ ❊ ❊
خاو دەبمەوە
دیسانەوە دەخەوم
دەبینم:
زێیەکی ڕاکشاو
گەورە وەک ئەو جوانیانەی کۆتاییان نایە
زێیەک شەپۆلەکانی
دەڵێی بازنگیان لە دەستایە
پێش ئەوەی بە دیداریان شاد بیت
سۆزت دەوروژێنن

**دوایی بەدەستە تەڕەکانیان**

**گیانت فێنک دەکەنەوە**

**دەڕۆن خەمەکانت دەبەن**

**دێن بەختەوەریت دەدەنەوە**

**زێیەکی ڕاکشاو**

**تەلیسمێکی بە ئاسمانا هەڵچوو**

**کاکۆڵێکی بەزەویدا خشاو..**

**دیسانەوە ڕادەپەڕم..**

**دەخەومەوە..**

**ڕادەپەڕم..**

١٩٩٢

# ئەفسانەی پاییز

زوو پایز ژنێک بوو
ناسکتر لە خەیاڵ
ژنێک بوو،
وەک دەڵێن کابانی گەورە ماڵ
ڕۆژێکیان ئەژدیها کوڕێکی لێ دزی
ونی کرد وەک بەردی بنی گۆم
کچێکی ئاو بردی
شەوێکیش
خەونێکی مەزنی کوێر کرا
زنجێکی دروستکرد، تێک درا

ئەمانە گشت بوونە بناغەی چیرۆکێ
هەر ساڵەی بەجۆرێ دێتەوە و
پایزی داماویش لە تاوا
بە چەپۆک لە سینگی خۆی دەدا
پرچی خۆی دەڕنێت و
دەیداتە دەم باوە..
- ئەوانەی کە منیان خۆش دەوێ
ئەوانەی حەز دەکەن
پرچەکەم وەک بەهار سەوز بێ
ئەوانەی تاڤگەن و
چاوانی پڕ خوێنم دەشۆرن
با هەڵسن
بناغەی ئەم کۆنە چیرۆکە بگۆڕن..!
١٩٨٩

# چاڵی جەرگ

(ئەم شیعرە خوشکی چیرۆکی- چاڵی جەرگی پیرێژن-ی حسین عارف-ە)

**کات چلەی زستانە**
**هەوارمان کوێستانە**
**شاخەکان لە پەری و**
**فریشتەی خوا دەچن**
**دارەکان دەڵێی شیر لە گیانیان ڕژاوە**
**تاوێرە بۆرەکان پەمویان دەرداوە**
**خاک جوانە کچێکی منداڵە**
**خۆی دەشوات،**

**ئەوەتا لە کەفی سپیدا شەلاڵە**

**کزەبایش تاوتاوە**

**بە پەلە و تووڕەیی**

**ئەو ناوە لە بۆنی هەڕەشە پڕ دەکا**

**شەپۆلی ترس و بیم**

**لە دووی خۆی جێدێڵێ**

**دەست و پێی دار و بەرد سڕ دەکا**

**کەچی وا ئافرەتێک،**

**قژ سپی، پشت چەماو**

**ئەو دەشت و دەرانەی**

**داوەتە بەر شەقاو**

**ناترسێ هەرچێکی بەسەر بێ**

**هەڵوەدای وەرامی پرسێکە:**

**- (کوا چاڵی جەرگی من..؟!)**

**خەریکە ئاگرم تێبەربێ..!!**

١٩٩٠

# تۆ و هۆنراوە و مردن

(١)

ئەو (با)یە ڕچیوەی زستانان

دەڕژایە سینگتەوە و

تیژ وەکو چەقۆ بوو..

(با) نەبوو

هەناسەی تەزیوی (کوردۆ) بوو..!

(٢)

ئەو گڕی گەرمایەی هاوینان

دەچزا بەسنگ و بەرۆک و بە ڕووتا

ئائەوە

دووکەڵی تۆزقاڵە جەرگەکەی دایکم بوو

بۆ حاڵی شێواوم دەسووتێ..!

(٣)

ئەو گەڵا زەردانەی پاییزان

ڕەشەبا،

لای ماڵی ئێوەوە بەرەو خوار دەیبردن

ئەوانە چۆلەکەی ئاواتی گیانم بوون

بە کۆمەڵ دەمردن..!

(٤)

ئەو ڕۆژە ڕەشانە ئارامگای هەناسەم

پاڵ کێلی دۆستان و پاڵ تەرمی شیعر بوو

هەوارگەی تەمەنی ڕچیوم

گوندێکی سەرتاپا شەڵاڵی بەفر بوو

ئەو کاتە مردنم،

شەوانی دەکردم بە کۆیلەی ناڵەناڵ

دەیکردم بە پارووی ئازاری زۆر گەورە

گەورە وەک قەڵاکەی چەمچەماڵ

بەڵام، نا

**من لەگەڵ ئەو هەموو دەردەدا**

**هەر دەستم لە عیشقی تۆ و شیعر بەرنەدا**

**چونکە چاک دەمزانی**

**ئەو کاتەی کە ئازار،**

**ڕق و خوێن،**

**لە چاوی دەباری و**

**بەرۆکی دەگرتم**

**عیشقی تۆ و هۆنراوەم لە گیانا نەبوایە**

**دەمردم..!**

١٩٨٩

## هۆره

بۆ ئەوەی ببینە شەپۆلی ڕۆشنایی و
دارەکان لەبەرمان بکەونە سەماوە..
بۆ ئەوەی چەمەکان،
سەرگەرمی گۆرانی و بەستە کەین.
وەک گڕی دوو حەیران،
بڕژێینە دەروونی ڕچیووی دنیاوە..!
بۆ ئەوەی مەم و زین
وەجاخیان کوێر نەبێ..
بۆ ئەوەی وڵاتی سەرمەستان
نەبێتە گۆڕستان،
خامۆشی بەکۆشی فێر نەبێ..!
پێویستە بسووتێین

**پێویستە،**

**دەروێشی عیشقێکی گەورە بین**

**پێویستە پێباکتر**

**لەم هەموو**

**ئەستێرە و**

**ئاسمان و**

**هەورەبین..!**

١٩٩٩

# سووتان

تۆ چونکە ناتوانی بسووتێی
تۆ چونکە خاوەنی دڵێکی گەورە نیت
ناگەیتە قووڵایی زامانم..
تا ئێستایش نازانی
من بۆچی هەمیشە هەواخوای سووتێنم..؟!
سەرنجی کۆتر دە
لەبەرچی گمەی دێ
کوکوختی ئەو سۆزە پڕ کوڵە بۆ دەکا..؟
پەلکەگیا هۆی چییە
هەڵپەرکێی خۆش دەوێ..؟!

**باسەرە بە هیوای کام عیشق و سەوداوە**

**ئەو هەموو ئاوازە شیرینە ڕۆ دەکا..؟!**

**خەڵوزت بینیوە**

**تا ئاگر لە جەستەی بەرنەبێ**

**نایێتە پەنگر و**

**شنەبا نایکاتە گیانێکی گەشاوە..؟**

**خۆ منیش تاوەکو نەسوتێم**

**منداڵی چاو گەشی شیعرێکم**

**نایاتە دنیاوە..!!**

١٩٩٩

# گوڵاڵەی نەمریی

ئێستا کات شەوێکی تەزیوی زستانە
سۆپایەک سەرقاڵی سووتێنە
ئافرەتێک پرخە پرخ
لە باڵای هەناسەی ئاڵاوە
کچێکیش
لە بەرپێی خەزانی مەینەتا
گوڵاڵەی ڕوومەتی ژاکاوە
دایکی نوست
سوپاکەیش تاوێ تر
خامۆشی دای دەگرێت..

کەچی ئەم وا تازە
جەستەی خۆی دەخاتە
بەر هاژەی
تافاوی بێداری و
ڕای دەگرێت..!
- بۆ نانووی..؟
- چاوەڕێی هاتنەوەی کوڕێکم
گوڵاڵەی نەمریی
لە سینگی مردنا دەڕوێنێ
سرەوتن دەکاتە شەقاوی گورج و گۆڵ
ڕۆیشتوە عومرێکی درێژ و
بێگەردم بۆ بێنێ
وەک عومری
شاعیرە گەورەکەی خاک و خۆڵ..!

١٩٨٩

# ئاهەنگی گریان

شەوێکی هاوین بوو
مانگ وەکو کیژێکی
لە کۆشی جێژوانا چاوەڕێ
ڕەنگی زەرد
هەر دەتوت توێکڵی لیمۆیە
دەترسا و زۆر بەوەیش دڵشاد بوو
کە بەدەم ئاگری عیشقەوە
هەناسەی شەلاڵی بۆسۆیە
شەوێکی هاوین بوو
دەنگێکی سەرتەزێن دەبیسترا
هەر دەتووت:
گۆرانی چەمێکی

**سەرەڕۆ و سەرچڵە**

شنەبا بۆنێکی زۆر خۆشی لێ دەڕژا
پێم وابوو مێخەکی لە ملە..!
شەوێکی هاوین بوو
قریوەی قەتاری قورینگان
بەجۆرێ دەڕژایە ئاوایی گوێتەوە
سەرسام بیت وەک ئەوەی
شاعیرە گەورەکەی
خاک و خۆڵ بێتەوە..!
ئا بەڵێ
شەوێکی هاوینی ئاوها بوو
وەلێ من
لەبەروەی هەلێکی زۆرگەورە
لە پرزەی بێپرزەی
شەقاوم تۆرا بوو..
ئەوشەوە
تاوەکو تاریکی
لە تیشکی زێڕینی دەمکەلا خنکاوە
ئەم گیانە پڕ ئێشەم
ئاهەنگی گریانی گێڕاوە..!

١٩٩٠

# با سەرم بسووتێ

ئێستاکە، من سەرم دەسووتێ و
تۆش ئاوت هێناوە
دەترسم گەر بیکەی بە سەرما
شێتم کا و
بڕۆم و
نەشزانم پێت بڵێم ماڵئاوا
ئەو کاتە
تۆش دڵت بڕەنجێ
خەفەتی پێ بخۆی
شەوانە فرمێسک،
لە مۆمی چاوانت بتکێتە خوارەوە
ڕۆژانە هەناسەت هەڵقرچێ
بۆکڕووز،

**بڕژێته نێو دڵی شارەوە..!**

**دەترسم ئەو کاتە**

**ژیانت لێ ببێ**

**بەتەختەی تابووتێ..**

**کەواتە دەستی من دامێنت**

**ئەو ئاوە بڕژێنە**

**باسەرم بسووتێ..!**

١٩٩٠

# فریشته

ئەم شۆخە شیرینەی
کە زام و زوخاوی تەنیایی خەریکە
کاکۆڵە ڕەشەکەی سپی کا
سەروەختێ پێش ئێستا
ڕەنگ و ڕووی
ڕوناک بوو بە وێنەی:
«کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو
لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو»×
ئێستاکە، زوڵمێکی گەورەیان
لە عیسای ئاواتی کردووە
دەک ڕەنجیان بێوەر بێ

دەک چاویان لە کورەی خۆیانا
ببێتە زوخاڵ و
تەمەنیان سەرتاپا زەرەر بێ
ئاخۆ کەی فریشتان،
بۆساری تاوانیان لە دەروون هەڵساوە..؟!
کەی باڵی کوکوختی هەناسەی مرۆڤێک
لە گڕی (ڕوح)یاندا سووتێوە..؟!
کەی جەستەی یەکێکیان
کردۆتە نیشانە بۆ چەقۆ..؟!
کەی مەلی دڵێکیان
بە ئازار خستۆتە تەپوکۆ..؟!
کەی ڕقیان:
لە خۆر و
لە نان و
ئاو بووە..؟!
کەی حەزیان:
لە مەرگ و
تابووت و
لە گڵکۆ کردووە..؟!
ئەدی بۆچ بکرێنە خۆراکی:
ئەژدیهای کەسەر و
مەینەت و

**تەنیایی..؟!**

**ئەدی بۆچ**

**گوڵەجۆی گەنجێتی و تاسەیان**

**گەردنی بشکێت و**

**هەڵوەرێت بەهاژەی سێڵاوی بێدوایی..؟!**

**ئەدی بۆچ**

**ئەدی بۆچ..**

**ئێ ئاخر کەی مرۆڤ بۆ ئەوە هاتۆتە دنیاوە**

**دەروونی داخ کرێ و**

**شاباڵی کوکوختی تەمەنی**

**بەهەوەس بدرێتە دەم باوە..؟!**

**کەی مرۆڤ**

**بۆ ئەوە**

**هاتۆتە**

**دنیاوە..؟!**

١٩٩٠

---

* دێڕە شیعرێکی گۆرانە

# زەکیە ئالکان

ئێوارە بوو
(با)یەک دەهات
هەناسەی خۆشی نەورۆزی لەگەڵا بوو
(با) یەک دەهات
وێنەی چیای باڵابەرزی،
کوردستانی لەدڵا بوو
بایەک دەهات
بە سەدای سەرتەزێنەوە
هۆرەی دەکرد،
سترانی سووری دەچڕی،
شیعری خانی دەخوێنەوە..
بایەک دەهات

بۆ نەورۆزی یاساخکراو،
جەژنی پیرۆز
جەژنی لای چیا و ڕوبار و گەل خۆشەویست
گڕی دەویست
گڕی ئەوینێکی پەتی
بۆ کوردستان،
بۆ باوەڕی کوردایەتی..
گڕمان هەیە
بەڵام کردنەوەی یاساخ و قەدەغەیە
لێرە ئەوەی بیکاتەوە
جەستەی دەکەن بە جێژوانی گوللە و چەقۆ
سەری بە کێڵگە بۆ مەرگ
لێرە ئەوەی بیکاتەوە
مرۆڤێکە زۆر بەجەرگ..
- دەبێ کێ بێ..؟!
- مامەیارەی ئاگرگرتوو..؟!
- نەخێر قوربان
- قازی محەمەدی ئازا و
ترس لە نێو دڵا نەبوو..؟!
- نەخێر.. نەخێر
- خاتوو خانزاد، یان قەدەم خێر..؟!
- دیسان نەخێر..

نەتانزانی

کچێک بوو جوان

جوان هەر وەکو شیعری بزێو

جەستەی سپی چەشنی پەموو

ڕومەتی گەش وەک شەکرە سێو..

کچێک بوو جوان

دڵی پڕ بوو لە ئاواتی سووورداگەڕاو

بۆ ئازادی و تیشک و هەتاو

کچێک بوو جوان

هاوڕێکانی کۆکردەوە و پێیانی وت:

- وا نەورۆزە و دنیا خامۆش

ئەگەر ئاگر نەکەینەوە قەرزار دەبین

ئەوەتا (با)،

بە ئاشکرا،

کڵپەی گڕی لێمان دەوێ

(ئارارات)یش هەمان شێوە

چاوەڕوانی ئاگر دەکا

لەبەر ئەوە

بڕیارمدا

من ئاگرێک بکەمەوە

گەورە بەقەد خەمەکانی سەدەی بیستەم

من ئاگرێک بکەمەوە

ئێوەیش هەمووتان سوێند بدەم
(بە هەڵەبجە و
ئەو دارەی وا
شێخ سەعیدیان لە ژێریا کوشت)..
بڵێسەکەی خامۆش نەکەن
نەیکەن بە ئازارێکی سارد
سوێندیان بۆ خوارد
هەر هەموویان سوێندیان بۆ خوارد
ئیتر ئەویش خێرا و پەلە
نەوتی هێنا
کردی بەسەر جەستەی خۆیدا و
کڵپەی لە گیان،
لەسەر، لە دڵ،
بەرزکردەوە..
بۆ نەورۆز و
گەلی کورد و
بۆ کوردستان،
ئاگرێکی گەورە و پیرۆزی کردەوە..!

❊ ❊ ❊

لەو کاتەوە
هەموو ساڵێ ڕۆژی نەورۆز
سەرنج بدەن

**لە ناو دڵی ئاگرەکەدا**

**کچێکی جوان**

**لەسەر کافورە سپیەکەی**

**سینگی نەرمی**

**بەخوێنی گەش**

**ناوی نەورۆزی نوسیوە**

**کچێکی جوان**

**چاوی لە ئاسۆ بڕیوە و**

**وەکو ڤینۆسی نازەنین**

**بەدەم دوارۆژی کوردەوە**

**هەردوو لێوی،**

**پڕن لە گوڵی پێکەنین..!**

١٩٩١

---

زەکیە ئالکان: ساڵی ١٩٦٥ لەشاری گوموش خانەی کوردستانی بندەستی تورکیا، هاتۆتەژیانەوە. قوتابی کۆلیجی پزیشکی بوو، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٩٠دا، بەگیانە پاک و ناسکەکەی ئاگری نەورۆزی کردەوە و لاپەڕەیەکی پرشنگداری لە مێژووی شەهیدە مەزنەکاندا، بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

# هەڵەبجە

هۆ هەڵەبجەی کەسەرباری ڕەنگ زەعفەران
کە گوڵاڵە سوورەکانی دڵتیان وەران
کە شەپۆلیان
لە ناو چاوی
منداڵەکانا سەربڕی و
ژەهریان کردە لایلایەوە
کە قوڕ بۆ پرچی کچان و
باڵای دایکان گیرایەوە
کە شاخ و داخ
دەستیان کردە ڕوومەت ڕنین
کە مەلەکان باڵیان شکا و

لە هێلانە و بێچووەکانیان دایان بڕین
لەو کاتەدا
ئێمە دەنگێک بووین بەندکراو
دەسووتاین و
دەگریاین و
سۆزمان دەکرد
بەڵام کەسێک نەی دەبیستین
کێ گوێ لە دەنگی تاساوی قەفەس دەگرێ..؟
ئەوسا دەنگێک بووین بەندکراو
ئێستە ئازاد
هاوار دەکەین:
ئەی سەرانی سەدەی بیستەم
سەدەی برین و کارەسات
هەڵەبجەی خوێن، هەڵەبجەی کورد
زۆر گلەییتان لێ دەکات
پێتان دەڵێ:
من لە ژانی سووتێن دەگەم
من دەزانم

**سووتێو چۆن ڕۆژ دەکاتەوە**

**ئاگاداربن**

**ئاگاداربن**

**ئاگاداربن**

**مەهێڵن ئەم کارەساتە**

**لە هیچ شوێنێک ڕووداتەوە..!**

١٩٩١

# من بەزەییم بە حاڵی ژانا دێتەوە

ئەمجارەیان
لە سەر شاشەی چاوەکانت
لە جێی وشەی خۆشم دەوێی
(ماڵئاوایی)م، بۆ بنووسە
بە تەنیشتما تێبپەڕە و
ئاوڕ لە قرچەی سووتێنم مەدەرەوە
ئەی یەکەم ڕۆژ پێم نەوتی:
دەخیلتبم خۆت مەخە بەر،
هەناسەی ئەم مرۆڤە قژ ئاڵۆزاوە و
بیر لە عیشقی مەکەرەوە..؟!
پێم نەوتی:

ئەم مرۆڤە خەمی گەورەی لە کۆڵایە
وێنەیەکی ون کردووە و
بۆی دەگەڕێ
شیعرێکی خۆی لێی تۆراوە و
نایاتەوە
شەوان وەکو منداڵێکی (تا) لێهاتوو
حەز لە دەستی
پڕ شنەبای دایکی دەکات
تا، تەوێڵی کەمێک فێنک بکاتەوە
هەرچەند هاوار دەکا: دایە
دایکی وەڵام ناداتەوە..؟
پێم نەوتی:
ئەم مرۆڤە
جگەرگۆشەی ئافرەتێکی هەتیوبارە و
هەتا ئێستا،
کەس دەستێکی
بەسەریدا نەهێناوە..
پێم نەوتی:
وەک کۆرپەی ناو بێشکەی ئازار

بەدەسرازەی مەینەتی شەتەک دراوە..؟
بیرتە وتت:
-(ئەی چۆن هەتا ئێستا ماوە؟)
وەڵام بوو بە کەنیشکێکی خەڵکی لادێ و
گۆزەیەکی خستە سەرشان
لە قەد گۆزەکە نوسرا بوو:
ئەوەی لەگەڵ ئەم شتانەدا هەڵ دەکا
ئەوەی کەوا شەوی قڑ درێژی زستان
نەگبەتی دەچێتە ماڵی و
کاڵەمستێی لەگەڵ دەکا
ئەوەی قاڵ بووی ئەم ژانە چاو زەقانە بێ
نەک نامرێ
بەڵکو دەچێتە ناو چاوی مردنەوە و
بەقەد پاڵی کێوەکانیا هەڵ دەگەڕێ
هەڵ دەگەڕێ و بن بەرد بن بەرد
بۆ هیواکانی دەگەڕێ
چونکە ئازار برینێکە:
خوێن و زوخاوی لێ دەچێ..
برینێکە:

**به مردن چاک نابێتەوە،**

**بە نەمردن سارێژ دەبێ..!**

*** * ***

**پێم نەوتی:**

**پەنجەی منداڵەکەی دڵم**

**بەزۆر ئاگردا، چزاوە**

**کچێ نەکەی،**

**ڕومەتی خۆت،**

**لە بەردەمیا داگیرسێنی،**

**کچێ نەکەی**

**دوایی دڵێک دەسوتێنی**

**کە زۆر جاری تر سووتێوە..؟!**

*** * ***

**ئێستاش گیانە**

**بە تەنیشتما تێبپەڕە و**

**ئاوڕ لە قرچەی سووتێنم مەدەرەوە**

**ئەی یەکەم ڕۆژ پێم نەوتی:**

**دەخیلتبم**

**خۆت مەخەبەر،**

**هەناسەی ئەم مرۆڤە قژ ئاڵۆزاوە و**

بیر لە عیشقی مەکەرەوە..؟!

❋ ❋ ❋

ئەم شتانە بیرەوەرین
برۆ و کۆچکە و جێیان بێڵە
باوەکو خۆم بە هەتیوی و
لە ئازارستانا بژین
بەڵکو فێر بن
لە ناو چاوی ژان و خەما
خۆیان لە گڕ هەڵکێشن و
وەک پەنجەی زێڕینی هەتاو
لاپەڕەی شەو هەڵدەنەوە
بەڵکو فێر بن هەر هیچ نەبێ
بەرپێی خۆیان ڕوون کەنەوە..!

❋ ❋ ❋

جێم بهێڵە و
هیچ دڵیشت پێم نەسووتێ
با ئەم دڵە قوڕ بەسەرەم
وەک ئاوێنەی بەر هەناسەی
ئافرەتێکی جگەرسوتاو
ڕەش داگەڕێ..

گوێ مەدەرێ
با کانیلەی زامەکانی
قوڵپ قوڵپ
زوخاو سەریان تیا هەڵبدا
با لە بەر پێتا بکەوێ و
هەنسکی مردن هەڵبدا
نا دڵیشت پێی نەسووتێ
گوێی مەدەرێ..!

❊ ❊ ❊

جێم بهێڵە و
بۆ حاڵیشم دڵتەنگ مەبە
من خۆم بەم جۆرە خولْقاوم
من نەگبەتی ڕای هێناوم
من بەزەییم بە حاڵی ژانا دێتەوە
چونکە شەوان پۆل پۆل دێن و
سەر بە ماڵی دڵما دەکەن
تاکو خوێنم بخۆنەوە
وەلێ خوێنم ژەهری تیایە
منداڵێکی دەم پڕ موژدە هێناوێتی و
شیعر تێکەڵی کردووە

**ئەوەی دەمی پێگەشتبێ**

**وەکو تێزاب**

**بەناخیدا شۆڕبۆتەوە و**

**زۆر مەحاڵە نەیکوشتبێ..**

**لەبەر ئەوە**

**من بەزەییم بە حاڵی ژانا دێتەوە..!**

١٩٨٨

# پێم مەڵێ شەو درەنگ داهات

گیانی شیرین..!
ئەی دەست و پەنجە نازەنین
کە تەلەفۆنم بۆ دەکەی
بە مەبەستی هەواڵپرسین
مەڵێ هەواڵت دەپرسم
بڵێ دەتکەمە پادشای
گشت گۆی زەمین
ئەی دڵ بەر و
سەرنج بەر و
هەناسە بەر..
بڵێ تاجت دەکەمە سەر..
گیانی شیرین..!

ئەمشەو، وەک چۆلەکە هاتووم
بۆ دارستانی پەرچەمت
ئەمشەو هاتووم وەکو هەنگوین
بتاوێیتەوە ناو دەمم
وەکو گەزۆ،
بتاوێمەوە ناو دەمت..
پێم مەڵێ شەو درەنگ داهات
مەڵێ بڕۆ
مەڵێ باران تەڕت دەکات
بەنازداری،
دڵم هەڵمەخەڵەتێنە..
با تەمەنی کەسەرباری
ئەمشەو لای تۆ بسووتێنم
ئیتر دوای ئەوە خوای دەکرد
بەرد دەباری..!

١٩٩٤

# بۆ هەڵمەتی شاعیر

(١)

((لەبەر ئەوەی حەزم لێتە
وتیان ئەو شاعیرە شێتە))
دڵگیر مەبە..!
خۆزگە ئێمەیش
هەر وەکو تۆ شێت بوینایە
وەلێ کچە خرپنەکەی ماڵی شیعر
گەردنبەندی ئەوینمانی
لە ملی خۆی بکردایە
وەلێ ماڵە هەژارەکان

شەو بەچرای شیعری ئێمە

تاریکییان ڕاوبنایە

لەسەر گردی بەر شنەبای وشەکانمان

ڕەشماڵی خۆشەویستییان هەڵبدایە..!

(٢)

دڵگیر مەبە

ئەگەر هەندێ لە کچانی ئەم وڵاتە

دڵتیان شکان

ئەگەر هات و خوانەخواستە

یەکێکیان شیعرێکتی دڕان

دڵگیر مەبە

ئەوانیشن:

چاوی خۆیان دەفرۆشن بۆ دیوانێکت

ئەوانیشن:

لەدوورەوە

دەجار دەگرین بۆ هەنسکی گریانێکت..!

(٣)

**لەپەنجەرەی ماڵی هۆنراوەکانتەوە**

**من دەتبینم چۆن دەسووتێی**

**من دەتبینم، دەزانم چۆن**

**چاوی مەینەتی لێک دەنێی..**

**بەڵام تۆ زۆر بەختەوەری**

**دەزانی بۆ..؟**

**چونکە ماڵە هەژارەکان خۆشیان دەوێی..!**

١٩٨٨

# دەستی خەون

بۆ من مەگری و
کەساسانە
سەیری ئەشکە سوورەکانی چاوم مەکە
بۆ پۆشینی
سیمای زەردی شەرمەزاریت
ئا بەم گریانە ساختەیە هەوڵ مەدە..!
هەوڵ مەدە
جارێکی دی نایەمەوە
لە ژێر باڵی ڕەشی تۆدا ڕاناکشێم،
جارێکی دی
بە سیحری ناو چاوەکانت ناخەڵەتێم

هەر منداڵێک

دەستی چزا بە ئاگرا، لێی دەترسێ..

هەر شمشاڵێک

گشت چاوەکانی کوێر کرا

ناژەندرێ..!

نایەمەوە

بۆ بێمەوە..؟

هەر تۆ نەبووی

چراکانت کوژاندمەوە و

ماڵەکەمت کرد بەماڵی

وێڵ و ئاوارە و پەرپووتان..؟!

هەرتۆ نەبووی

دەستی هەموو

خەونەکانی

دڵمت سووتێن..؟!

نایەمەوە

بۆ بێمەوە..؟!

١٩٨٨

# شەو و هۆنراوە و
# دڵی عاشقێک

شەوە و دیسانەوە تەنیام
خەویش لای لایەی شەوگارە و
ئەم گەردوونە
بۆ کۆرپەی دڵی دەبێژێ
ئاخۆ ئێستا دڵێک ماوە
وەک ئەم دڵە سەرشێتەی من
چرای بێداری هەڵگرێ و
وڕک بگرێ بۆ هۆنراوە..؟!
– بەڵێ ماوە

**دڵ شانە نییە دوای ئەوەی**

**نازدار پرچی پێ داهێنا فڕێی بدەن**

**دڵ سروودێک نییە تەنها**

**لە سەرکەوتنا لێی بدەن**

**دڵ سێبەری مرۆڤ نییە**

**لەبەر ڕۆشنایی خۆی دەرخا و**

**لە تاریکی خۆی ون بکات**

**دڵ ترسنۆک و پوچ نییە**

**شەو دەس بکاتە مل خەو و**

**ڕۆژ لاف و گەزاف لێ بدات**

**دڵ نانوێ، گەر بنوێ دەمرێ**

**بۆیە شەوان**

**وەکو منداڵێکی برسی**

**بۆ هۆنراوە وڕک دەگرێ**

**دڵ نانوێ، گەر بنوێ دەمرێ..!**

١٩٨٧

---

ئەم شیعرە یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەمە، لە ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق)، ژمارە (٣٠) ٦/٤/١٩٨٨ بڵاوکراوەتەوە

# جێژوان و کچی شیعر

که ڕێژنەی بارانی نیگام
دەگرمە چاوی کاتژمێر
بەدەم چرپەی شیعرئاساوە
دەڵێ بنوو
بەیداخی شەو
بۆ نیوە و بگرە زیاتریش هەڵکشاوە
چاوی خەڵک،
زنەیەکی وشکبووە و
لقی سیروانێکی خەوی تێ ڕژاوە
دەڵێ بنوو

ئێستا کۆرپەی دایک مردوویش
هێندە بەبێ ناز گریاوە،
هێندە هەنسکی بۆ ناخی شەو هەڵداوە،
دوو چاوە خنجیلانەکەی
سوور بووە و خەوی تێ زاوە
هەتا منداڵی ورکنیش
ئێستا ورک بەری داوە..
دەڵێ بنوو
ئێستا نازداریش پرچەکەی ئاڵۆسکاوە
ئێستا جێژوانی یارانیش
کپە و خامۆش
تەنها بۆنی گوڵاوی ماچی لێماوە..!

❊ ❊ ❊

جێ ئامادەیە و ئامادەم
وا هەڵدەسم
گڵۆپەکەم دەکوژێنمەوە و
دەرگاکەیشم کلۆم دەدەم
سەر دەکەمە سەر سەرین و

**هەیدا هەیدا**

**یەکێک لە دەرگاکەم دەدا**

**کاتێک دەرگا واڵا دەکەم**

**سەرنج دەدەم:**

**کچی شیعرە**

**دوا کەوتووە..**

**بە پەلەپەل**

**بەرە و جێگەی ژوان هاتووە..!**

١٩٨٧

# به یادی وەلی دێوانە

دوێ شەو لە خەمدا، دوێ شەو لە خەمدا
دوێ شەو لە دنیای ئازار و خەمدا
دەتلامەوە لە نوێنەکەمدا
وەک شێت ناوی تۆم دەهات بە دەمدا
لە کوێ بووی توخوا بۆ دەرنەکەوتی
ئاخۆ تۆش وەک من تاوێ نەخەوتی
یاخود بەبێ خەم سەرت نایەوە
ئەحواڵی منت لێک نەدایەوە
من خەستەتربووم لە سینەی فەرهاد
تۆیش هەرچۆنێک بووی گەردنت ئازاد
من ناڵەم سینەی پڕ کردم لە ژان

گڕی بێتۆیی تاسەمی هەژان
تەنیایم یادی زووی هاوردەوە
سەدبارە دڵمی توێ توێ کردەوە
پێشتر غافڵ بووم لە پڕا زانیم
دەردی بێتۆیی زۆری بۆ هانیم
ئارامم نەما بە دەروێشانە
کەوتمە ناودنیای وەلی دێوانە
لەگەڵ تانجەڕۆی شیعرەکانیدا
ڕۆیشتم هەتا شەو بەیانی..دا
چەشنی ئەو منیش بووم بە هەردەوێڵ
تامەزرۆی پایز بۆ هاتنی خێڵ
چاوەڕوانی شەم شای شیرین خاڵان
وەک مانگ پەیدا بێت لە توێی ڕەشماڵان
بەڵام ئاخ هەرچەند دڵمان شەیدا بوو
نەتۆ دەرکەوتی نە شەم پەیدا بوو..!

١٩٩٦

# بەیادی کلاسیک

# سووتان

**چاوت کە چــرای جوانییە هێند پڕ خەمەســووتێ**
**پێموابــێ کــە ژین ئاخرە گشــت عالەمەســووتێ**
**ژوانــی شــەم و پەروانــە چ کەمخایــەن و کورتە**
**ئــەو کاتــێ لە خــەو ڕادەبــێ ئیدی ئەمەســووتێ**
**دڵ وڕکــی دەری یــاری لــە مــن گرتــووە هاوار**
**گــەر بیبــەم ئیتــر نایەتــەوە، نەیبەمەســووتێ**
**(بــا)ی عیشــقە بەتــاو کڵپەیــی نــاو چاوتەهێنــێ**
**وەرنە چیــە گــەر ســەیرتەکەم سینەمەســووتێ**
**کــوا حاڵــی چــرا و عاشــقی دێوانــە دەشــوبهێن**
**عاشــق کە دڵی هەردەم و ئەو دەم دەمەســووتێ**
**ئێســتەیش کە لەســەر ڕێگەیی خێــڵ ئاگرەبینم**
**پێموایــە کــە دێوانەیــە هــەر بــۆ شەمەســووتێ**
**فیــراق و ویســاڵت عەزیــزم کــوا چییــە فەرقــی**
**مــادام دڵی (کــوردۆ) هەڵەبــێ بەو، بەمەســووتێ**

٢٠٠٣

تێبینی، سەرجەم سەرواکانی ئەم شیعرە، پیتێکی (دال)یان قرتێندراوە،

چونکە بەو جۆرە دەخوێنرێتەوە کە نوسراوە، بۆ نمونە لە بری (پڕ خەم دەسووتێ)، نوسراوە (پڕ خەمەسووتێ)، لە بری (عالەم دەسووتێ) نوسراوە (عالەمەسووتێ)، هەروەها جگە لە سەرواکان لە بری (ناو چاوت دەهێنێ)، نوسراوە (ناو چاوتەهێنێ)، لە بری (سەیرت دەکەم)، نوسراوە (سەیرتەکەم)، لە بری (ئاگر دەبینم)، نوسراوە (ئاگرەبینم)، لە بری (هەڵ دەبێ)، نوسراوە (هەڵە بێ)، ئەمەیش پەیوەندی بە کێشی شیعرەکەوە هەیە، ئەو کەسانەی شارەزاییان لە کێشی عەرووزدا هەیە دەزانن ئەم حاڵەتە لە شیعری کلاسیکیدا هەیە و زۆریشە. لە شیعرەکانی دواتریشدا کەم و زۆر ئەم حاڵەتە دەبینرێت.

# مەی و هەنگوین

ئـەو شـەو دڵـی بێخـەو خەمـی لـێ بـارە دەناڵـێ
بـۆ شـێوەیی شـۆخی شـەمی چـاو چەشـنی غەزاڵـێ
شـالووری دڵـی سـەرچڵی وریـا و سـڵ-ی گرتـم
پرسـیم بەرەبـێ..؟ تـوورە بـوو، یەعنـی وتـی: باڵـێ
میراتگـری دێوانەیـی دنیـام و بـە تەنیـام
دەگریـم و دەسـووتێم بەخەمـی سـینەیە، خاڵـێ
ئـەی نەسـلی حەبیبـە وەرە هەرچیـم هەیـە بیبـە
بـۆ شـان و ملـی شـۆخ و شـلت بیـدەرە شـاڵێ
بـای پایـزی داخـان بـوو، وەرانـی گوڵـی باخـان
نابینـی هـوزار بێدەنگـە، گۆرانییـە ناڵـێ
ڕێبـوارێ هـەژار بـووم و شـەوێ جەردەیـە گرتمـی
چیـت پێیـە..؟ وتـم خامـە و و نامـە و کوڵەباڵـێ
پەیمـان بـوو کـە بێیـت و بـە تەمابـم شـەو و ڕۆژێ
وا عومـری تەمابـوون، بەفەناچـوون، چـووە سـاڵێ
بـۆ چاوی سـەبووریم لـە دەمـی غوربـەت و دووریم
بـا پێمبـێ گوڵـم هیـچ نەبـێ لـەو پەرچەمـە، تاڵـێ

تۆ گۆشــت و بەزە جەســتەت و من ئێسک و پروسکە
قەیــدی چییــە، لاو لاو لــە دیــواری ڕەقەئاڵــێ
دیقەت بدە من (مەی)م و ئەتۆش هەر وەکو هەنگوین
بــا تێکەڵــی یــەک بیــن، مــن و تــۆ، شــیرن و تاڵــێ
ئــا.. بمکــوژە پێــم خۆشــە، بــەڵام نەتدەنــە دادگــا
بــۆ شــوێنەونی چاکتــرە گــەر بمخەیــە چاڵــێ
خــۆ ژانی عیشــق (کــوردۆ) ئەوەند قورســە لــە بەریا
خــۆی ناگــرێ بــە ئاســانی مەگــەر ڕۆســتەمێ، زاڵــێ

١٩٩٣

# تلانەوە

ئـەم زەمانــە، بــێ ئەمانــە، ڕۆژ و شــەو دەخولێتــەوە
هێند بەڵای لێ بارە ماڵی گشــت کەســێک دەگرێتەوە
دوێ دەمــە و ئێوارە جەســتەم ســۆزی لێ بــاری لە پڕ
ئــەو پــەری یــارە تومــەز دیــارە و لــە کانــی دێتــەوە
چەنــدە شــیرینە قوڵنگــی عیشــقی شــیرین هەڵگری
ڕوو لە بێستوون کەی بە پرچی لوولی وەک هی شێتەوە
گــەر بە خۆزگا ئیش تەواو ببوایە ئەمشــەو وەک گوڵاو
خــۆم دەپرژانــە بــەرۆک و تویــی بەتانــی و جێتــەوە
هــۆ وڵاتــی عاشــقان و ماشــقان و دڵتــەڕان
ئەم هەموو عیشــقە چیە دەڕژێ لە (شارو دێ)تەوە..؟!
لــەم گەڵاڕێزانــەدا، ئەمــڕۆ، گوڵێکــم ئــاڵ و نــەو
چونکە دوێنێ شــەو لە خەوما گوارە بــووم بە گوێتەوە
من هەموو جەســتەم لە عیشقی پڕ لە کڵپەت قوڵپەدات
هۆ زنــەی ئاوی حەیــات، بێــم دەم بنێمــە کوێتەوە..؟
پێی بڵێن بەو یارە، گەر هات، زامی (کوردۆ) چارەکات
حەیفــە تاکــو کەی بــە تەنیا و بێکەســی، بتلێتــەوە..؟!

١٩٩٥

# مردن لە گوڵچنینا

شـەوگارە تـارە دنیـا، دەنگـی شـەپۆلی شـینە
خـودا هـاوارە دڵبـەر لـە کـێ چـووە بـە قینـا
شـەوم خـەوم دەبـات و ڕۆژم خەیاڵەکانـم
مـات و ڕەنجیـدە جانـم، غەرقـم لـە نێـو برینـا
بێهۆشـی دڵپەرۆشـی، شـۆخێکی گوڵفرۆشـم
گوڵـی کەمتـر بەدڵمـە، خـۆی زیاتـر نازەنینـە
سـەبا نەبـا لـە شـەودا، ئەگـەر بۆنـی بەرۆکـت
بـە ڕۆژ ڕێحانـە گیانـە، نـە جێگـای ئافەرینـە
دووچـاری مـاری هـاری، یـاری ئەگریجـە خـاوم
میسـالی بەختـی فەرهـاد، لـە نێـو زوڵفـی شـیرینا
ئەگـەر خومگـەر ببینـێ، زوخـاوی نـاوی جەرگـم
چـاوی هـەردووک دەخنکێـن، لـە ئەشـکی ئاگرینـا
بە قەسـتی دەسـتی بـرد و دوگمـەی یەخـەی ترازان
سـەری کردم بە (جودی) و سـینەم بە (توور)ی سـینا
شـەپۆلی گۆلـی پرچـی لـە گـۆی مەمکـی خشـا بوو
گرێـک دەیـدا لـە هـەور و گـولاو دەڕژا لـە سـینە
چ دڵبەرێکـە ڕێکـە بەژنـی چەشـنی چنـارە

**سـینگی باخــی بەهــارە، گـەردن وەک شوشــی مینــا**
**لــە داوی پرچــی خــاوی دەرچــووم و تیــری لێــی دام**
**زیندانەکـەم تـەواو بـوو، پێکـرام لـە نێـو کەمینـا**
**زەمــەن چەمەن ســەوز کات (کوردۆ) لەگــەڵ نیگاری**
**چەنــد خۆشــە کاتــی یــاری، بمــرێ لــە گوڵچنینــا..!**

١٩٩٥

# ماچ

شـەو هـات و منـی مـات و دڵـی پەسـتی نـەدارا
دادگـا نەکرایـن، بێخـەوی کردمانـی بـە دارا
خەڵکینـە بەسـە، سـەر مەکەنـە جەرگـی حەزینـم
عاشـق کـوڕی دەشـتە، کـەی و کێ مـاوە لە شـارا..؟
پرچـی وەکـو نـارت، دەگرێـت بەژنـی چنـارت
ئـەو نـارە چ نارێکـە، دەپـرژێ بـە چنـارا..؟
(قانوون)ی نییـە، (دوونی)یە هەر پیشـەیی گەردوون
یـەک تێـر و پـڕ و پۆشـتەیە، سـەد ڕووت و نـەدارا
تـۆم لابـی بەهاریـی دەگـەڕێ پاییـزی عومـرم
لاشـم نەبـی تـۆ، پاییـزە عومـرم لـە بەهـارا
دەرهاتـی ئەگـەر هاتـی بـەرە و خانەیـی ماتـم
خـۆم خۆڵـی بـەری پاتـم و (خۆشـی)م وەکـو گـارا
سـووتام و لـە جـێ مـام و گـڕ و دووکەڵی جەسـتەم
وەک شـیعری خەیـام ڕۆی گەییـە شـام و بوخـارا
شـەو بوو دەمـی خەو بوو، بە تەمای سـینگ و بەرۆکی
دەسـتم چـووە ئاقـاری ملـی لێـم چـووە قـارا
(کـوردۆ) کـە دڵـی فێنکـە گوفتـاری شـەکربار
ماچـی دەمـی تـۆی کـردووە دوێنـێ لـە نسـارا..!

١٩٩٣

# دەیجووری عیشق

ئەوانەی وا لە عیشـقتدا تەواو سەرمەست و پەرپووتن
لــە ڕۆژا دیلــی بســکانت، لە شـەودا بەندەیــی ڕووتن
لــە دیمەنــدا ئەگەرچــی خــۆ پەرێشــان و پەشــێواون
لە جەوهــەردا بەهیوای تۆ دەڵێی یاقــووت و زمڕووتن
وەلــێ بۆ مــن لە کێڵگەی ســینەما برژانــگ و زوڵفانت
دەمی خەرماشــەن و دایم شــپرزە و هەڵوەدای جووتن
بە بەردەمما دەڕۆیت و دێی دەبینم هەردوو پێت سوورن
نزانــم خوێنــی دڵ، یا جەرگی پەرپووتــن، وەیا پووتن
منی مەهجوور عەزیزی گیان پەرێشان و زەدە و برسیم
بفەرمە ڕەحمێ لەو لێوانە گەر یاقووتن، یا ((قووت))ن..!
لــە دەیجور و خەم و هیجرانی نێو عیشــق و موحیبەتدا
نە هەر (کوردۆ) هەزارانی تریش دڵسووتی گێسووتن..!

١٩٨٨

# قوڕپێوان

مەنجەنیقە عیشـقی تـۆ بێــم ڕوو لە ئەو ســووتانەکەم
دیــارە پێمخۆشــە کــە تەمســیلی شــەوی پەروانەکەم
تــۆ دەڕۆی دەگریم، دەڵێی نــا، ڕۆژی خۆت ئاوا مەکە
ســەیرە نازانم بە شــەو چۆن ڕۆژی خۆم ئاوا نەکەم..؟
جەســتەمی ســوور کرد و ماچێکم لە جیاتی لــێ ڕفاند
پێی وتم شــەرت بــێ دەبێ قەت گەردنــت ئازا نەکەم
شــەو قەڵای مێردانــە ئەمما من کە غوربــەت بمکوژێ
چۆن نەبم بێــزار و چۆن زاری لە ڕووی یەڵدا نەکەم..؟
چــی لەبــم دێنــم لەبــت بمــژم دەڵێــی لا وامەکــە
جارێکیــش لــەب نایەنیــت، تاوانەکــەم، باوانەکــەم..!
هــەوری چــاوم پێم دەڵێ تۆ بۆچ ســکاڵام لــێ دەکەی
یار کــە کێڵگەی تینووە من چــۆن دەتوانم دانەکەم..؟!
هەرکەخوێن بەرچاوی بگرێ وبێت ئیتر (کوردۆ)ی هەژار
شین دەگێڕێت و دەڵێ چۆن کاتێ ئەو دێ، وا نەکەم..؟!

١٩٨٨

# قەفەس

نــە ســێڵاوم نــە ســەیلی چــاوم و عاشــق بە هەســتانم
لەبــەروەی وا زەمانێکــە پەرۆشــی دیــدە مەســتانم
خەفــەت هات و نەمابوو جێ، خەجاڵــەت بوو کەبینیتی
لە دڵما خۆت، لە پێما کۆت، پەت و زنجیر لە دەســتانم
پەیامــی پێ بــوو پەیک و تــۆ هەواڵەت کردبــوو بۆیە
دڵم ترســا کە هات، ئارامــی گرت کاتێ کە وەســتانم
هەتاو کەوت و فڕی بولبول، وتم بۆچی؟ وتی لای گوڵ
کــە هەســتا (نم) لە بێهەســتانم و بێســوودە وەســتانم
بەســەرهاتی عیشــق نەبڕایەوە هاتە زوبــان فەرمووی:
هــەژارن، بێکەســن، زســتانە من بــادە و چەرەســتانم
نەیــار و یــار و ئەغیاریش وەکو چــاوت تەحەییور مان
کە بینیمیان لە خوێنام و لە جوملەی جەســتە خەســتانم
شــەوێ ویستم کە ڕزگاربم لە تۆ، زوڵفت وتی (کوردۆ)
لەگــەڵ دڵتــا بڕۆن بــۆ ئاســمانیش هەر قەفەســتانم..!

١٩٩٠

# خەمی خاڵ[7]

سـەر پـڕ لـە خەمی خـاڵ و چـاو ئاگـری شـەیدایی
یـار چەشـنی نـەوەی زاڵ و بێڕەحـم و لـە خۆبایـی
خۆت گێـل مەکە بەسـێیێتی، زۆر مردنـی ڕووی گێتی
باعیسـی گەلێـک شـێتی، تەنیاییـە تەنیایـی
ڕێگـەم لەبـەرە و دێـم و سـووتانە دەسـووتێم و
گۆرانییـە دەیڵێـم و هـەر ناگەمـە ئاوایـی..
وەک پرچـی ڕەش و تـارت وەک ڕوومەتی گوڵنارت
ئەوقاتـی ئەویـندارت هـەم شـیوەنە هـەم شـایی
بێخوێنـی ڕەنگـی بـردم، یارهـات و دەسـی گرتـم
تەوقـەی کـە لەگەڵ کـردم، خوێنـم لە بـەدەن زایی
گـەر دڵ بـووە میوانـت، تـوڕەی مەکـە تـو گیانـت
دەسـتی مـن و دامانـت، مشـکیلەیە لێکجیایـی
هـەر کـەس دڵـی پڕجۆشـە، تەنیایـە سیاپۆشـە
چی هاودەمی بێت خۆشـە..؟ شـیعری تەڕی سەودایی
دەروێشـی دڵی تەڕ بووم، تینووی دەمی خەنجەر بووم
گریـام لـە خەڵـک دەربـووم، کارم کـە نەبـوو ڕایی
(کـوردۆ) کـە برینـدارە، جەسـتەی پـڕی هـاوارە
هیـچ بـۆی مەگەڕێـن چـارە، گیرنایـە بـە خۆڕایی..!

١٩٩٣

# شوعلەی عیشق

**نیگـار سـەیری ئەویندارانی خـۆی کرد و نەبـوو بایی**
**ئیتـر کۆژانـی ڕۆژانـی هەموومـان هاتـە کۆتایـی**
**سەری سەودای سەما پێ خست و سامانی سەری بردم**
**گەهێ شـێتی شـەوی شـارم، دەمێ هـی ڕۆژی ئاوایی**
**دەهۆڵ و دووزەلە و زوڕنا کپ و بێنەشئە بوون سەرجەم**
**کە یار پاشـایی هات شـایی خرۆشـا و جۆشـی تێزایی**
**بە شـوعلەی عیشـقی پڕتاوی وەها شـێواو و سووتاوم**
**لە جەرگم خوێن دەبارێت و لە چاوم ئەشـکی بێدوایی**
**کـە دڵبــەر پێکەنـی زوو دڵ بەری گـرت و وتی یاران**
**گەلێکم خوێن ڕژا هیچ کـەس بە هیچ نابێ لە خۆڕایی**
**مەڕەنجـێ تۆ بڕەنجـی گەنجی ڕەنجی مـن بەبا دەڕوا**
**دەبێ چەشـنی هەتیو بگریـم لە پاڵ دیـواری تەنیایی**
**سروشـتی دوونە گەردوون، گەر دڵت ڕوحم نەلاوێنێ**
**گوڵـی عومـرم دەژاکێنـێ، خـەم و ئـازاری ڕاڕایـی**
**بەبـێ عیشـق و ئەوینی تۆ ژیان بێ فەرقـە بۆ (کوردۆ)**
**چ ئاوبێت و چ ئاگربێت، چ شـیوەن بێت و چی شایی..!**

١٩٨٨

ئەم شیعرە لە لایەن هونەرمەندی دەنگخۆش (نەجمەدین غوڵامی)یەوە ئاوازێکی جوانی بۆدانراوە و کراوە بەگۆرانی.

# پێنج خشتەکی لەسەر شیعری ئەدەب

بەختــی مــن لەو وەختــەوەی ئالآیــە پرچی شــەوتەوە
ئــەم دڵــەم وەک جەژنی نــەورۆز ئاگری لــێ کەوتەوە
داوی دەســتم هــەر نەئالآیــە ملــی وەک کەوتــەوە
(دڵ لە حەسرەت غەمزەکەی دوو نەرگسی پڕ خەوتەوە
وەک خەمی زوڵفت عەزیزم چــوو بە ڕوودا کەوتەوە).

❋ ❋ ❋

بای نەســیم گیانا لە پرچت پڕ چنگێک (بۆ)ی گرتبوو
لەشــکری عەتر و گوڵاو دەشــت و کەژ و کۆی گرتبوو
خەو ئەگەرچی وەک قەبر دنیای لە کۆش خۆی گرتبوو
(تفلــی دڵ چونکــی گڕووی قەندی لەبــی تۆی گرتبوو
دوێ شــەوێ تــا ڕۆژ هەدادانــی نەبوو نەســرەوتەوە).

❋ ❋ ❋

بـۆ عیلـم گەرچـی بگاتـە شـاری چینـێ، شـێخی مە
گەرچـی گاڵتەی بێ بەگریـەی دڵ برینێ، شـێخی مە
پێکەنیـت قاقـا بەعیشـقی مەهـ جەبینێ، شـێخی مە
(مەسـحەفی خۆشـخەتی کوڵمت گەر ببینێ، شێخی مە
کافـرە گـەر بـۆ سـوێندیش بچتـە نێـو مزگەوتەوە)

❋ ❋ ❋

هـەر مناڵ بـووم ئەو پەری یـارە بە تیری دەسـخەتی
لەوحەیـی ڕوحـی شـەلاڵ کردم لـە عیشـقێکی پەتی
دوودڵـی ناکـەم لەبـەر پێیـدا، بـەڵام بـۆ نەگبەتـی
(مەنعـی سـوتانم دەکا ئەبلەهـ لـە عیشـقی ڕوومەتی
چۆن نەسـووتێم ئـەو بە ئاور مـن بە بـارێ نەوتەوە).

❋ ❋ ❋

عەتـرە بارێنـێ گوڵـی ئاڵـی دەمـت، قوربانتـم
بۆیـە وا شـیرین بـووە شـێوەی شـەمت، قوربانتـم
مـن دەسـم ناگاتـە پاشـای پەرچەمـت، قوربانتـم
(دڵ ئـەوا کەوتۆتـە زیندانـی خەمـت، قوربانتـم
تایەکـی زوڵفـت بنێـرە بەڵکـو بـۆم دەربێتـەوە).

***

بەخت و باخی عاشقان گشـت هەرنەهاتە و بەرنەهات
تـا بەکـەی دڵمان لە دووریـت شـیوەن و زاری بکات
هۆنیگارەی گوێ بەگوارەی موعجیزەی سەر ڕووی بسات
(ماچی کوڵمـەت قوتە بۆمە، گەنجی لەب ئاوی حەیات
هـەر حەیاتـێ بـۆ مەبـێ یـا لەمتـەوە یـا لەوتـەوە).

***

مەجلیســی یارانە بێن کوڕگەل دەفی عیشــق لێ بدەن
وەســیەتی پیــری دڵــی هێنــاوە قاســید، ڕێ بــدەن
شــاهی من بە خــوا عەزیــزان زوڵمە جوێنــی پێ بدەن
(نســبەتی زوڵفــی لەگــەڵ حەڵقــەی زرێ نابــێ بدەن
لەحنــی داوودی چ دەخڵێکــی بەدەنــگ و صەوتەوە).

* * *

دڵبــەرم لەیلاخــووە، زین شــێوەیە، شــیرین نەســەب
چی لە کوڵمی خۆشە (کوردۆ)..؟ تاقە یەک گازێ بە لەب
هیچ شــتێک هەرگیز نیــە و نەبووە لە ژینا بێســەبەب
(گەر دەڵێن ئەمڕۆ قسەت بۆ هێندە شیرینە —ئەدەب–
شــەککەر ئەفشــانە لەبــم جانــا لــە ماچی شــەوتەوە).

١٩٩٧

# پێنج خشتەکی لەسەر شیعری مەحوی

تەمەن بێهودەیە و بێسوود، خەفەت دێنێت و خۆشی، نە
نەخـۆی تەفرە کەوا ئەمڕۆکە شـاخ و باخ و کۆ، شـینە
لەهەرکوێ‌هەڵدەخەی‌گوێ،هەرفوغان‌هەرڕۆڵەڕۆ،شینە
(لـە ڕۆژێ هەڵـدرا ئـەم کۆنە خەیمەی تان و پۆشـینە
لە سـایەیدا شەرابی بەزمی عوشـرەت گریە جۆشینە).

❊ ❊ ❊

لە حەسرەت داخی جەرگ و ئەشکی چاو و ئاگری سینە
شـەوانی عاشـقان تاکـو سـەحەر دێ ئاهــ و ناڵینـە
فەلەک ڕەحمی بەکێ کرد..؟ ئای کەچەن دڵبەرد و بێدینە
(دەبینی جێیـەک ئەمڕۆ بەزمی عەیش و بادە نۆشـینە
سـبەینێ زوو زەمانـە وەزعـی گۆڕیـوە، لە نۆشـینە).

❊ ❊ ❊

ئـەرێ ئەی عاشـقانی دڵپەرێشـان و کـز و مەبهووت
نەمانزانی کە کێوی (توور) لە ترسا یان لە عیشقا سووت
ئەدی پایز لە تاوی کێیە وا ڕەنگ زەردە شـانی ڕووت
(لە کێ پرسـم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یاقووت
عەزا پۆشـی چییـە و کێیە جلـی پیرۆزە بۆ شـینە..؟).

❋ ❋ ❋

لە کوێن کوان عاشقان بێن پێکەوە و گشت ڕوولە دینێ کەین
دڵـی هـەر لالەیەکی شـۆخ بـەراوردی برینـێ کەین
هەتا ئاگر لە گەردوون بەردەدەین ئاهـ و ئەنینێ کەین
(بەهارێکی کە، داخۆ بێ نەیێ هەی بێن و شـینێ کەین
فەلەک هەر شـینە سەحرا شینە کێو و لێوی جۆ، شینە).

❋ ❋ ❋

نەسیم بۆی سینگی هێناوی وەیا بۆی زوڵف و گێسووتن
کـەوا بـەم صوبحە پاکـە عالەمێ کەوتوونەتە سـووتن
لە دەرگەی عیشقی یار شاهـو گەدا چەشنی یەکن جووتن
(وتم بۆ ڕووت و پووتن ئەو کەسـانەی عاشـقی ڕووتن
وتی شـان و شـکۆهی زیندە دڵ هەر ژەندە پۆشـینە).


❊ ❊ ❊

لە وێستگەی چاوەنۆڕی ماینەوە و ماین و تەمەن دەڕوات
نە، تیرێکت لەسەر داین و نە بووینە خۆڵەکەی ژێر پات
وەرن یـاران بناڵێنیـن، بگریەیـن بـا زەبـوون و مات
(صەفای صافی جوانی ڕۆی و دووردی دەردی پیری هات
خوماریێ ماوە بەس ئەمشـەو لە بادەی بەزمی دۆشینە).

❊ ❊ ❊

ئــەرێ (کــوردۆ) لە دنیا کــێ هەیە مل بــۆ قەفەس نادا
کە ژین خەون و خەیاڵە مانەوە تیای، وەهمە دەس نادا
مەرگ هێند دڵڕەق و بێڕەحمە ماوەی یەک نەفەس نادا
(کوڕی بێ، تاســەر ئەم دایەی زەمانە مەمکی کەس نادا
کە صەعبە شیری شەفقەت «مەحویا» لەم شێرە دۆشینە).

١٩٩٧



## بەرهەمە چاپکراوەکانی محەمەد کوردۆ

١- خورپەی ناخ،ناميلکەی شيعری بەرباخەڵ ١٩٩١

٢- هۆرەی قەڵا، بەرهەمی هاوبەش ١٩٩٢

٣- چرپەی دڵ، ناميلکەی شيعری بەرباخەڵ ١٩٩٨

٤- ئەفسانەی پايز، شيعر ٢٠٠٠

٥- چرپەی ناخ، شيعر ٢٠٠١

٦-ژنێک دەمرێ و پياوێک بەچراوە نايە، شيعر ٢٠٠٥

٧-گەڕان بەدوای شيعرو جياوازييدا، لێکۆڵينەوەی ئەدەبيی ٢٠٠٦

٨-لالەزاری وشە، کۆمەڵێک رەخنەو بابەتی ئەدەبيی ٢٠٠٧

٩-لەئيرادەی مەرگەوە بۆ ئيرادەی ژيان و دنيای خەونە گەورەکان، لێکۆڵينەوە ٢٠٠٨

١٠- ژەنەراڵی خۆشەويستی، شيعر ٢٠٠٨

١١- جوانی و جياوازی، لێکۆڵينەوەی ئەدەبی ٢٠٠٩

١٢- بۆنی بەختەوەری، شيعر ٢٠١٠